



بنیاد شیرین عبادی
SHIRIN EBADI
FOUNDATION


ماف بەزمانێکی ساکار

# مافەکانی بەندکراو

پێداچوونەوەی دووهەم | بە پێی یاسا نوێکان


مەهناز پەراکەند

وەرگێڕ: سمکۆ خەلیلی

-

بنیاد شیرین عبادی
SHIRIN EBADI FOUNDATION
www.shirinebadifoundation.org
https://t.me/shirinebadiofficial

دامەزراوەی شیرین عیبادی
SHIRIN EBADI
FOUNDATION

ماف بەزمانێکی ساکار

# مافەکانی بەندکراو

نووسەر
مەهناز پەراکەند

وەرگێڕ
سمکۆ خەلیلی

١٤٠٢
2023

بنیاد شیرین عبادی
Shirin Ebadi Foundation

# مافەکانی بەندکراو

The prisoner's right

پێداچوونەوەی دووهەم
بە پێی یاسا نوێکان

ناوی کتێب: مافەکانی بەندکراو
ماف بە زمانێکی ساکار

نووسەر: مەهناز پەراکەند

وەرگێڕ: سمکۆ خەلیلی

بەڕێوەبەری هونەری: بیـدار

بڵاوگە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئیلکترۆنی دامەزراوەی شیرین عیبادی
www.shirinebadifoundation.org

کەڕەتی چاپ: دووهەم، ئیلکترۆنی: ١٤٠٢

ⓗ مافی لە چاپدانەوەی بۆ بڵاوگە پارێزراوە.

© Shirin Ebadi Foundation 2023

# پێڕست


بەرایی ـــــــــ ٦
پێشەکی ـــــــــ ٧
ڕێکخراوەکانی سزا و جۆرەکانی ـــــــــ ٩
تۆمەتبار کێیە و مەحکووم بە کێ دەڵێن ـــــــــ ١٠
یاریخواز کێیە؟ ـــــــــ ١٠
جیاوازیی بەندیخانە دەگەڵ گرتووخانە ـــــــــ ١١
جۆرەکانی گرتووخانە و دۆخی تۆمەتبار ـــــــــ ١٤
کانوونی چاکسازی و پەروەردە ـــــــــ ١٧
مافەکانی تۆمەتبار لە گرتووخانە ـــــــــ ١٩
هەنگاوە سەرەتاییەکانی وەرگرتن لە ـــــــــ ٢٠
پشکنینی جەستەیی ـــــــــ ٢٣
کەلکوەرگرتن لە کەلوپەلی تایبەت و ڕاگەیەنە گشتییەکان ـــــــــ ٢٣
کەڵکوەرگرتن لە کامپیوتێر و مۆبایل ـــــــــ ٢٥
مەرجەکانی ڕاگرتنی بەندی ـــــــــ ٢٦
پلەبەندیبەندییەکان ـــــــــ ٢٧
جیاکردنەوەیبەندی ـــــــــ ٢٩
منداڵی دایکانی بەندی ـــــــــ ٣٢
بەهرەمەندی بەندی لە پێداویستییەکانی ـــــــــ ٣٣
جلوبەرگی بەندی ـــــــــ ٣٦
بەندیی نەخۆش ـــــــــ ٣٦
بەرنامەی ڕۆژانەی گرتووخانە و بەندیخانە ـــــــــ ٤٠
پشکنینی شوێنی ڕاگرتنی بەندییەکان ـــــــــ ٤٣
پووڵی نەغد یان بەڵگەی بە نرخی بەندی ـــــــــ ٤٤
هێمنایەتی بەندی ـــــــــ ٤٥
خۆراکی گرتووخانە یان بەندیخانە ـــــــــ ٤٦
فرۆشگەیبەندیخانە ـــــــــ ٤٨
تەندروستی ئاسایشگاکان ـــــــــ ٤٩
پارێزەری بەند ـــــــــ ٥٠
بەندیی نەخۆش ـــــــــ ٥٠
مانگرتن لە بەندیخانە ـــــــــ ٥٥
بیمەی بەندی ـــــــــ ٥٧
کۆچی دوایی بەندی ـــــــــ ٥٩
بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکانی بەندیخانە ـــــــــ ٦٠
مەرەخەسی بەندیخانە ـــــــــ ٦٣
کار و فێربوونی کار لە بەندیخانە ـــــــــ ٧٠
سەرپێچی و تەمبێ کردن ـــــــــ ٧٦
نامە و نووسراوەکانی بەندی ـــــــــ ٨٤
دیداری بەندی ـــــــــ ٨٨
ڕاگواستن و بەڕێکردنی بەندی ـــــــــ ٩٥
ڕێسای بەڕێوەبەری گرتووخانە ئەمنییەکان ـــــــــ ٩٨
ڕێسای بەڕێوەبەری گرتووخانە کاتییەکان ـــــــــ ١٠٢

# بەرایی

◆«بنیاتنانی«بەندیخانە» لە جیهان و ئێراندا بە ئامانجی پەروەردە و ڕاهێنان هاتۆتە ئاراوە نەک سزادان؛ هەر وەها بە مەبەستی ئێمکانی وێکهاتنەوەی هەڵسوکەوتی کەسی بەندکراو لەگەڵ کۆمەڵگا. بەم پێیە ڕێساکانی پێوەندیدار لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە و مافەکانی کەسی بەندکراو جێی بایەخن و دەبێ بە پاراستنی کەرامەتی ئینسانی، کەسی بەندکراو ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی دیسان بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا.
ئاسایش و سلامەتی کەسی بەندکراو لە کاتی چوونە ژووریەوە، لە ئەستۆی سەرۆکی بەندیخانە و ئەو بەرپرسانەدایە کە بەندیخانە لە ژێر چاودێری ئەواندا بەڕێوە دەچێت. بەندیخانە دەبێ تەیار بێت بە کتێبخانە و کارگەکانی پەروەردەیی و ئەگەر کەسی بەندکراو بیهەوێ درێژە بە خوێندن بدات دەبێ کەرەستەی پێویستی خوێندنی بۆ دابین بکرێت. ئەگەر بەندکراوێک بە هەڵسوکەوتی بیسەلمێنێ کە ڕەوایی سازانی لەگەڵ کۆمەڵگا و ژینگەی خۆیدا هەیە دەتوانێت لە هاندەری وەکوو: ئازادی مەرجدار و مەرەخەسی و هتد بەهرەمەند بێت. بێبەشکردنی کەسی بەندکراو لەو مافانەی لە ڕێسا پێوەندیدارەکانا بۆی لە بەرچاو گیراوە، قەدەغەیە و کارگێڕی تاوانکار دەبێ وڵامدەری کردەوەی خۆی بێت.
ئەو خالانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، ئەو کاتە مەیسەر دەبن کە کەسی بەندکراو مافەکانی خۆی بزانێت و خوازیاری دەستەبەربوونیان بێت. هەر بۆیە زانیاری لە سەر کۆمەڵە یاسا و ڕێساکانی پێوەندیدار زۆر پێویستە و بەم پێیە، مەهناز پەراکەند کە پارێزەری دادگایە کتێبی «مافەکانی بەندکراو»ی بە زمانێکی سادە و ساکار نووسیوە و لە لایەن بەشی بڵاوگەی «دامەزراوەی شیرین عیبادی»ەوە ئامادە کراوە و هەمووان دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن.

بە هیوای ئازادی هەموو بەندکراوان بە تایبەت بەندکراوانی سیاسی و بڕوایی
**شیرین عیبادی**

# پێشەکی

هەر هاووڵاتییەک بە زانیاری لە سەر مافە یاساییەکانی خۆی دەتوانێ لە بارودۆخی نائاساییدا، بۆ دەستەبەری مافەکانی بەڵێنی گونجاوتر بدات. لەم کتێبەدا ئاماژە بە هەندێک یاسا و ڕێسا و چەمک کراوە کە بە گشتی هەموو ئەو کەسانەی تۆمەتبار دەکرێن پێویستە بیزانن. بە ئاگاداری لەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەندێ لە گیراوان -بە گشتی تۆمەتباری دەسبەسەرکراو و حوکمدراو بە بەندیخانەی وەکوو بەندکراوانی سیاسی و بڕوایی- نە تەنیا یاسا پەسندکراوەکانی خۆی و پەیمانە نێونەتەوەییەکان بەڕێوە نابات بەڵکوو بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی سەرەڕۆی، دەستوور و ڕێسا دەرکراوەکانیش پێشێل دەکات. نووسەری ئەم دێڕانەش ئاگاداری ئەوە هەیە کە ئەشکەنجە و ئازاری بەندکراوان لە گرتووخانەکان و ناوەندەکانی چاکسازی و هتد وەکوو کارێکی ئاسایی و باوی لیهاتووە.

ڕێژەی مشتومڕی نێوان بەندکراوان و خۆکوژی و مەرگیان بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشیی جەستەیی و دەروونیی بێدەرمان تەنیا لە بەر ئەوەی یاسا و ڕێساکان بە جوانی بەڕێوە نابەن، هەر وەها ڕاگواستنی هەندێ لە بەندییە نەخۆشەکان بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی بەندیخانە لە ساتەوەختێکدا کە بە هۆی پێڕانەگەشتنی دروستی پزیشکی و ڕانەگواستنی لە کاتی خۆیدا بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی بەندیخانە چۆتە کۆماوە (وەکوو بابەتەکەی «بێهنام مەحجووبی» دەروێشی بەندکراو) یان بە هۆی هەڵدانی شێرپەنجەوە کەوتۆتە دۆخێکی مەترسیدارەوە (وەکوو «عەلیرەزا ڕەجایی» بەندکراوی سیاسی پێشوو)، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بڕوایان بە یاسا و ڕێساکان نییە.

بە سەرنجدان بە هەڵسوکەوتە نایاسایی و دژە مرۆییەکانی بەرپرسە حکوومییەکان لەم ساڵانەدا بە جوانی دەردەکەوێت کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە نووسینی یاسا و ڕێساکان، تەنیا بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەییە و لە یاسا و ڕێساکان تەنیا وەک پۆشەنێک کەڵک وەردەگرێت بۆ داپۆشینی ڕوخساری ملهوڕی و توندوتیژانەی دەسەڵاتەکەی و فریودانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی.

بەڵام گومان لەوەدا نییە کە زانیاری لە سەر یاسا و ڕیساکان پێمان دەڵێ هەر کەسێک -چ تۆمەتبار بێ چ بەندکراو- هەندێ مافی هەیە کە بە کارهێنانیان و کەڵکوەرگرتن لێیان و پێڕاگەیاندنیان ئەرکی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و بەرپرسانی پێوەندیدارە. زانیاری لە سەر یاسا و ڕێسای بەندیخانەکان فێری ئەوەمان دەکات کە مەحکووم بوون بە سزا، نابێتە هۆی ئەوەی وەکوو بەندکراوێک لە مافی ئینسانی و هاووڵاتی بوونمان داماڵرێین. بەڵکوو فێری ئەوەمان دەکات کە بەرپرسی بەندیخانە و گرتووخانە کاتییەکان تەنیا لە سەریانە لە چوارچێوەی بڕیاری دەرکراودا بەندکراو ڕابگرن. فێری ئەوەمان دەکات کە هەر جۆرە لێدان و ئەشکەنجەیەک، یان سنووردارکردن و بەربەستدانان بۆ کەسی بەندکراو، یان بنەماڵە و کەس و کاری، پێچەوانەی یاسایە و لێپرسینەوەی ئینتیزامی و سزایی هەیە.

بەم پێیە شارەزایی لە یاسا و ڕێساکاندا، یاریدەمان ئەدات بۆ ئەوەی بە هێزەوە و بە متمانەیەکی زیاترەوە داوای مافی خۆمان بکەین و لە بەرانبەر پێشێلکاریی مافی ڕەوای خۆمان بێدەنگ نەبین و بە گوێرەی توانا ئەو پێکهاتە دەمارگرژ و سەرکوتکەرە ناچار بکەین بەوەی کە لانیکەمی یاسا و ڕیسای پەسندکراوی خۆی بەڕێوە ببات.

کەواتە، لەم کتێبەدا هەوڵم داوە بە زمانێکی سادە وڵامی پرسیارە باوەکانی ئەم بوارە بدەمەوە؛ بە چەشنێک کە بۆ ئەو کەسانەش وا لە بواری ماف و چەمکەکانی مافدا زانیارییان نییە کەڵکی هەبێت.

مەهناز پەراکەند
پارێزەری دادگا

## بەندیخانە، گرتووخانەی کاتی، ئۆردووگای کاردەرمانی و کانوونی چاکسازی و پەروەردە

یەکێک لەو بابەتانەی کە لەوانەیە هەر تۆمەتبارێک بەرەورووی ببێتەوە، ڕاگواستنی بۆ گرتووخانە یان بەندیخانەیە. ئەمە لەوانەیە بە هۆی بڕیاری دەسبەسەری کاتی، یان بڕیاری دەستەبەرییەکی دیکە بێت کە بۆتە هۆی دەسبەسەربوونی. بۆ نموونە نەتوانێ ئەو بارمتە یان ئەوکەفیلەی بۆی دیاری کراوە دەستەبەری بکات و ناچار بێ بچێت بۆ گرتووخانە یان بەندیخانە.

بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان بە پێی چەند دەستوور، مافی تۆمەتباران و حوکمدراوان بە بەندیخانە و هەر وەها ئەرکی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و بەندیەوانەکانی پێشبینی کردووە. ئەم ڕیسا و ڕێوشوێنانە بریتین لە: «ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵی ئاسوودەیی و پەروەردەیی»، «ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەی ئەمنی و گرتووخانەی کاتی» و ڕێسای «چۆنیەتی جیاکردنەوە و پلەبەندی بەندکراوان».

بە گوێرەی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان، بەرپرسانی گرتووخانە و بەندیخانەکان لە سەریانە هەر لە سەرەتای چوونە ژووری کەسی دەسبەسەرکراو یان بەندکراو بۆ شوێنی بەندکردن، ڕوونووسێکی بدەن بە کەسی دەسبەسەرکراو یان بەندکراو. بە داخەوە لە گرتووخانە و بەندیخانەکانی ئێراندا ئەم بەشە لە ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان بەڕێوە ناچێت. هەر بەو جۆرەی کە زۆربەی بەشەکانی ئەم دەستوورە لە بواری مافەکانی تۆمەتبار و حوکمدراو و ئەرکی بەندییەوان لە بەرانبەر بەندکراواندا بەڕێوە ناچێت. هەر بۆیە زانیاری لە سەر ڕێسا و ڕێوشوێنەکان یارمەتیدەرن بۆ تۆمەتباری دەسبەسەرکراو و حوکمدراو بە بەندیخانە سەبارەت بە مافەکانی لە گرتووخانە و بەندیخانەکانی وڵاتدا.

بەشێک لە ڕێسا و ڕێوشوێنی بەڕێوەبەرایەتی دەپەرژێتە سەر گرتووخانە و بەندیخانەکان و دام و دەستووری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان، بەشێکی دیکەیشی پەرژاوەتە سەر ڕوونکردنەوەی مافی تۆمەتبارانی دەسبەسەرکراو و حوکمدراو بە حەپس لە گرتووخانە و بەندیخانەکانی وڵاتدا، هەر وەها ئەرکی بەرپرسانی

گرتووخانە و بەندیەوانەکان لە بەرامبەر تۆمەتباران و بەندکراواندا. چونکوو مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە کە بپەرژێتە سەر مافەکانی تۆمەتباری دەسبەسەرکراو و مەحکوومی بەندکراو و هەروەها ئەرکی بەندیەوان و دەسبەسەرکار لە ئاست ئەواندا. هەوڵ دراوە ئەم بەشە لە ڕێسا و دەستوور بە زمانێکی سادە و ساکار بێتە بەر باس.

**لە بابەتی مافەکانی تۆمەتبار و حوکمدراو بە حەپس، دەبێ سەرەتا هەندێ چەمک و دەستەواژەی پێوەندیدار ڕوون بکرێنەوە.**

## تۆمەتبار کێیە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ حوکمدراو بە بەندیخانە هەیە؟

بە کەسێک دەڵێن «تۆمەتبار» کە لە قۆناخەکانی سەرەتایی لێکۆڵینەوە و پێڕاگەیشتنی تاواندایە. تۆمەتبارلەم قۆناخەدا تەنیا گومانی ئەوەی لێ دەکرێت کارێکی کردبێت کە لە قانووندا بە «تاوان» لێکدراوەتەوە و سزای بۆ دیاری کراوە، بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئەو تاوانەی کردووە یان نا. لە واقیعدا تۆمەتبار لە قۆناخێکدایە کە ئیدعا دەکات بۆختانی بۆ هەڵدەبەستن و لەم قۆناخەدا هیچ بڕیارێکی بۆ دەرنەچووە.

بەڵام «مەحکووم بە بەندیخانە» یان تاوانباری مەحکووم بە بەندیخانە، کەسێکە کە لە لایەن دادوەری ئەو دادگای بە دۆسیەکەیدا ڕاگەیشتووە، تاوانەکەی سەلماوە. تاوانێکی کردووە و سزای تاوانەکەی بەندیخانەیە (تەنانەت ئەگەر دادوەری پێوەندیدار، لە ڕاگەیشتن بە دۆسیەکەیدا دادپەروەری و بێلایەنیی ڕەچاو نەکردبێت).

لەم ڕووەوە جیاوازی بنەڕەتی نێوان «تۆمەتبار» و «مەحکووم بە حەپس» یان تاوانبار، لەوەدایە کە یەکەمیان لە دۆخی شک و گوماندایە -کە پێی دەڵێن تۆمەتبار- و ئەوەی دیکەیان لە دۆخێکی مسۆگەردایە و لە دادگایشدا مەحکووم بووە بەوەی ماوەیەک بخرێتە بەندیخانە و مەحکووم کراوە بە حەپس و تاوانبارە.

## یاریخواز کێیە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ تۆمەتبار یان مەحکووم بە حەپسدا هەیە؟

بە گوێرەی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان پەسندکراوی ساڵی ١٤٠٠، بە تۆمەتبار یان مەحکوومێک دەڵێن یاریخواز کە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکەدا تەمەنی خوار ١٨ ساڵان بێت و دەبێ لە «کانوونی چاکسازی و پەروەردە»دا ڕابگیردرێ. هەڵبەت بە شێوەی باو، ئەم وشە بۆ بەندییە گەورەساڵەکانیش بە کار دێنن. (بڕگەی ج مادەی ١ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان)

## بە چ شوێنێک دەڵێن گرتووخانە و بەندیخانە؟ ئایا تۆمەتبار و حوکمدراو بە حەپس هەردووکیان لە بەندیخانە ڕادەگیردرێن؟

ڕێسای ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان، دوو شوێنیان بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار و حوکمدراو بە حەپس لە بەرچاو گرتووە:

**١. گرتووخانە**

**٢. بەندیخانە**

**١. گرتووخانە:** شوێنی ڕاگرتنی کاتیی ئەو تۆمەتبارانەیە کە بە بڕیاری نووسراوی بەرپرسی شیاوی دادوەری نێردرابێت بۆ ئەوێ تا بڕیاری کۆتایی دەردەچێت.

**بەم پێناسەکردنە، گرتووخانە شوێنێکە کە تۆمەتبارانی تێدا ڕادەگرن. واتە کەسانێک ڕەوانەی گرتووخانە دەکرێن کە:**

**ئ.** تۆمەتبار بێ. واتە دۆسییەیەک لە دادسەرا لە دژی هاتبێتە ئاراوە. کەوابوو بەرپرسانی گرتووخانە بۆیان نییە کەسێک کە هیچ دۆسیەیەکی لە دادسەرا نەبێت لە گرتووخانە ڕای بگرن. بە واتایەکی تر ڕاگرتنی خەڵک لە گرتووخانە پێش لەوەی لە دادسەرا دۆسییەی بۆ کرابێتەوە، نایاسایی و تاوانە.

**ب.** ڕاگواستنی بە فەرمانی بەرپرسی دادوەری بێت. ڕاگواستنی تۆمەتبار و فەرمانی ڕاگرتنی لە گرتووخانە دەبێ لە لایەن بەرپرسێکی دادوەری وەکوو: لێکۆڵەر یان دادیار یان دادستێن یان دادوەری دادگاوە دەرکرابێت. بەرپرسانی گرتووخانە مافی ئەوەیان نییە بە فەرمانی بەرپرسێکی نادادوەری، کەسێک وەکوو تۆمەتبار لە گرتووخانە وەربگرن یان لەوێ ڕایبگرن. تەنانەت ئەگەر

فەرمان لە لایەن سەرکۆمار یان ڕێبەریشەوە دەرکرابێت؛ چونکا ئەم جۆرە کەسانە پلەی دادوەرییان نییە و فەرمانیان بۆ ڕاگرتنی خەڵک لە گرتووخانە لە باری یاسایییەوە جێی متمانە نییە.

**پ.** ڕاگرتنی تۆمەتبار لە گرتووخانە دەبێ بە فەرمانی نووسراوی بەرپرسی دادوەری بێت. هەر بۆیە بەرپرسانی گرتووخانە بۆیان نییە بە بێ فەرمانی نووسراوی بەرپرسی دادوەری، کەسێک وەکوو تۆمەتبار لە گرتووخانە ڕابگرن و ئیدعا بکەن کە بۆ ڕاگرتنی، فەرمانی زارەکییان پێدراوە. هەر وەها بەرپرسانی دادوەریی وەکوو: لێکۆڵەر یان دادیار و بەرپرسانی دیکەش مافی ئەوەیان نییە بە فەرمانی زارەکی کەسێک بنێرن بۆ گرتووخانە.

**ت.** گرتووخانە دەبێ لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا بێت. ڕاگرتنی تۆمەتبار لە شوێنێک بە ناوی گرتووخانە کە لە دەرەوەی چوارچێوەی بەندیخانەکاندا بێت پێچەوانەی یاسایە و ئەنجامدەرانی ئەو کارە بە دواداچوونی سزایان بۆ دەکرێت. (بڕگەی ٣ی مادەی ١ی ڕێسای بەڕیوەبەرایەتی ڕێخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**ج.** گرتووخانە لە چاو بەندیخانە دەبێ لە پێداویستی باشتر بەهرەمەند بێت. (مادەی ٣١ی ڕێسای بەڕیوەبەرایەتی ڕێخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**چ.** بنەما لە سەر ئەوەیە کە تۆمەتبار لە گرتووخانەی «گشتی» ڕابگیردرێت؛ بەڵام ئەگەر بە پێویست بزانرێت کە تۆمەتبار لە یەکێک لە گرتووخانەکانی نیزامی یان ئەمنییەتی یان ئینتزامی ڕابگیردرێت، بە مەرجێک لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا بێت، ڕاگرتنی کێشەیەکی نییە.
پێویستیی دیاریکردنی ئەم کارە لە ئەستۆی بەرپرسی دادوەری یان پەسندکراوەکانی شووڕای ناوەندی پلەبەندیی بەندیخانەدایە. واتە تەنیا بە فەرمانی بەرپرسی دادوەری یان بە پێی پەسندکراوەکانی شووڕای ناوەندیی پلەبەندی دەکرێت تۆمەتبار بنێردرێت بۆ هەر کام لە گرتووخانەکانی ئەمنییەتی یان نیزامی یان ئینتزامی. (مادەی ٣١ی ڕێساکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ح. ڕاگرتنی تۆمەتبار لە «ژووری تاکەکەسی»دا لە هیچکام لە ڕێساکانی قانوونی ڕێوشوێنی سزا و ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵاتدا لە بەرچاو نەگیردراوە و ئەگەر هەر پلەوپایە و بەرپرسێک، تۆمەتبار لە ژووری تاکەکەسیدا ڕابگرێت، پێچەوانەی یاسا جووڵاوەتەوە و دەکرێ بەدواداچوونی یاسایی بۆ بکرێت.

**٢. بهندیخانه:** شوێنێکە کە لەودا ئەو حوکمدراوانەی بڕیاری حەپسەکەیان مسۆگەر بووە و بە فەرمانی بەرپرسانی شیاوی دادوەری و قانوونی، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان بۆ تاهەتایە بە مەبەستی کێشانی سزا، بە ئامانجی چاکسازی و پەروەردە یان سازگاری کۆمەڵایەتی، ڕادەگیردرێن.
بە پێی ئەو پێناسەی لە بەندیخانە کراوە، بەندیخانە تەنیا شوێنی ڕاگرتنی ئەو کەسانەیە بە حەپس مەحکووم کراون و بڕیاری مەحکوومبوونیان مسۆگەر بووە و بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بڕیارە دەبێ لە بەندیخانە وەمێنن.

لە ڕێسای ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا سەبارەت بە ڕاگرتنی تۆمەتباران لە بەندیخانە ڕیزپەڕێک لە بەرچاو گیردراوە و ئەوەیش کاتێکە کە لەوانەیە لە هەندێ شوێندا گرتووخانەی لێ نەبێت بەڵام بەندیخانە ببێت. لەم دۆخەدا بەرپرسانی دادوەری ناچارن تۆمەتبارەکانیش ڕەوانەی بەندیخانە بکەن. لە بابەتی وادا تۆمەتبارەکانیش ڕەوانەی بەندیخانە دەکەن بەڵام لە شوێنی جودا لە بەندکراوەکان ڕایاندەگرن. بە پێی ئەم ڕێسا و قانوونی ڕێوشوێنی سزای پەسندکراوی ساڵی ١٣٩٢، ڕاگرتنی تۆمەتبار و حوکمدراو پێکەوە و لە شوێنێکدا قەدەغەیە. لەم جۆرە بابەتانەدا ئەو شوێنەی بۆ ڕاگرتنی کەسانی دەسبەسەرکراو لە بەرچاو گیردراوە دەبێ پۆلێنبەندی کرابن و نابێ جوورێک بێت کە بۆ وێنە کەسی تۆمەتبار بە کوشتن لە پەنا کەسی تۆمەتبار بە دزینی جانتایەک لە شوێنێکدا ڕابگیردرێن. ئەم قەدەغەکردنە، قەرەنتینە و هەواخۆری و یەکەی دیاریکردنیش دەگرێتەوە. (مادەی ٥٤١ی قانوونی ڕێشوێنی سزادان – مادەی ٣١ی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## گرتووخانە تایبەتییەکان

هەتا ڕێکەوتی ١٣٨٥/٧/١٨ گرتووخانەکان بە شێوازی گشتی بوون و هیچ ڕێکخراوەیەک مافی ئەوەی نەبوو گرتووخانەی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ. بەڵام لە ساڵی ١٣٨٥دا دەسەڵاتی دادوەری ڕێسا و دەستوورێکی لە ژێر ناوی «ڕێسا و دەستووری گرتووخانە تایبەتیەکان» پەسند کرد کە لەودا ئیزنی دا بە هێزی پۆلیس و هێزەچەکدارەکان و ڕێکخراوە ئەمنییەکانی وەکوو: وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپا و حەفازەتی ئیتلاعات، کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا، گرتووخانەی تایبەت بۆ خۆیان دامەزرێنن.
بە پێی ئەم مۆڵەتنامە، گرتووخانەیەک کە لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دادەمەزرێن و بەڕێوە دەچن بە «گرتووخانەی ئەمنییەتی» ناودێر کراون و بۆ تۆمەتبارانی تاوانە ئەمنیەکان تەرخان کراوە و ناردنی تۆمەتبارانی دیکە لە لایەن دادوەرانەوە بۆ ئەم گرتووخانەگەلە قەدەغە کردووە.

دەبێ ئەوە بە بیر بێنینەوە کە بە گوێرەی تێبینی مادەی ٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی شێوازی بەڕێوەبردنی گرتووخانە ئەمنییەکان، بەرپرسان و کارگێڕانی ئەم گرتووخانەگەلە ئەرکی سەر شانیانە بە پێی «قانوونی پاراستنی مافی هاووڵاتی» و یاسا پێوەندیدارەکانی وەکوو ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان، مافی شارۆمەندی تۆمەتباران بپارێزن.بە پێی ئەم ڕێسا و دەستوورە، بەرپرسان و کارگێڕانی ئەم گرتووخانەگەلە مافی ئەوەیان نییە بە بیانووی تایبەتبوونیانەوە، لە بەڕێوەبردنی یاسای پاراستنی مافی شارۆمەندی و یاسای چاودێری سەر گرتووخانەکان خۆ ببوێرن.

### ئایا کارگێڕانی ئاسایش مافی ئەوەیان هەیە لێپرسینەوە لەو تۆمەتبارانە بکەن کە بە تاوانی ئەمنییەتی لە گرتووخانە ئەمنییەتییەکاندا ڕاگیراون؟

نا! لە بنەڕەتدا بەرپرسان و کارگێڕانی گرتووخانەکان وەها دەسەڵاتێکیان پێ نەدراوە. بە پێی ئەو پێناسەی لە گرتووخانەکان کراوە، ئەم شوێنە تەنیا بۆ ڕاگرتنی

ئەو تۆمەتبارانە سازکراوە کە لە لایەن بەرپرسانی دادوەرییەوە دەنێردرێن بۆ ئەوێ و بەرپرسانی گرتووخانەکان تەنیا ئەرکی ڕاگرتنی تۆمەتبارانیان لە ئەستۆیە و هیچی تر. بێجگە لەمە بە گوێرەی قانوونی «بنەماکانی دادپرسی تاوان» و قانوونی پاراستنی مافی هاووڵاتی، لێپرسینەوە دەبێ لە لایەن لێکۆڵەری دۆسیە و لە ژێر چاوەدێری ئەودا بەڕێوە بچێت. لە لایەکی دیکەوە کارگێڕەکانی ئاسایش، کاگێڕی دادگا نین و لێپرسینەوە لە تۆمەتبار لە چوارچێوەی ئەرکەکانی ئەواندا نیە.

## گرتووخانە کاتیەکان

هێزی دادوەری جیا لەوەی کە لە ساڵی ٨٥دا دامەزراندنی گرتووخانە تایبەتیەکانی پەسەند کرد. بە پەسەند کردنی ئاییننامەیەکی دیکە ئیزنی ئەوەشی دا کە لە ژێر ناوی «گرتووخانە کاتیەکان» دا گرتووخانەیەکی دیکە دابمەزرێت. بە پێی ئەم یاسا و ڕێسایە گرتووخانەی کاتی شوێنی ڕاگرتنی ئەو تۆمەتبارانەیە کە بڕیاری دەرکراوی دەستەبەری لە دژی ئەوان بڕیاری دەسبەسەری کاتی نەبووە، بەڵکوو تۆمەتبار بە هۆی ئەوەی نەیتوانیوە دەستەبەری دابین بکات، بە شێوەی کاتی و تا ئەو کاتەی دەستەبەریی بۆ جێبەجێ دەبێت دەینێرنە گرتووخانەی کاتی.

بۆ نموونە ئەگەر بڕیاری دەستەبەری یان کەفالەت بۆ تۆمەتبارێک دەربچێت و تۆمەتبار بە هەر هۆکارێک نەتوانێ لە بازپورسی یان دادیاری بڕیاری دەستەبەری یان کەفالەت جێبەجێ بکات، لە بەر ئەوەی کە دەبێ تا کاتی جێبەجێ کردنی دەستەبەری یان کەفالەت لە گرتووخانە وەمێنێ، بە گوێرەی ڕێسای بەڕێوەبەری گرتووخانە کاتیەکان، دەبێ ڕاگوێزرێ بۆ گرتووخانەی کاتی و تا ئەو کاتەی دەستەبەری یان کەفیل جێبەجێ دەکات دەبێ لە گرتووخانەی کاتی ڕابگیردرێ.

### لەم دەستوورەدا مەبەست لە «کاتی بوونی» گرتووخانە چیە؟

ئەم گرتووخانەگەلە تەنیا تا مانگێک دەتوانن تۆمەتبار لای خۆیان ڕاگرن و دەبێ بەرپرسانی گرتووخانە دوای مانگێک دۆسیەی تۆمەتبار بنێرن بۆ لای دادوەر یان لێکۆڵەر یان دادیاری دۆسیەکە و دۆخی تۆمەتبار ڕوون بکەنەوە؛ لە بەر ئەوەی:

**ێ.** ئەگەر تۆمەتبار بە بڕیاری دەسبەسەری کاتی گیراوە، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەسبەسەری و گۆڕینی بە بڕیارێکی دیکە هەنگاو هەڵگرن.

**ب.** ئەگەر تۆمەتبار بە هۆی ئەوەی نەیتوانیوە بارمتە یان کەفالەتی دەستەبەری جێبەجێ بکات لە گرتووخانە ماوەتەوە، بڕیارێکی سووکتری بە بەراوەرد لەگەڵ ئەوەی پێشووی بۆ دیاری بکەن، بە جۆرێک کە تۆمەتبار توانای جێبەجێ کردنی هەبێت.

**پ.** ئەگەر نەیهەوێ بڕیارەکەی بۆ بگۆڕێ بۆ بڕیارێکی سووکتر، دەبێ بە ناردنی بۆ گرتووخانەی گشتی دۆخی یەکلا بکاتەوە.

## ئایا لێکۆڵەر یان دادیار مافی ئەوەی هەیە پاش تێپەڕ بوونی یەک مانگ لە دەسبەسەری کاتی، بۆ جارێکی تر فەرمانی دەسبەسەری تۆمەتبار، هەر لەو گرتووخانە کاتیەدا دەر بکات؟

بە گوێرەی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە کاتیەکان، لێکۆڵەر یان دادیار دەتوانن پاش تێپەڕبوونی مانگێک لە گرتنی تۆمەتبار، فەرمانی ڕاگرتنی دووبارەی هەر لەو گرتووخانە دەربکەن. بەڵام پاش تێپەڕبوونی مانگێک لە گرتنی تۆمەتبار، درێژکردنەوەی ماوەی ڕاگرتنی بۆ ماوەیێکی پتر لە مانگێک گرێ دراوە بە ڕای شوورای دیاریکردنی گرتووخانەکان.

## چ کەسانێک یان چ بەرپرس و پلەدارێک شوورای دیاریکردنی گرتووخانە کاتیەکان پێک دێنن؟

شوورای دیاریکردنی گرتووخانە کاتیەکان پێک دێت لە:دادوەری چاودێری گرتووخانە، سەرۆکی گرتووخانە، بەرپرسی تەندرووستی و دەرمان، و ئاریکاری کۆمەڵایەتی.

بەرپرسانی گرتووخانە مافی ئەوەیان نیە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار لە گرتووخانەدا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک، تەنیا پشت ببەستن بە فەرمانی بەرپرسی دادوەری؛ بەڵکوو دەبێ بەڵگەی پێویستیان سەبارەت بە ڕای شوورای دیاری کردنی گرتووخانەکان هەبێت.

## کانوونی چاکسازی و پەروەردە

«کانوونی چاکسازی و پەروەردە» ناوەندێکە کە دەبێ بۆ ڕاگرتنی منداڵانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ لە ناوەندی پارێزگاکاندا و بە پێی پێداویستی لە شوێنەکانی دیکەی وڵات، دابمەزرێ. پلانی پێشنیاری دامەزراندنی کانوونی چاکسازی و پەروەردە لە ئەستۆی بەرپرسی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و بە لێکدانەوەی بەرپرسی هێزی دادوەرییە. (مادەی ٢٦١ی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵان نانێردرێنە گرتووخانە و بەندیخانەی ئاسایی و بە جێگای بەندیخانە لەم ناوەندانە ڕا دەگیردرێن.

کانوونی چاکسازی و پەروەردە سێ بەشی هەیە:

- **بەشی کچان**
- **بەشی کوڕان**
- **بەشی گەنجان**

بەم پێیە ڕاگرتنی منداڵانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵان لە نێو گەورەساڵاندا نە تەنیا لە باری قانوونییەوە قەدەغەیە، بەڵکوو ئەگەر کەسێک لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا تەمەنی ژێر ١٨ساڵ بێت بەڵام لە کاتی دەرکردنی بڕیاردا لە ١٨ ساڵی تێپەڕاندبێ، دەبێ لانیکەم تا ٢٣ساڵان لە بەشی گەنجانی کانوونی چاکسازی و پەروەردەدا ڕابگیردرێت و پاش تەمەنی ٢٣ساڵانیش ئەگەر ڕایگوێزن بۆ بەندیخانەی گشتی، دەبێ ڕاگوێزرێ بۆ بەشی گەنجانی بەندیخانەی گشتی. لە ڕێسای کانوونی چاکسازی و پەروەردەدا ئیزن بە دادوەر دراوە کە بەبێ ئەوەی لە کانوونی چاکسازی و پەوەردەدا ڕادەی تەمەن بۆ یاریخواز لە بەر چاو بگرێت لە هەندێ بابەتدا بڕیار بدات لە سەر مەحکوومکردنی یاریخوازێک لە کانوونی چاکسازی پەروەردەدا. لەم دۆخەدا یاریخواز دەورانی مەحکووم بوونەکەی تەنانەت پاش ٢٣ساڵانیش هەمووی لە کانوونی چاکسازی و پەروەردەدا تێئەپەڕێنێ.
(مادەی ٢٧٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەیەکانی وڵات)

هەڵبەت بەرپرسی کانوونی چاکسازی و پەروەردە مافی ئەوەی هەیە لە ئەگەری دژایەتی لەگەڵ ئەم بڕیارەدا، بابەتەکە بە دادوەری بڕیاردەر یان دادوەری بەڕێوەبەری بڕیارەکان ڕابگەیەنێت و داوای پێداچوونەوەی بۆ بکات؛ بەڵام ناتوانێ لە بەڕێوە بردنی بڕیارەکە و ڕاگرتنی یاریخواز سەرپێچی بکات. ئەگەر دادوەر داخوازییەکەی ئەوی لەبەرچاو نەگرت بابەتەکە بە سەرۆکی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و بەڕێوەبەری گشتی خانەیداد ڕادەگەیێنێت تا لەم سوێنگەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت. (مادەی ٢٧١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

پێویستە وە بیری بێنینەوە کە بە پێی «ڕێسای جیاکردنەوە و پلەبەندی بەندیخانەکان» ئەگەر لە پارێزگایەکدا کانوونی چاکسازی و پەروەردەی لێ نەبێت، منداڵانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ لە شوێنێکی جیاواز و لە دەرەوەی بەندیخانە ڕادەگیردرێن. تەنانەت ئەگەر بەرپرسێکی دادوەری (وەکوو دادوەر) فەرمانی ناردنی مێرمنداڵێکی ژێر ١٨ ساڵانی بۆ بەندیخانە دەرکردبێت، بەرپرسانی بەندیخانەکان ناچار بە جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە نین و ئەرکی سەرشانیانە دەسبەجێ ئەو مێرمنداڵە بنێرن بۆ کانوونی چاکسازی و پەروەردە.

بەم پێیە بە لەبەرچاو گرتنی گرتووخانەکان بە سێ جۆری: تایبەتی و کاتی و گشتی؛ تۆمەتباران بە پێی شوێنی ڕاگرتنیانەوە بە سەر سێ دەستەدا دابەش دەکرێن:

**١. ئەو تۆمەتبارانەی لە گرتووخانە تایبەتیەکاندا ڕادەگیردرێن.**

**٢. ئەو تۆمەتبارانەی لە گرتووخانە کاتیەکاندا ڕادەگیردرێن.**

**٣. ئەو تۆمەتبارانەی لە گرتووخانەی گشتی ڕادەگیردرێن.**

**تێبینی ١:** دامەزراندن و بەڕێوەبردنی گرتووخانە نیزامی و گشتیەکان، بە پێی دەستووری ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانە. بەڵام دامەزراندن و بەڕێوەبردنی گرتووخانە تایبەتییەکان بە پێی دەستووری ڕێساکانی خۆیانە.

**تێبینی ٢:** لە گرتووخانەی هێزە ئینتزامیەکان و هێزە چەکدارەکاندا شوێنگەلێ لە بەر چاو گیردراون کە بۆ چاوەدێری کردنی تۆمەتباران کەڵکیان

**لێ وەرئەگرن.**
**ئەم شوێنانە بە «ژێر چاوەدێری کارگێڕانی هێزی نیزامی و پۆلیس» ناوبردە کراون. کارگێڕانی هێزی نیزامی یان پۆلیس تەنیا بە فەرمانی بەرپرسی دادوەری و بۆ ماوەی ٢٤ سەعات بۆیان هەیە تۆمەتبار لە ژێر چاوەدێریدا ڕابگرن.** (مادەی ٣ی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان)

## مافەکانی تۆمەتبار لە گرتووخانە کاتییەکاندا چین؟

بە گوێرەی ڕێسای گرتووخانە کاتییەکان کە لە ڕێکەوتی ١٣٨٥،٩،١٨ دا پەسند کرا مافەکانی تۆمەتبار لە گرتووخانە کاتییەکاندا بریتین لە:

**١.** تۆمەتباران مافی ئەوەیان هەیە هەموو ڕۆژێک لە سەعات ٨ی بەیانییەوە تا ٨ی شەو پارێزەر و کەس و کار و ئەو کەسانەی خۆیان داخوازیان دەکەن بە شێوەی حزووری و ئازادانە لە شوێنگەلی تایبەتدا چاویان پێیان بکەوێ.
بەڵام سەبارەت بە دیداری تۆمەتبار لەگەڵ کەس و کار و کەسانی داخوازکراوی، هەندێ ڕیزپەڕ هاتۆتە ئاراوە کە دەبنە هۆی مەحرووم بووبی تۆمەتبار لەم مافانە. ئەو ڕیزپەڕانە بریتین لە:

**ئ.** شوورای دیاریکردنی گرتووخانە ڕای لە سەر ئەوە بێت کە دیداری تۆمەتبار لە گەڵ کەسانی دیکە(بێجگە لە پارێزەر) لە ئاسایشی گشتی و ڕەوتی دادگایی کردندا ئاڵۆزی دروست دەکات.

**ب.** لێکۆڵەر یان دادیار لەو بڕیارەی وا دەریکردووە ڕاشکاوانە دیداری تۆمەتباری لە گەڵ کەس و کار و کەسانی دیکە (بێجگە لە پارێزەر) قەدەغە کردبێت. بەم پێیە دیداری کەس و کار لە گەڵ تۆمەتبار، تەنیا بە فەرمانی نووسراوی ئەو لێکۆڵەرە یان ئەو دادیارە مەیسەر دەبێ کە بڕیاری دەستەبەری دەرکردووە.

**تێبینی**: **شایانی باسە کە سەبارەت بە دیداری تۆمەتبار لەگەڵ پارێزەردا هیچ ڕیزپەڕ و بەربەستێک بوونی نییە و سەرۆکی گرتووخانە لە سەریەتی بۆ دیداری تۆمەتبار لە گەڵ پارێزەر شوێنی شیاو تەرخان بکات و دەبێ لە گەڵ پارێزەر یان پارێزەرانی تۆمەتبار هاوکاری پێویست بکات.**

**٢**. بە پێی ڕێسای گرتووخانە کاتییەکان، تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە بڵاڤۆک، کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بکڕێت و کەڵکیان لێ وەر بگرێت.

**٣**. تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە هەموو کاتێک لە ڕاگەیەنە گشتیەکان (وەکوو ڕادوێ، تەلەبزوێن و ...) کەڵک وەربگرێت.

**٤**. هەروەها ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە کاتییەکان ئیزنی ئەوەی داوە تۆمەتبار لە کەرەستەی تایبەتی خۆی وەکوو موبایل و کامپیوتێر کەڵک وەربگرێت.

## ئایا کارگێڕانی پۆلیس یان ئاسایش مافی ئەوەیان هەیە ئەو کەسەی وا دەسبەسەری دەکەن بینێرن بۆ هەر کام لە گرتووخانە یا بەندیخانەکان؟

هیچ کارگێڕێک بە هیچ هۆکارێکەوە ناتوانێ کەسێک بنێرێت بۆ گرتووخانە یان بەندیخانە مەگەر ئەوەی نامەی فەرمیی یەکێ لە بەرپرسانی دادوەریی (وەکوو لێکۆڵەر، دادیار، دادوەری دۆسیە، دادستان یان دادوەری جێبەجێکاری بڕیار)ی پێ بێت. لەم نامەدا دەبێ هەموو ئەو بابەتانەی خوارەوە باس کرابن:

**ئ**. ناو و ناونیشانی تەواوی ئەو کەسەی دەینێرن بۆ گرتووخانە یان بەندیخانە

**ب**. هۆکاری ناردنی بۆ گرتووخانە. بۆ نموونە جۆری تاوانەکەی

**پ**. هۆکاری دەسبەسەری و ماوەی دەسبەسەری

**ت**. ژمارەی بڕیاری دەسبەسەری یان ژمارەی فەرمان

**ج**. ناوی ئەو گرتووخانە یان ئەو بەندیخانەی کە تۆمەتبار یان مەحکووم بە حەپس دەبێ ماوەی دەسبەسەری یان حەپسەکەی تێدا تێپەڕ بکات.

## کە واتە لە تاوانە بیندراوەکاندا کارگێڕەکان چۆن دەتوانن کەسێک قۆڵبەست بکەن؟

ڕوون و ئاشکرایە لەم جۆرە بابەتانەدا واتە لە تاوانە بیندراوەکاندا، کارگێڕەکان تۆمەتبار قۆڵبەست دەکەن و دەیبەن بۆ گرتووخانەی هێزی پۆلیس -کە لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندایە- و لە یەکەم دەرفەتدا (ئەوپەڕی تا ٢٤

سەعات) دەبێ بیبەن بۆ ناوەندێکی دادوەری تاکوو دادوەر چارەنووسی دیاری بکات. ڕاگرتنی تۆمەتبار لە گرتووخانەی پۆلیسدا، تا ئەو کاتەی بڕیاری دەسبەسەربی لە لایەن ناوەندێکی دادوەرییەوە دەرنەکرابێت وەکوو کەسێکی «ژێر چاوەدێری» دێتە ئەژمار و ماوەکەی نابێ لە ٢٤ سەعات زیاتر بێت.ئەو کارگێڕەی کەسێک دەبات بۆ گرتووخانە یان بۆ زیندان، دەبێ پێشتر لە لایەن بەرپرسەکەیەوە ناسێنرابێ بە بەشی وەرگرتنی تۆمەتباران و حوکمدراوانی گرتووخانە یان بەندیخانە و لە لای ئەوان کەسێکی ناسراو بێت و هەروەها دەبێ پێناسەی وێنەداری خۆی پێشکەش بەم بەشە بکات؛ بە جۆرێک کە بۆ بەرپرسانی بەش ئاشکرا بێت کە ئەو کەسەی تۆمەتبار یان مەحکووم بە حەپسی هێناوە بۆ گرتووخانە یان بەندیخانە، کێیە.

**تێبینی**: بە لە بەر چاو گرتنی ئەو پێودان و ڕێ و شوێنانەی سەرەوە کارگێڕ بۆی نییە خۆسەرانە و بە بێ فەرمانی دادوەری لە ناوەندێکی دادوەرییەوە، کەسێک دەسبەسەر بکات و بیبات بۆ گرتووخانە یان بەندیخانە. ئەگەر کارگێڕێک بەبێ فەرمان، کەسێک ببات بۆ گرتووخان یان بەندیخانە. کەسی دەسبەسەرکراو مافی سکاڵای لە دژی ئەو کارگێڕە هەیە و دەتوانێ دەسبەجێ سکاڵاکەی لە ناوەندێکی دادوەریدا تۆمار بکات.

## یەکەم هەنگاوەکانی وەرگرتن لە گرتووخانە یان بەندیخانە چین؟

هاوکات لە گەڵ هاتنە ژوورەوەی کەسی دەسبەسەرکراو یان بەندی بۆ گرتووخانە یان بەندیخانە، لە بەشی وەرگرتندا دۆسیەیەکی بۆ ساز دەکرێت و ئەو وێنەی لێیان گرتووە پەیوەستی دۆسیەکەی دەکەن. ئەو کەسانەی بەندیخانە وەکوو تاوانبار وەریان دەگرێت پەنجەمۆریشیان لێ وەردەگیردرێت. تۆمەتبار یان حوکمدراو دەبێ کەسێک دیاری بکات کە لە کاتی پێویستدا پێوەندیی پێوە بکات. بەڵگە و کەرەستەی تایبەتی لێ وەردەگیردرێ و هەر لەویادا ڕەسیدی وەرگرتنی ئەو شتانە لە سێ نوسخەدا ئامادە دەکەن؛ ڕوونوسێکی دەخەنە ناو دۆسیەی کەسی بەندکراو و ڕوونوسێکی دەخەنە ناو سندووق یان کیسەی کەل و

پەلی کەسی بەندکراو و ڕوونوسێکی دەدەنە دەست بەندکراو یان دەسبەسەر کراو.
لە کاتی وەرگرتن‌دا، کارتی ئێعتباری دەدەنە تۆمەتبار یان کەسی حوکم‌دراو بە حەپس، بۆ ئەوەی لە ماوەی دەسبەسەری یان حەپس بوونی‌دا بتوانێت لە فرووشگەکانی ناو بەندیخانە پێداویسیەکانی بکڕێت. هەر کاتێکیش ئازاد ببێت هەر چەندە پووڵ لە کارتەکەدا مابێ بۆی دەگەڕێننەوە. لەوانەیە لە کاتی ئازادی ئەو کەسەدا، بەندیخانە یان گرتووخانە پووڵی نەغدیان نەبێت کە لە بری پووڵی ناو کارتەکە بۆی بگەڕێننەوە. لە کاتی وادا ئەو کەسە دەتوانێ لە هەر کام لە لقەکانی ئەو بانکەی کارتەکەی دەرکردووە، پووڵی ناو کارتەکە نەغد بکاتەوە. یان دەتوانێ ژمارە حیسابێک بداتە گرتووخانە یان بەندیخانە تا ئەو پووڵەی لە کارتەکەی‌دا ماوەتەوە بیڕژێننە حیسابیەوە. کە دەبێ لانیکەم تا ٤٨سەعات بچێتە حیسابیەوە.
(مادەی٥١ی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان)

## ئایا بەندی دەتوانێ کەرەستەی تایبەتی خۆی نەداتە ئەنباری بەندیخانە یان گرتووخانە؟

بەڵێ، کەسی بەندکراو یان دەسبەسەرکراو دەتوانێ داوا لە بەرپرسانی وەرگرتن بکات کەرەستە تایبەتیەکانی بدەنە دەست یەکێ لە کەس و کار یان دۆست و برادەرانی. یان ئەوەی کە بە شێوەی نووسراو داوا بکات کەرەستە و کەل و پەلەکانی بە تێچووی خۆی بۆ هەر شوێنێ خۆی دیاری بکات، بە پۆستەدا بینێرن. ئەگەر بە پۆست بینێرن دەبێ کەل و پەلەکەی بەسەبەندی و لاک‌ومۆر بکرێت و ڕاپۆرتێکی لە سەر ئامادە بکەن و ئەو شتانەی ناو بەستەکەی تێدا بنووسین. ڕاستی و دروستی ئەو ڕاپۆرتە دەبێ لە لەیەن بەندکراوەوە پەنجەمۆربکرێت و پەسند بکرێت، هەر وەها بەندیخانە و بەرپرسی کاروباری قەڕاوڵەکانیش بیسەلمێنن. لە کۆتاییدا نوسخەیێک لەو ڕاپورتە دەبێ بدرێتە کەسی بەندکراو.

## ئەگەر کەسی بەندکراو شت‌ومەکی گرانبایی (وەکوو تەڵا و جەواهیرات)ی پێ بێت، چۆن و لە کوێ هەڵی دەگرن؟

شت و مەکی گرانبایی (وەکوو تەڵا و جەواهیرات) کە هین کەسی بەندکراو بێت، لە شوێنێک لە دەرەوەی بەندیخانە، کە گرێبەستی لە گەڵ زیندان هەبێت ڕادەگیردرێت. وەکوو سندووقی ئەمانات یان بانک یان کەرتیتایبەتی. بۆ ئەم کارە دەبێ بەندی بە شێوەی نووسراو داخوازی بکات و تێچووەکەیشی خۆی بیدات. کەواتە ئەگەر بەندی داخوازی کرد و بەرپرسی بەندیخانە پەسندی کرد شتومەکی گرانبایی بەندی دەسپێرنە سندووقی ئەمانات یان بانک و...؛ بەڵام مەرجێک هەیە دەبێ لە بەرچاو بگیردرێت ئەویش ئەوەیە کە، وەرگرتن و ناردنی کەرەستەی بەندی و ڕاگرتنیان لە باری یاساییەوە قەدەغە نەبن. بۆ نموونە ئەو شتە گرانباییانەی بەندی، ئەو شتانە نەبن کە لە ئەنجامی تاوانەکەیدا دەستی خستبێت. (مادەی ٥٢ی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکا)

## ئایا «پشکنینی جەستەیی» بەندی لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ بەندیخانە پێویستە؟

بەڵێ هەرکەسێ بێنن بۆ گرتووخانە یان بەندیخانە، لە کاتی وەرگرتن‌دا پشکنینی جەستەیی دەکرێت بۆ ئەوەی لە چوونە ژووری شتی نایاسایی لە لایەن ئەووەوە بەرگری بکرێت.

## پشکنینی جەستەیی تۆمەتبار بە چ شێوازێک دێتە ئەنجام؟

بۆ پێشگرتن لە هەر جۆر کەڵکێکی نارەوا یان هەڵسوکەوتی نایاسایی یان نائەخلاقی لەگەڵ بەندیدا، دەبێ پشکنینی جستەیی بەندی لە ژوورێکدا بکرێت کە کامێرای تێدا بێت. پشکنینی جەستەیی دەبێ کارگێڕانی پاراستنی جەستەیی ئەنجامی بدەن و هاوڕەگەزی بەندی بن و ڕاهێنانرابن بۆ ئەم کارە، و تا ئەو شوێنەی دەگونجێ بە کەرەستەی ئەلەکترۆنی جێبەجێ بکرێت.

## ئایا لە پشکنینی جەستەییدا، بەندی دەبێ هەموو جلەکانی دابکەنێت؟

نا! پشکنینی جەستەیی بە ڕووتی یان پشکنینی شوێنەکانی جەستەی بەندی -چ تۆمەتبار بێت یان مەحکووم بە حەپس- قەدەغەیە.

هەڵبەت لە جیهانی ئەمڕۆدا بە بوونی ئەو هەموو ئامێرەی وەکوو ئیسکەن و کانزادۆز، پشکنینی جەستەیی یان ڕووتکردنەوەی بەندی کارێکی دژەئەخلاقی و نەگونجاوە؛ بەڵام لە ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکاندا ئەمە لە بەرچاو گیراوە کە ئەگەر بەرپرسی بەشی وەرگرتن بە پێویستی بزانێ، جەستەی بەندی بە ڕووتی دەپشکنن. ڕوون و ئاشکرایە کە لەم حاڵەتەدا دەبێ بەرپرپرسی وەرگرتن هۆکاری پێویستبوونەکەی لە ڕاپۆرتی پشکنینی جەستەییدا بنووسێت. لە ڕاستیدا ئەگەر هۆکارەکان و پێویستبوونەکەی تێدا نەنووسرێت، ناتوانێ ئەو کارە بکات. پشکنینی جەستەی ڕووتی بەندی نابێ لە بەرچاوی کارگێڕانی دیکە و کامێرادا ئەنجام بدرێت بەڵکوو پشکنینی جەستەی ڕووتی بەندی دەبێ لە شوێنێکی تەریک و خەڵوەت و بێکامێرادا بێت و لە لایەن کارگێڕی ڕاهێنراو و بە ڕەچاوکردنی بنەمای ئەخلاقی و پێودانە تەندروستییەکانەوە ئەنجام بگرێت. واتە ئەو کارگێڕەی پشکنینی جەستەی ڕووتی بەندی دەکات مافی ئەوەی نییە دەست بە جەستەی بەندیدا بێنێ، یان لە کاتی پشکنیندا لە وشە و ڕستەی بزوێنەر و سێکسی کەڵک وەر بگرێت. (مادەی ٥٣ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**ئایا بە پێی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان، کەسی دەسبەسەرکراو یان بەندی مافی ئەوەی هەیە لە گرتووخانە یان بەندیخانەدا لە کەرەستەی تایبەتی و ئامێری ڕادوێ و تەلەفزوێن کەڵک وەربگرێت؟**

تۆمەتبار و حوکمدراو لە گرتووخانە و بەندیخانەدا مافی ئەوەیان هەیە لە کەرەستە و شتومەکی تایبەتی خۆیان کەڵک وەر بگرن. ئەو شتومەکانەی کەسی دەسبەسەرکراو یان بەندی ئیزنی هەیە کەڵکیان لێ وەربگرێت بریتین لە: کتێب و بڵاڤۆکی ڕێگەپێدراو، میسواک و خەمیریددان، جێسابوونی پلاستیکی، سابوون و شامپۆ، لفکە، شانەی پلاستیکی، خاولی دەست و دموچاو، جووتێک دەمپایی، ٢ جووت گۆرەوی، لیباسی ژێرەوە بە پێی پێویستی تەندروستی، ٢ کراس بە گوێرەی

کەش و هەوا یان جلی یەکدەستی تایبەتی بەندیخانە، پانتۆڵێک و ژێرشەرواڵێک، قەڵەم و کاغەز، چاویلکە، ناخوونگیری بێچەقۆ، کەلوپەلی نانخواردن وەکوو دەوری مەلامین و لیوانی پلاستیکی و کەوچک.

**تێبینی** : **ڕاگرتنی کەوش لە بەندیخانەدا قەدەغەیە.** (مادەی ٦٩ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

هەر وەها تۆمەتباران (واتە ئەو کەسانەی هێشتا دۆسییەکەیان لە دادگادا بڕیاری لە سەر نەدراوە) دەتوانن بە پێی تێبینی مادەی ١١ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە کاتییەکان، لە موبایل و لەپتابی تایبەتی خۆیان کەڵک وەربگرن.

قانووندانەر هاوکات مافی کەڵکوەرگرتن لە کتێب و بڵاڤۆکی لەگەڵ مافی کەڵکوەرگرتن لە جلوبەرگی تایبەتی تۆمەتبار یان بەندی هێناوە. بە سەرنجدان بە ڕوانگەی قانووندانەر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وەکوو چۆن ناکرێ جلی ژێرەوە لەو کەسانە قەدەغە بکرێت هەر بەو ڕادەش ناتوانن کتێب و بڵاڤۆکیان لێ قەدەغە بکەن و هەر هەنگاوێک بۆ بێبەشکردنیان لەو کەرەستانە سەرپێچیکردنە لە ڕێسا و دەستوور.

ڕوون و ئاشکرایە کە مەبەستی قانووندانەر لە کتێب و بڵاڤۆکی ڕێگەپێدراو، هەموو ئەو کتێب و بڵاڤۆکانە دەگرێتەوە کە لە وڵاتدا ئیزنی چاپکردنیان پێدراوە و هەمووان دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. کەواتە بەرپرسانی گرتووخانە و بەندیخانەکان بۆیان نییە بەر بەو کتێب و بڵاڤۆگانە بگرن کە بنەماڵەی تۆمەتبار یان مەحکووم بە حەپس بۆیان دێنن.

## ئایا حوکمدراو بە حەپس وەکوو تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە لە موبایل و لەپتابی تایبەتی خۆی کەڵک وەربگرێت؟

لە دەستووری بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا وەها مافێک بۆ حوکمدراو بە حەپس لە بەرچاو نەگیردراوە. بەڵام هەروا کە دەیزانن دۆخی تۆمەتبار بە نیسبەت مەحکووم بە حەپس زۆر هەستیارترە، چونکا ئیمکانی ئەوەی کە لەوانەیە لەگەڵ دنیای دەرەوە پێوەندی بگرێ و هەوڵ بدات بۆ سڕینەوەی

تاوان، زیاتر ئەگەرێی بە تۆمەتبارەوە هەیە و دەبوو بە نیسبەت ئەگەرێی پێوەندیی تۆمەتبار چاوەدێری و هەستیاری زیاتر بکرێت. بەڵام سەبارەت بەو بەندییەی کە مەحکووم کراوە بە حەپس و دۆسییەکەی داخراوە و لە بەندیخانە حوکمەکەی دەکێشێ، بیرکردنەوە لە وەها گریمانەیەک بێ بنەمایە.

ئێستاکە، بە سەرنجدان بەوەی کە لە ڕێسای دەستووری بەڕێوەبەرایەتی پەسندکراوی ساڵی ١٤٠٠دا تۆماری ئەلەکترۆنی سکاڵانامە و لایحە و دیداری دیجیتاڵی و پەروەردە و ڕاهێنان بۆ بەندکراوان لە بەرچاو گیراوە، ڕێکخراوەی بەندیخانەکان دەتوانێ بە لە بەرچاوگرتنی هەندێ ڕێوشوێن ئەم هەلە بۆ بەندییەکان بڕەخسێنێ. بەو جوورەی لە وڵاتانی ئورووپایی بۆ نموونە لە وڵاتی نورویژ دێتە ئاراوە. هەر وەها بە پێی ڕێسای دەستووری بەڕێوەبەری گرتووخانەکان (پەسندکراوی ساڵی ١٣٨٥) کەڵکوەرگرتن لە موبایل و لەپتاب وەکوو مافێک بۆ تۆمەتبار ڕەچاو کراوە، دەتوانین وای لێ هەڵێنجین کە ئەو مەحکووم بە حەپسەی وا (ئەگەری پێکهاتن و سەروساختێک بۆ سڕینەوەی تاوانەکەی لە ئارادا نییە) دەبێ ئەم مافەی هەبێت.

## مەرجەکانی ڕاگرتنی حوکمدراو بە حەپس لە بەندیخانەکان

پاش تۆمارکردنی ناو و ناونیشانی مەحکووم بە حەپس لە بەشی وەرگرتندا و دانی شتومەکی تایبەتیی پێویست بە حوکمدراو، شوێنی نیشتەجێ بوونی دیاری دەکرێت.

### پاش ئەوەی حوکمدراو بە حەپس دەنێرن بۆ بەندیخانە، کێ ئاسایشگەکەی یان بەندەکەی دیاری دەکات؟

بۆ دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی مەحکووم بە بەندیخانە، لە هەر بەندیخانەیەک شوورایەک لە ژێر ناوی «شوورای پۆلێنبەندیی بەندییەکان» پێکهاتووە کە لە ژێر چاوەدێریی شوورای ناوەندیی پلەپەندییەکاندایە و ئەرکی جیاکردنەوە و پۆلێنبەندیی بەندییەکانی لە ئەستۆیە. تۆمەتبار یان مەحکووم بە

حەپس دەتوانێ بۆ ماوەی هەفتەیەک نارەزایەتی خۆی لە بەڵێنەکانی شوورای پۆلێنبەندی دەربڕێت. ئەم نارەزایەتییە جوداکردنەوەش دەگرێتەوە. (مادەی ٢٣ و تێبینی٢ی مادەی ٢٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## مەبەست لە پۆلێنبەندی بەندیخانەکان و جیاکردنەوەی بەندییەکان چییە؟

جیاکردنەوە و پۆلێنبەندی بەندییەکان بە پێی سابیقە، تەمەن، جنسایەتی، هاووڵاتیبوون، جۆری تاوان، ماوەی سزا، دۆخی جەستەیی و دەروونی، چۆنیەتی کەسایەتی و لێهاتوویی و ڕادەی خوێندەواری و پسپۆڕی کەسی حوکمدراو دێتە ئەنجامگرتن. بە ڕەچاوکردنی ئەم بابەتانە، حوکمدراو دەنێردرێت بۆ یەکێک لە بەشەکانی ناوەندی فێرکاری و شوغڵی بەندیخانە یان دامەزراوە پەروەردەییەکان کە لەگەڵ بارودۆخی ئەودا بگونجێت.

بە پێی یاسای پێوەندیدار بە جیاکردنەوە و پۆلێنبەندی: بەندییە ماڵییەکان، کوشتن و جەنایەت، دزی و بەندییە بڕوایی و سیاسییەکان دەبێ لە یەکتر جودا بکرێنەوە و هەرکامیان لە بەندی تایبەتی خۆیاندا ڕابگیردرێن. هەروەها بەندییە گەنجەکان نابێ لەگەڵ بەساڵاچوواندا و ئەوانەی یەکەم جاریانە حوکم دراون نابێ لەگەڵ بەندییە پێشینەدارەکاندا لە شوێنێک ڕا بگیردرێن. هەر بۆیە قانووندااانەر لە ئەگەری ڕەخساندا، بۆ هەر حوکمدراوێک ژوورێکی بە کەرەستەی پێویستەوە دیاری کردووە و ئەگەر حوکمدراوان بە کۆمەڵ لە شوێنێ ڕابگیردرێن دەبێ لە هەڵبژاردنی تاک تاکی ئەو کۆمەڵە کەسەدا ئەوپەڕی لێوردبوونەوە بکرێت( لە باری هاوتەمەنی و لایەنەکانی دیکە، بە تایبەت بۆکاتی نوستن) و شەوانەیش سەردان و چاوەدێرییەکی زیاتریان بۆ بکرێت .

حوکمدراوانی مادەهۆشبەرەکان نابێ لەگەڵ بەندییە ئاساییەکاندا ڕابگیردرێن. شوێنی ڕاگرتنی حوکمدراوی مادەی هۆشبەر، ئوردووگای کاردەرمانییە و نابێ لە بەندیخانەدا بن، مەگەر لەو پارێزگایانەی ئوردووگای کاردەرمانی دروست نەکرابێت کە لەم حاڵەتەدا حوکمدراوانی مادەهۆشبەرەکان لە بەندیخانەی گشتی ڕادەگیردرێن. (تێبینی مادەی ٢٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان)

**تێبینی ١:** بە پێی ئەم ڕێ و شوێن و دەستوورانە، هەڕەشە و ترساندنی هەندێ لە بەندکراوانی بڕوایی و سیاسی بە ڕاگواستنیان بۆ بەندی گەنجان یان بەندی بەندکراوە شەڕاشوو و بەدفەڕەکان و ئێعدامییەکان و هەروەها ڕاگواستنیان بۆ ئەم بەندانە لە لایەن بەرپرسانی بەندیخانەوە پێچەوانەی دەستوور و یاسایە و سەرپێچیکار دەبێ وڵامدەر بێت.

## ڕاگرتنی ئەو دەسبەسەرکراوانە یان ئەو بەندییانەی کە بە فەرمانی ناوەندی دادوەری دەبێ لە بەندییەکانی دیکە جودا بکرێنەوە، چۆناوچۆن دەبێت؟

ئەو حەکمدراوانەی کە بە پێی فەرمانی ناوندە دادوەرییە شیاوەکان، جیا لەوانی تر ڕادەگیردرێن، دەبێ ژوورێکیان بە پێداویستی پێویست بۆ لە بەرچاو بگرن. بەڵام ئەم کارە بە واتای ڕاگرتنیان لە «ژووری تاکەکەسی» دا نییە؛ چونکا لە دەستووری بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا ڕاگرتنی بەندی لە ژووری تاکەکەسیدا لە بەرچاو نەگیردراوە. لە بەرچاوگرتنی ژوورێک بۆ بەندکراو بە کەرەستەی پێویستەوە دژایەتیی نییە لەگەڵ ڕاگرتنی بەندکراو لە بەندی گشتی و لە پەنا بەندکراوانی دیکەدا.

جیاکردنەوەی بەندکراو وەکوو تەمبێکردنێک لە بەرچاو گیردراوە کە ئەگەر یاخیبوون و سەرپێچیکردنی بەندی بۆ شوورای پۆلێنبەندی بسەلمێ، ئەم شوورایە دەتوانێ لە جاری یەکەمدا بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ و لە جاری دووهەمدا بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ بڕیار بۆ جیاکردنەوەی بەندی دەر بکات. جیاکردنەوە بە واتای ئەوە نییە کە بەندی بخرێتە ژووری تاکەکەسییەوە بەڵکوو بە واتای ڕاگرتنیەتی لە شوێنێکی جیادا و لە ژووری یەک کەسی یان دوو کەسیدا. ئەم ژوورانە نابێ لە دەرەوەی بەندیخانە یان لە بەندیخانەیەکی دیکەدا بن، بەڵکوو لە ژوورێکی جیادا بە کەرەستەی پێویست و لە هەمان بەندیخانە ڕادەگیردرێن.

دەبێ ئەو خاڵەیش وەبیر بێنینەوە کە جیاکردنەوەی بەندکراوی سەرپێچیکار بە واتای ئەوە نییە کە لە پێداویستییەکانی بەندیخانە بێبەش بکرێت. (مادەی ٢٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا سەرۆکی بەندیخانە یان ڕێکخراوە مافی جیاکردنەوەی بەندکراوی هەیە؟

ئەگەر سەرۆکی بەندیخانە ئاگادار بکرێت و تێبگات کە یەکێ لە بەندییەکان حاڵەتێکی مەترسیداری هەیە و دەبێتە هۆی ئازار بۆ بەندییەکانی دیکە یان سەقامی بەندیخانە دەکاتە ئاڵۆزی و بشێوی، دەتوانێ فەرمانی جیاکردنەوەی بدات. سەرۆکی بەندیخانە بۆی نییە پتر لە ٢٤ سەعات بەندکراو بە شێوەی جیا ڕابگرێت. سەرۆکی بەندیخانە دەبێ ڕاپۆرتێک بنووسێت و لە یەکەم دەرفەتی دەسپێکی کاری ئیداریدا بە ئاگاداری شووڕای پۆلێنبەندی و شووڕای دیسیپلین بگەیەنێت بۆ ئەوەی شووڕای پۆلێنبەندی بە نیسبەت جیاکردنەوەی بەندی بەڵێن بدات.

هەروەها لە بابەتی پێویست و دەسبەجیدا، سەرۆکی بەندیخانە یان ڕێکخراوە دەتوانێ هەر لە سەرەتای وەرگرتنەوە و بە لێکدانەوەی خۆی بەندکراو جیا بکاتەوە، لە بابەتی وەهایشدا دەبێ لە یەکەم دەرفەتدا ڕاپۆرتێک بنووسێت و بە ئاگاداری شووڕای پۆلێنبەندیی بگەیەنێت بۆ ئەوەی ئەوان بە نیسبەت شێوازی ڕاگرتنی بەندی بەڵێن بدەن. ڕوون و ئاشکرایە کە سەرۆکی ڕێکخراوە کە خێرا و دەسبەجێ هەوڵ ئەدات بۆ جیاکردنەوەی بەندی، بۆی نییە تەنیا بە هۆی دەسبەجێبوونی بابەتەکە هەوڵ بدات بۆ جیاکردنەوەی بەندی؛ بەڵکوو دەبێ بۆ ئەم کارەی هۆکار و بەڵگەی پێویستی بە شێوەی نووسراو هەبێت.

## هەڵسوکەوتی بەندیەوانەکان لەگەڵ بەندییە جیاکراوەکاندا دەبێ چۆن بێت؟

ئەو بەندکراوەی بە هۆی حاڵەتی مەترسیدارەوە جیا دەکرێتەوە، دەبێ بەردەوام ڕۆژانە لەگەڵ پزیشک یان بەرپرسی بێهداری دیداری هەبێت، هەروەها دەبێ هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێ هەموو ڕۆژێک لە حەمامکردن و کتێبخوێندنەوە و ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕاوێژکار و بینینی مەلای بەندیخانە کەڵک وەربگرێت و لە کاتێکی گونجاوی ڕۆژدا کە بەندییەکانی دیکە لە هەواخۆری نەبن بتوانێ کەڵک لە هەواخۆری وەربگرێت. (مادەی ٢٩ و تێبینی مادەی ٣٦ی دەستووری بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان)

## حاڵەتی مەترسیدار چییە؟

حاڵەتی مەترسیدار بە دۆخێک ئەوترێ کە ئەو گومانە لە سەر تۆمەتبار یان بەندکراو دروست ئەکات کە لە داهاتوودا تووشی تاوانی توند و تیژ یان گرینگ دەبێت. ئەم بارودۆخە لە ڕووی پێشینە و تایبەتمەندیی دەروونی و کەسێتی و ڕەوشتەوە یان تاوانی کردەی تۆمەتبار و مەحکووم بە حەپسەوە هەڵدەسەنگێنن.

بۆ نموونە ئەگەر تۆمەتبار یان مەحکووم بە حەپس کەسێک بێت کە کونترۆڵی بە سەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خۆیدا نەبێت و لە کاتی تووڕەبوونا بۆ هێورکردنەوەی خۆی هیچ شتێک نەپارێزێ و بە ئاکار و ڕەفتاری توند و تیژانەی لە تێکدانی نەزم و دیسیپلینی ئەو شوێنە سنوورەکان ببەزێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە ڕابردووی ئەوە دەسەلمێنێ کە هەڵسوکەوت و ئاکاری توندوتیژانە زۆر جاران لەودا بینراوە. لەم دۆخەدا بەو ئەنجامە دەگەن کە ئەم کەسە لە حاڵەتێکی مەترسیداردایە و پێویستە لە بەندییەکانی دیکە جودا بکرێتەوە و بخرێتە ژێر چاوەدێری پزیشک و دەروونناسەوە.

جاری وایە لەوانەیە کەسێک لە بارودۆخێکی تایبەتدا تووڕە ببێت و لە کاتی تووڕەبووندا لەگەڵ کەسێکدا دەستەویەخە ببێت یان کەرەستە و کەلوپەلی نێو بەند بدات بە یەکدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو کەسە هەمیشە بە سەر هەڵسوکەوتی خۆیدا زاڵ بووە و هیچ ڕابردوویەکی توندوتیژی لە دۆسییەکەیدا بەدی ناکرێت. ئەم دۆخە بە حاڵەتی مەترسیدار نایەتە ئەژمار و ناتوانێ بەڵگە بێت بۆ جیاکردنەوەی لە بەندکراوانی دیکە. (بڕگەی ح مادەی ١ ی دەستووری بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## لە هەندێ لە فەرمانەکانی ناوەندی دادوەریدا ئەبینرێ کە نووسراوە: «تۆمەتبار جیا لە تۆمەتباران یان بەندکراوانی دیکە ڕابگیردرێت». ئایا ئەم فەرمانە مەبەستی ئەوەیە کە کەسی دەسبەسەرکراو یان بەندکراو لە ژووری تاکەکەسیدا ڕابگیردرێ؟

نا! بۆ ئەوەی وڵامێکی دروست بەم بابەتە بدەینەوە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو

بگرین کە:

**١**. لە هیچکام لە ڕێساکانی ڕێوشوێنی سزادا، ئیزنی ئەوە بە دادوەرەکانی دادسەرا یان دادگا نەدراوە کەسی دەسبەسەرکراو یان بەندکراو بنێرنە ژووری تاکەکەسی.

**٢**. لە هیچ کوێی قانوونی تاوانەکاندا، سزایەک وەکوو سزای بەندکردن لە ژووری تاکەکەسیدا لە بەرچاو نەگیردراوە.

**٣**. مەبەستی قانووندانەر لە جیاکردنەوەی تۆمەتبار لە بەندکراوانی دیکە ئەوەیە کە:

**ئ**. لە بەر کاتی بوونی بڕیاری دەرکراوی قۆڵبەستکردن، تۆمەتبار لە شوێنی ڕاگرتنی تۆمەتباران واتە گرتووخانە کاتییەکان و جیا لە بەندکراوان ڕادەگیردرێ و نایبەن بۆ بەندیخانە و ناو بەندکراوان.

**ب**. کەسانێک هەن دۆسییەیەکی هاوبەشیان هەیە و ڕاگرتنیان پێکەوە و لە یەک شوێندا لەوانەیە ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێنێ پێکەوە ساختوپاخت بکەن و بە هاوبیری یەکتر، لێکۆڵینەوەکان بە لاڕێدا ببەن. لەم جۆرە بابەتانەدا ناوەندی دادوەری بە فەرمانێک، شوێنی ڕاگرتنی ئەو تۆمەتبارانە لێک جیا دەکاتەوە. ئەمە بەو واتا نییە کە هەرکام لە تۆمەتبارەکان بە تەنیایی و لە ژوورێکی تاکەکەسیدا ڕابگیردرێن، بەڵکوو ئەوانە نابێ لە شوێنێک و لە لە بەندیخانەیەکدا پێکەوە بن. لەم جۆرە بابەتانەدا، بەرپرسانی گرتووخانە دەبێ هەرکام لە تۆمەتباران بنێرن بۆ بەندیخانەیەک و لە کن تۆمەتباران یان بەندکراوانی دیکە ڕایانبگرن.

(تێبینی ١ ی مادەی ٣٣ی دەستووری بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

### ڕاگرتنی ژنانی تۆمەتبار یان مەحکووم بە حەپس کە منداڵی شیرەخۆرەیان هەیە لە گرتووخانە یان بەندیخانە چۆنە؟ ئایا بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانی دەسبەسەرکردن یان مەحکوومبوون، بە زۆر منداڵەکانیان لێ جیا دەکەنەوە؟

نا! ئەو حوکمدراو و تۆمەتبارە ژنانەی کە منداڵی ژێر ٢ ساڵانیان هەیە مافی ئەوەیان هەیە تا منداڵەکەیان دەگاتە ٤ ساڵان، لە بەندیخانە یان گرتووخانە لای

خۆیان ڕاپگرن . ئەگەر بەندکراوێک منداڵی سەر تەمەن ٢ ساڵان تا ٦ ساڵانی هەبێت یان منداڵەکە لە دەرەوە کەسی نەبێت بە خێوی بکات، دەتوانێ بە وەرگرتنی ڕای شوورای پۆلێنبەندی، منداڵەکەی تا ٦ ساڵان لای خۆی ڕاگرێت. سەرۆکی بەندیخانەیش دەبێ لە بەندیخانە باخچەی ساوایان ڕێبخات بۆ ئەوەی منداڵانی تەمەن ٢ تا ٦ ساڵان لە سەر ڕەزامەندی دایکی پەروەردەی شیاوی بۆ لەبەرچاو بگیردرێت.

ئەگەرچی لە ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێخراوەی بەندیخانەکاندا سەعاتێکی دیاریکراو بۆ کارکردن لە باخچەی ساوایانی بەندیخانە دیاری نەکراوە بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە باخچەی ساوایانی چالاکی دەرەوە ماوەی کاتی کارەکەیان سنووردارە و دیاریکراوە، باخچەی ساوایانی بەندیخانەش بە پێی هەمان سنوورداری کاتی، کاردەکەن.

## منداڵی دایکانی بەندکراو پاش ئەوەی تەمەنیان دەگاتە سەر ٦ ساڵان، چییان بە سەر دێت؟

لەم بابەتەدا ئەرکی ئاریکاری کۆمەڵایەتییە کە هەوڵی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە ڕادەستی بنەماڵەکانیان بکەن و ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەم مەبەستە هەموار بکەن. ئەگەر بنەماڵە ئەو منداڵانەیان وەرنەگرتەوە، دەبێ ئاریکارە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی ئەوە بدەن ئەم منداڵانە ڕادەستی ئیدارەی بێهزیستی یان ڕێکخراوە شیاوەکانی دیکە بکرێن.

## ئایا دایکانی بەندکراو دەتوانن کەرەستەی تەندروستی لە بەندیخانە بۆ منداڵەکانیان بکڕن؟

دابینکردنی کەرەستەی تەندروستی بۆ ژنانی بەندی و منداڵەکانیان لە ئەستۆی بەندیخانەیە و ئەرکی بەندیخانەیە جیا لە کەرەستەی تەندروستی، خۆراکی پێویست بۆ دایکانی بەندی و منداڵەکانیان دابین بکات.

خۆراکی ژنانی دووگیان و منداڵانی شیرەخۆرە و ئەو دایکانەی منداڵی شیرەخۆرەیان هەیە بە پێی بەرنامەی خۆراکی بەندکراوانی دیکە نییە و ئەم چەشنە بەندکراوانە دەبێ

لە بەندیخانە خۆراکی تایبەتیان پێ بدرێت کە شیاو و گونجاوی بارودۆخیان بێت. (مادەی ١٥٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئەو کەرەستانەی بۆ بەندی ڕێگەپێدراون چین و دەبێ چ پێداویستیەکی بۆ دابین بکرێت؟

**ئ.** ئەو پێداویستییانەی بۆ بەندی ڕێگەپێدراون بریتین لە: کتێب و بڵاڤۆکی ڕێگەپێدراو، خەمیردیان و میسواکی پلاستیکی، سابوون و جێسابوونی پلاستیکی، شانەی پلاستیکی، خاولی ناونجی دەست و دموچاو و حەمام، جووتێک سەرپایی، ٢ جووت گۆرەوی، جلی ژێرەوە بە ڕادەی پێویست، دوو کراسی گونجاوی وەرز یان جلی هاوفۆڕمی تایبەتی بەندیخانە، پانتۆڵێک و ژێرپانتۆڵێک، چاویلکە، ناخوونگیری بێ چەقۆ، دەوری پلاستیکی، پەرداخی پلاستیکی و کەوچک.

**ب.** ئەو پێداویستی و کەرەستانەی کە ڕێکخراوە دەبێ بۆ بەندکراوی دابین بکات بریتین لە: کەرەستە و کاروباری ئاسوودەیی وەکوو: کتێبخانە، قەرەوێڵەی کانزایی و شیاوی شوشتن، مەلافە، باڵنج، دوو تەختە پەتوو، فەرش، تەلەفزوێن، یەخچاڵ، پێداویستی وەرزشی و پێداویستییە خۆراکییەکانی بەندکراوان لە میوە و سەوزەوە بگرە تا گۆشت و کەرەستەی پێویست بۆ نەخۆشەکان و بەساڵاچووان و ژنانی دووگیان. (مادەی ١٥٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**پ.** سەرۆکی ڕێکخراوە ئەرکی سەر شانیەتی کەرەستەی پێویست بۆ کورتکردنەوە و تاشینی سەروریشی بەندکراوان دابین بکات. (مادەکانی ٦٩ و ١٢٥ و تێبینی مادەی ١٢٧ و تێبینی١ی مادەی ٥٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**ت.** هەندێ لە بەندکراوان لە دەرەوەی بەندیخانە کار دەکەن و شەوانە لە ئاسایشگەی ناوەندی فێربوونی کار پشوو دەدەن. بەم جۆرە بەندیخانە دەڵێن: «بەندیخانەی نیوە باز». هەروەها هەندێ لە بەندکراوان لە «بەندیخانەی داخراودا» ڕادەگیردرێن و ناتوانن لە بەندیخانە بچنە دەرەوە، بەڵام لە

کارگەکانی ناو بەندیخانەدا کار دەکەن. ئەم دەستە بەندکراوەیش شەوانە لە «ڕاوێژگەی کاریگەری»دا دەمێننەوە.
بەندکراوانی نیوەباز و بەندکراوانی داخراوی ڕاوێژگەی کاریگەری بۆیان هەیە بێجگە لە جلی کار، لە وەرزی زستاندا جلی گەرمی (وەکووکاپشین، دەسکێش و کڵاو و جلی گەرمی ژێرەوەشیان) پێ بێت.
هەڵگرتنی کەوش لە بەندیخانەی داخراودا قەدەغەیە. ئەو بەندییانەی ئەندامی یانە وەرزشییەکانی بەندیخانەن لە کاتی ڕاهێنان و کێبڕکێدا کەوش و جلی وەرزشی لە سەرۆکی ڕێکخراوە وەر دەگرن. (مادەکانی ٧٠ و ٧١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ج. لە هەر ڕێکخراوەیەکدا چ بەندیخانەی باز بێت یان نیوە باز، کانوونی چاکسازی و پەروەردە و ئۆردووگای ساغکردنەوە دەبێ بە ڕادەی پێویست حەمام و ئاودەستی لێ بێت، هەروەها لە نێو ئاسایشگەدا بۆ شوتنی قاپ و قاچاغ و جلی بەندییەکان شوێنێک دابین کرابێت. (مادەی ١٢٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

چ. بەندکراو مافی ئەوەی هەیە بە پێی ستانداردە تەندروستییەکان دەستی ڕا بگات بە ئاوی خواردنەوەی سالم و ڕێکخراوە لە سەریەتی ئەم بابەتە بۆ بەندی دابین بکات. (مادەی ١٢٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ح. بەندی مافی ئەوەی هەیە بۆ خۆشوتن و جلشوتن ئاوی گەرمی پێویستی بۆ دابین بکرێت و ڕێکخراوە لە سەریەتی ئەم هەلە بۆ بەندی بڕەخسێنێ. (مادەی ١٢٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

خ. بەندی مافی ئەوەی هەیە وەکوو بەندکراوێک ئاگاداریی لە سەر مافەکانی خۆی هەبێت، هەر بەم مەبەستە ڕێکخراوە لە سەریەتی ماف و ئەرکە یاساییەکانی بەندی و بەندیەوان لە دوو توێی کتێبێکدا ئامادە بکات و بیدات بە بەندی. (بڕگەی ت مادەی ١٠٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

د. بەندکراوی کەمئەندام مافی ئەوەی هەیە لەو پێداویستییانە بەهرەمەند

بێت کە ئیمکانی ئەوەی بۆ دەرەخسێنێ بە بێ ئەوەی تووشی مەترسی ببێت ئازادانە بەم لاولادا هاتوچۆ بکات. بەندی کەمئەندام مافی ئەوەی هەیە وەکوو بەندییەکانی دیکە لە هەموو پێداویستییەکی پەروەردەیی و تەندروستی و سەرگەرمی بەهرەمەند بێت. بەم پێیە ڕێکخراوەی بەندیخانەکان لە سەریەتی کەرەستە و پێداویستییەکانی کەمئەندامی بەندکراو دابین بکات و شوێنی ڕیکخراوەکە بە جۆرێک تەیار بکات کە بۆ بەندکراوی کەمئەندام بە کەڵک بێت. (مادەی ١١٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ر. بەندکراوی لاڵ یان کەڕ، و ئەو بەندییەی زمانی فەرمیی وڵات نازانێ مافی ئەوەی هەیە لە کاتی پشکنینی پزیشکی و گفتوگۆ و لە کاتی دادگاییکردندا، وەرگێڕی هەبێت و ڕێکخراوە لە سەریەتی لەم بابەتانەدا هەلی دەسڕاگەیشتنی ئەم جۆرە بەندییانە بە تەرجومان برەخسێنێ. (مادەی ١١١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ڕ. بەندکراوی مەحکووم بە حەپس و تۆمەتباری دەسبەسەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە بەندیخانە یان لە گرتووخانە دەستی ڕا بگات بە «سامانەی سەنا»، بۆ ئەوەی بتوانێ لە گرتووخانە یان لە بەندیخانەوە ئاگاداری دۆسییەکەی بێت و لە کاتی پێویستدا بتوانێ دادخواز، دادنامە یان سکاڵانامە یان لایحە و...لە ڕێگای سامانەی سەناوە بۆ ناوەندە دادوەرییەکان تۆمار بکات و ئەو هەلەیان بۆ برەخسێ بە دواداچوون بکەن بۆ داخوازییە پێوەندیدارەکان بە مافی بەندی و کاروباری بژیو و کاروباری یاسایی پێوەندیدار بە حەپسەوە.
(مادەی ١١٣ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ز. بەندی مافی ئەوەی هەیە ١٥ ڕۆژ جارێک مەلافەکەی و سێ مانگ جارێک پەتوەکەی لە یەکەی جلشوتن بشۆرن و بە خاوێنی پێی بدەنەوە. بەم پێیە هەر ڕێکخراوەیەک لە سەریەتی یەکەیەکی جلشتن ڕێبخات بۆ شۆردنی پەتوو و مەلافە و جلی بەندکراوان و ئەگەر ئیمکانی ئەوەی نەبێت یەکەیەکی وا ڕێ بخات دەبێ لەگەڵ کەرتی تایبەت گرێبەستی شۆردنی مەلافە و پەتووی بەندکراوان ببەستێ. (مادەی ١٣٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ژ. بەندی مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ دۆخی کەش و هەوادا، ئاسایشگا و ژینگەی دالان و ژوورەکان، سیستەمی گەرما و سەرمای بە پێی بنەما تەندروستییەکان بۆ دابین بکرێت. (مادەی ١٣٣ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## مەبەست لە جلی هاوشێوە چییە؟

جلی هاوشێوە ئەو جلانەن کە لە بەندیخانە ساز دەکرێن و دەدرێن بە بەندکراوان. لە سەر ئەم جلانە نیشانێکی پێوەیە کە پێناسەی بەندیی لە سەر نووسراوە و بە گوێرەی جۆری ڕێکخراوەکە و پۆلێنبەندی و وەرزەکانیساڵ و کەش و هەوای پارێزگا گەلاڵە دەکرێن.

## ئایا لەبەر کردنی جلی تایبەتیی بەندیخانە، بۆ هەموو بەندییەکان زۆرەملییە؟

ئەگەرچی لەبەرکردنی جلی تایبەتیی بەندیخانە لە بەندیخانەدا زۆرەملییە بەڵام هەندێ جیاوازیش لە بەر چاو گیردراوە:

ئ. ئەو بەندییانەی لە دەرەوەی بەندیخانە و لە ناوەندە پیشەییەکان حەپسەکەیان دەکێشن، ناچار ناکرێن جلی تایبەتی بەندیخانە لە بەر بکەن.

ب. بەندکراوی سیاسی و ڕۆژنامەوانی، مەحکوومی ماڵی و یاریخوازی کانوونی چاکسازی و پەروەردە لە کاتی ناردنیان بۆ دەرەوەی بەندیخانە وەکوو دادسەرا و دادگا و نەخۆشخانە و...ناچارناکرێن کە جلی بەندیخانە لە بەر بکەن.

پ. ژنانی بەندی لە کاتی ناردنیان بۆ دەرەوەی بەندیخانە ناچار ناکرێن چارشێو بدەن بە سەریاندا. (مادەی ٧٣ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئەو مەحکوومەی کە بۆ بە جێهێنانی بڕیار دەینێرنە بەندیخانە، ئەگەر نەخۆشییەکی هەبێت چۆن هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکرێت؟

بەشی وەرگرتنی بەندیخانە هاوکات لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەندی یان دەسبەسەرکراودا ڕواڵەتی کونترۆڵ دەکات و ئەگەر نەخۆشینێکی قورسی هەبێت، پێش وەرگرتنی ڕاپۆرتێک دەنووسێت و بە بنکەی تەندروستیی بەندیخانەی دەناسێنێ بۆ ئەوەی لە لایەن پزیشکەوە پشکنینی بۆ بکرێت. ئەگەر بە جەستەی بەندییەوە شوێنی لێدان و برینداركردن ببێت پێش لە وەرگرتنی وێنە لە شوێنی لێدان و برینداری جەستەی دەگرن و لە ڕاپۆرتێکدا بە پەنجەمۆر و واژۆی کارگێڕی بەرێکەری دەگەیەنن، پاشان بەندی دەنێرن بۆ بنکەی تەندروستیی بەندیخانە بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکرێت.

کارگێڕی بەشی وەرگرتن دەسبەجێ بە ڕاپۆرتێکی نووسراو، سەرۆکی ڕێکخراوە ئاگادار دەکات بۆ ئەوەی بە ناوەندی دادوەریی پێوەندیدار ڕابگەیەنێت.

بەرپرسانی بەشی وەرگرتنی ڕیکخراوە (بەندیخانە یان ناوەندە پیشەییەکانی بەندیخانە، گرتووخانە، کانوونی چاکسازی و پەروەردە، یان ئۆردووی توانابەخشینەوە)، لە سەریانە لە کاتی وەرگرتنی بەندیدا سەرنجی باری جەستەیی و دەروونی و شوێنی کوتەک و لێدان لە سەر جەستەی بدەن و کونترۆڵی بکەن. ئەگەر شوێن و ئاسەوارێکیان لە نەخۆشی دەروونی یان جەستەیی تێدا بەدی کرد، دەبێ پێش وەرگرتنی بینێرن بۆ بنکەی تەندروستی بۆ پشکنینی پزیشکی، بۆ ئەوەی لە لایەن پزیشکی بەندیخانەوە پشکنینی بۆ بکرێت. ئەگەر ئاسەواری کوتەک و لێدانیش بە سەر جەستەی بەندییەوە بێت، دەبێ ئەو شوێنانەی سەر جەستە وێنەی لێ بگیردرێ و ڕاپۆرتێک بنووسن و بە واژۆ و پەنجەمۆری کارگێڕی بەرێکەری بگەیەنن. بەرپرسانی وەرگرتن دەبێ دەسبەجێ بە شێوەی نووسراو بابەتەکە بە بەرپرسی ڕێکخراوە ڕابگەیەنن بۆ ئەوەی بابەتەکە تۆمار ببێت و بە ئاگاداری ناوەندی دادوەریی پێوەندیدار بگات. **(مادەی ٥٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)**

بەندکراوێک کە نەخۆشینێکی قورس یان بارودۆخێکی جەستەیی نالەباری هەیە، بریندار یان بەرکەوتەیەک کە پێویستی بە چاوەدێری پزیشکی و نەخۆشخانەی هەیە، تا کاتی چاکبوونەوە و سەقامگیربوونی بارودۆخی، وەرناگیردرێ و دەبێ بنێردرێت بۆ بنکەکانی تەندروستی و ناوەندی دادوەریش لە بابەتەکە ئاگادار بکرێت. **(مادەی ٥٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)**

پاش ئەوەی تۆمەتباری دەسبەسەرکراو یان بەندی وەرگیردرا، دەینێرن بۆ بەشی «دیاریکردن». بەندی لانیکەم بۆ ماوەی یەک تا سێ هەفتە لە بەشی «دیاریکردن»دا دەمێنێتەوە و لەم ماوەیەدا بە پشکنینی پزیشکی و ناسینی نەخۆشیی گران یان ڤەگر، ناسینی کەسایەتی و بارودۆخی جەستەیی و دەروونیی بەندی و هەروەها لێکدانەوەی هۆکاری تاوانەکەی «دۆسیەی بارودۆخی» بۆ ساز دەکەن. بە سازکردنی دۆسیەی بارودۆخ، پۆلێنبەندی دەکرێت. **(مادەی ٥٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)**

بەندی لە بەشی دیاریکردندا لە لایەن پزیشک و دەروونناسی ڕێکخراوەوە پشکنینی بۆ دەکرێت. ئەگەر پزیشک یان دەروونناس وای لێک بداتەوە کە بۆ لێکدانەوەی کۆتایی و پسپۆڕانە پێویستە لە کەسی دەسبەسەرکراو یان بەندی، تاقیکاری پزیشکی و دەروونشیکاری بگیردرێت و بارودۆخی جەستەیی و دەروونی، بڵیندی قەڵافەت، کێش، جۆری نەخۆشی، پێشینەی نەخۆشییەکانی، دەوا و دەرمان، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ڤەگر، واکسیناسیۆن، پێست، موو، زار و ددان، بینایی چاوان، شنەفتن، ئالێرژی، جۆری نوخسانی، دۆخی دووگیانی و پێوەرە پزیشکی و دەروونشیکارییەکانی دیکەی لێک دەدرێتەوە و «دۆسیەی سڵامەتی» بۆ ساز دەکەن و هەموو ئەو بابەتانە لەم دۆسیەدا تۆمار دەکرێت. بەم شێوازە بارودۆخێکی گونجاو بۆ دڵنیایی لە ڕاگرتنی ئەو کەسە لە بەندیخانە دێتە ئاراوە و ئەگەر پێویست بێت دەخرێتە ژێر چاوەدێریی تایبەتەوە.

ئەم پشکنینە سەرەتاییانە بۆیە گرینگن کە بزانن بەندی لە قۆناخی بەندیخانەیدا پێویستی بە چ دەرمانێک هەیە و هەروەها بەرپرسانی بەندیخانەش بەم پشکنینانە دڵنیا دەبن لەوەی کە بەندیخانە نابێتە ڕێگر لە چارەسەری بەندیدا و ژیانی ناکەوێتە مەترسییەوە. ئەگەر پزیشکی متمانەپێکراو لەو دۆخەدا چارەسەری و دەرمان لە دەرەوەی بەندیخانە بە پێویستتر لە کێشانی حوکمەکەی بزانێ، بە فەرمانی ئەو دادوەرەی بڕیارەکەی دەرکردووە جێبەجێکردنی بڕیارەکە دوا دەکەوێ. هەروەها ئەگەر مەحکووم لە بەندیخانە تووشی دەردێکی بێ دەرمانی جەستەیی یان نەخۆشی دەروونی ببێت و پزیشکەکەی پێی وا بێت مانەوەی لە بەندیخانە مەترسیدارە، دادوەری جێبەجێکاری بڕیار دەبێ فەرمانی ڕاوەستانی بڕیارەکە دەر بکات و بەندییەکە تا کاتی چارەسەری ئازاد بکات. **(مادەی ٥٠٣ی دەستوور و شێوەی جێبەجێکردنی سزا)**

**١.** هەر کاتێک پزیشک یان دەروونناسی بەندیخانە بەو ئەنجامە بگات کە نەخۆشینی جەستەیی یان دەروونیی بەندکراو لە ئاستێکدایە کە ڕاگرتنی لە گرتووخانە یان بەندیخانە بۆ خۆی یان بۆ بەندکراوانی دیکە مەترسیدارە، یان لەوانەیە بەندیخانە ببێتە هۆی تەشەناکردن یان درەنگخستنی ڕەوتی چاکبوونەوەی، یان لەوانەیە پزیشک یان دەروونناسی بەندیخانە بەو ئەنجامە بگات کە پێویستە بەندی بۆ چارەسەری بچێتە دەرەوەی بەندیخانە، یان ئەوەی کە هیچ ئومێدێک نییە کە چارەسەر ببێت؛ بەم پێیە بابەتەکە ڕادەگەیەنێت بە دادوەری جێبەجێکاری بڕیار و ناوەندی دادوەریی پێوەندیدار.

**لە بابەتی وەهادا دادوەری جێبەجێکاری بڕیار دەتوانێ هەنگاو بنێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی خوارەوە:**

**ئ.** بە پێی ڕێسای مادەی ٥٠٢ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان، بە وەرگرتنی ڕای پزیشکی قانوونی، تا کاتی چاکبوونەوەی بەندی، سزاکەی بخاتە دواوە.

**ب.** لە تاوانی تەعزیریدا، ئەگەر بیسەلمێنێ کە هیچ هیوایەتێک بە چابوونەوەی نەخۆشییەکە نییە، بەم پێیە بە هێنانەوەی بەڵگە، دۆسیەکە دەنێرێ بۆ ناوەندی دادوەریی پێوەندیدار کە سزاکەی بگۆڕن بە سزایەکی دیکە کە شیاوی جێبەجێکردن بێت بۆ ئەوەی دادوەری بڕیاردەر بەڵێن بدات.

**پ.** دادوەری جێبەجێکاری بڕیار دەتوانێ مادەی ٥٢٣ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان بێنێتە گۆڕێ؛ واتە بە وەرگرتنی ڕای پزیشکی قانوونی ماوەی دەرمان دیاری بکات و بە وەرگرتنی دەستەبەری لە بەندی ئازادی بکات، بۆ ئەوەی لەو ماوە دیاریکراوەدا نەخۆشییەکەی چارەسەر بکات. ماوەی خەواندنی بەندی لە نەخۆشخانە بە حەپس بۆی دێتە ئەژمار.

(مادەی ٦٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**٢.** ئەگەر پزیشک بەو ئەنجامە بگات کە بەندی بە هۆی پیرییەوە، یان بە هۆی لاوازی جەستەیی و دەروونییەوە، یان بە هۆی ئاڵۆزی شوناسی نێرمایەوە دەبێ لە دۆخێکی تایبەتدا ئاگاداریی لێ بکرێت، شووڕای پۆلێنبەندی هاوتەریب لەگەڵ

کێشە و پێداویستییەکانی ئەودا هەندێ پلانی دارشتووە و ڕایگەیاندووە، کە بە پێی دەسەڵات لە بەندییەکانی دیکە جودای بکەنەوە و لە ژوورێکی جیادا کە هەموو پێداویستییەکی تێدا بێت، چاودێریی بکەن. نابێ لە نێوان ئەم جۆرە بەندییانە لەگەڵ بەندییە ساغەکاندا جیاوازییەک دابنرێت. ئەم جۆرە بەندییانە هەر وەکوو بەندییەکانی دیکە مافی کەڵکوەرگرتنیان هەیە لە هەواخۆری و ساڵۆنی وەرزشی و پێداویستییەکانی دیکە و دەبێ بۆیان دابین بکرێت.
(مادەی ٣٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی ولات)

## بەرنامەی ڕۆژانەی گرتووخانە و بەندیخانەکان

هەموو گرتووخانە و بەندیخانەکان بەرنامەیەکی ڕۆژانەیان هەیە کە پێوەندیی بە بابەتی تەندروستی وکاری وسلامەتیی بەندییەکانەوە هەیە وبە پێی ڕێسا ودەستووری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان، هەموو تۆمەتبار و مەحکوومێک لە گرتووخانە و بەندیخانە ناچارە ڕۆژانە ئەم بەرنامانە بە ڕێوە ببات. هیچکەسێک ناتوانێ لەو بەرنامەگەلە خۆی ببوێرێ مەگەر ئەوەی کە تۆمەتبارێک یان مەحکوومێک نەخۆش یان بەساڵاچوو بێت، ئەویش تەنیا کاتێ لە بەڕێوەبردنی بەرنامەکان مەعاف دەکرێت کە پزیشکی بەندیخانە نەخۆشین یان بەساڵاچوونەکەی پەسند بکات و ڕایگەیەنێت کە ئەو کەسە ناتوانێ بەرنامەی ڕۆژانەی بەندیخانە بەڕێوە ببات. لەم حاڵەتەدا بەندیی نەخۆش یان بەساڵاچوو، نەک بۆ هەمیشە بەڵکوو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی بەندیخانە مەعاف دەکرێت. کە وابوو تەنیا ئەو بەندییانە بۆ ماوەیەکی کاتی لە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی بەندیخانە مەعاف دەکرێن کە پزیشکی بەندیخانە ئەم مەعافبوونەی بۆ پەسند کردبێتن.
(مادەی ٦٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی ولات)

**تێبینی:** هەڵبەت ئەگەر تۆمەتبار یان مەحکوومێک بە هۆی بەساڵاچوونەوە مەعاف ببێت، ئاشکرایە کە دیاریکردنی ماوە بۆ مەعافبوونەکەی بێهوودەیە.

## ئایا لە ماوەی دەورانی حەپسدا لە لایەن بەرپرسانی بەندیخانەکانەوە بەرنامەیەکی تایبەت بۆ بەندییەکان لە بەرچاو گیردراوە؟

بەرنامەی ڕۆژانەی بەندکراوان پێش تاوکەوتن (بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی کەسانی مەعافکراو) دەس پێدەکات. بەندییەکان دەبێ تا کاتی تاوکەوتن ئەرکە ئایینیەکانی خۆیان بە جێ بێنن و خۆشتن و خاوێنکردنەوەی ئاسایشگا و کاروباری تایبەتی خۆیان ئەنجام بدەن. پاش تاوکەوتن کاتی وەرزش و سەرژمێرییە. هەموو ڕۆژێ هەمووان دەبێ بە ماوەی نیو سەعات وەرزش بکەن بێجگە لەوانەی کە مەعاف کراون. وەرزش لە دەرەوەی بەند یان لە سالۆنی وەرزشیدا دێتە ئەنجام. پاشان قاوەتوون دەکەن و دواتر دەچن بۆ ئەو وانە و کارگە پەروەردەییانەی بۆیان لە بەرچاو گیردراوە.

سەعاتی ١٢ تا ١٤:٣٠ کاتی بە جێهێنانی ئەرکە ئایینییەکان و خواردنی فراوێن و پشوویە. لە سەعاتی ١٤:٣٠ بەولاوە کاتی بەشداریکردنە لە بەرنامە و چالاکییە چاکسازی و پەروەردەییەکاندا. جارێکی دیکەش لە ئێوارەدا بەندییەکان سەرژمێری دەکرێنەوە. پاش سەرژمێری، بە جێهێنانی ئەرکە ئایینیەکانە و دواتر کاتی خواردنی شێوە.

کاتی «هەواخۆری» بەندییەکان بە پێی بەرنامەیەکە کە هەر ڕێکخراوەیەک بۆ خۆی دیاریی دەکات و دەبێ لە ڕۆژدا دوو جار بێت و هەر جارەش لانیکەم سەعاتێک ببێت. (مادەی ٦٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

کاتی «خامۆشی» لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵدا (واتە لە بەهار و هاویندا کە ڕۆژگار درێژە) سەعات ١٠ی شەوە و لە ٦ مانگی دووهەمی ساڵدا (کە ڕۆژگار کورتە و زوو تاریک دادێت) سەعات ٩ی شەوە.

هەڵبەت بۆ کاتی خامۆشی، لە ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا ڕیزپەڕێک لە بەرچاو گیردراوە کە لە ئەگەری ئەو بارودۆخەدا دەکرێ بە ئیزنی سەرۆکی بەندیخانە تا دوو سەعات دوا بخرێت. ئەم هەلومەرجە لە کاتی تایبەتدا وەکوو موتالاکردن یان بەجێهێنانی ڕاهێنانی دەرسی و پەروەردەیی یان لە کاتی

سەیرکردنی بەرنامەیەکی گرینگی تەلەفزوێندایە کە سەرۆکی بەندیخانە دەتوانێ ئیزنی سەیرکردنی بەرنامە بدات. ئەم ئیزنپێدانە دەبێ لە دەفتەری رووداوەکانی رێکخراوە و لە ژووری بەندییەکاندا تۆمار بکرێت.

هەروەها بۆ ئەوەی موزاحیمی بەندییەکانی دیکە نەبن لە بەشەکانی دیکەی بەندیخانە خامۆشی دەدرێت بەڵام بەندیی ئەو ژوورانەی سەعاتی خامۆشییەکەیان دوا کەوتووە دەتوانن بە بێدەنگی سەیری تەلەفزوێن بکەن یان موتالا بکەن.

**تێبینی**: **خالی جێگای سەرنج ئەوەیە کە لە بەرنامەی رۆژانەی بەندییەکاندا بێجگە لەو مەودا کاتییەی نێوان سەعات ١٢ تا ١٤:٣٠ کە کاتی پشوودانە، کاتێکی دیکە بۆ خوێندنەوەی کتێب و کارە تایبەتییەکانی دیکە لە بەرچاو نەگیردراوە و بە داخەوە بۆ بەرێوەبردنی ئەم بەرنامەگەلە بەندییەکان دەبێ پتر لە ٨ سەعات لە کلاس و کارگەکان و چالاکییە چاکسازی و پەروەردەییەکاندا بن و تەنیا لە مەودای دوای خواردنی شێو تا کاتی خامۆشی دەتوانن موتالا یان هەر کارێکی دیکە بکەن.** (مادەکانی ٦٥ و ٦٦ی رێسای بەرێوەبەرایەتی رێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا لە ئاسایشگادا، پێوەندیی نێوان بەندییەکان دەخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە بۆ ئەوەی هیچکام لە بەندییەکان نەبنە ملۆزم بۆ ئەوانی دیکە؟

بەندییەکان دەبێ لە پێوەندی نێوان خۆیان و بەرپرسانی بەندیخانە ئەدەب و نەزاکەت رەچاو بکەن و قوولە و هەرا نەکەن، بە دەنگی بەرز گۆرانی نەخوێنن، خۆیان لە مشتومڕ و بە گژ یەکدا چوون بپارێزن، هەروەها نابێ لە شوێنی داخراودا سیگار بکێشن.

بۆ چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی بەندییەکان و بەرێوەچوونی پلان و رێسای بەندیخانە، لە هەموو ژوورەکان و دالانەکان و شوێنە گشتییەکانی رێکخراوە، کامێرای چاوەدێری دادەنێن کە شەو و رۆژ دەنگ و رەنگی بەندییەکان تۆمار دەکات.

سەرۆکی رێکخراوە و فەرماندەی یەکەی پاراستن و بەرپرسی پاراستن و راگەیاندنی بەندیخانە بۆیان هەیە هەموو ئەو وێنانەی کامێرای چاودێری ببینن.

بەم پێیە بە کامێرای چاوەدێری کە لە هەموو شوێنێکی ڕێکخراوە دانراوە هەڵسوکەوتی بەندکراوان دەخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە. (مادەی ٦٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

### ڕۆژانە چەند جار بەندییەکان سەرژمێری دەکرێن؟

ڕۆژی دوو جار بەندییەکان سەرژمێری دەکرێن، بەڵام لە کاتی پێویستدا کارگێڕی چاودێر دەتوانێ لە کاتی گۆڕینی نۆبەی کاری و گۆڕینی شوێندا، سەرژمێری بەندییەکان بکات.

لانیکەم مانگی جارێک شوێنی کار و ئاسایشگا و شت و مەکەکانیان دەپشکێنرێ و بۆ هەر جارێ هاتنە دەرەوە و چوونەژوورەوەیان بۆ بەندیخانە و ئاسایشگا، پشکنینی جەستەییان بۆ دەکرێت. (مادەکانی ٧٤ و ٧٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

### ئایا کارگێڕانی بەندیخانە بۆیان هەیە ئاسایشگا و کەلوپەلی بەندییەکان بپشکنن؟

بەڵێ. ئەم بابەتە لە ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا ڕەچاو کراوە. بە گوێرەی دەستوور، بەرپرسانی بەندیخانە دەتوانن لانیکەم مانگی جارێک ئاسایشگا بپشکنن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە شتی قەدەغەکراو نەهاتۆتە ناو ئاسایشگا.(مادەی ٧٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

### ئایا لە کاتی پشکنینی ئاسایشگادا، دەبێ بەندییەکان لە ئاسایشگا بچنە دەرەوە؟ ئایا بۆیان نییە چاودێریی پشکنینی کەلوپەلەکانی خۆیان بکەن؟

سەبارەت بە شێوازی پشکنینی کەلوپەلی بەندییەکان لە ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا باسێک نەهاتۆتە ئاراوە بەڵام بە سەرنجدان بە یاسا و ڕێساکانی پێوەندیدار بە مافەکانی تۆمەتبار و مەحکووم، پێویستە پشکنینی

کەلوپەلی بەندییەکان بە چاودێریی خۆیان و بە جۆرێک ئەنجام بدرێت ئاسایشگا نەدرێت بە یەکدا و کەلوپەلی بەندییەکان زیان نەبینێت.

چالاکی پشکنین نابێ ببێتە هۆی ئازاری بەندییەکان و جۆرێک لە «ئەشکەنجە» بێتە ئەژمار. ئەگینا لە لایەکەوە یاسایی بوونی پشکنین و ڕاستی و دروستیی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی نووسراو و دۆزینەوە و دەس بەسەرداگرتنی کالوپەلی نایاسایی، دەتوانێ لە لایەن بەندییەکانەوە ئینکار بکرێت و لە لایەکی دیکەشەوە پێکدادانی ئاسایشگا و زیانگەیاندن بە کەلوپەلی بەندی و ئازار و ئەزیەتی ئەوان جۆرێک ئەشکەنجە دێتە ئەژمار کە بە پێی یاسا تاوانە و دەکرێ بەدواداچوونی یاسایی بۆ بکرێت.

◎ **نموونـە:** پشکنینی بەندەکانی بەندیخانە لە وەرزی زستاندا نابێ بە جۆرێک بێت کە بەندییەکان لە سەرمای زستاندا لە بەر بەفر و سەرما و سۆڵە، لە هەواخۆریدا وەمێن، یان لە گەرمای هاویندا لە ژێر هەتاوی بە تەوژمدا ڕایانگرن و ئیزن نەدەن بۆ ئاودەستیش بچنە ناو بەند.

## ئایا بەندی دەتوانێ پووڵی نەغدی پێ بێت؟

نا! بەندی ناتوانێ پووڵی نەغدی پێ بێت. بەڵام لە بەر ئەوەی کە تۆمەتبار و مەحکووم دەتوانن هەندێ لە پێداویستییەکانی خۆیان لە فرۆشگەی بەندیخانە یان گرتووخانە دابین بکەن، بەرپرسانی بەندیخانەکان لە سەریانە بۆ چارەسەری ئەم بابەتە، بە ناوی تاک تاکی تۆمەتباران و مەحکوومان حیسابی بانکی بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە پووڵی ناو ئەو حیسابە پێداویستییەکانی خۆیان لە فرۆشگەی بەندیخانە بکڕن. دارایی ئەو حیسابە لە لایەن بەندییەکانەوە یان بنەماڵەکانیانەوە دابین دەکرێت و بەندییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە کارتی ئیعتباری کە لە کاتی وەرگرتنیان پێیان دەدرێت، پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن. (مادەی ٥١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئەگەر تۆمەتبار یان مەحکووم بە حەپس، پووڵی نەعد یان بەڵگەی بەنرخی پێ بێت، چ هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ دەکرێت؟

ئەگەر بەندیەوانەکان لە ناو کەلوپەلی بەندیدا پووڵی نەغد یان بەڵگەی بەنرخ ببیننەوە لەوانەیە دوو حاڵەت بێتە ئاراوە:

**١**. ئەگەر ئەو پووڵە لە ڕێگای نارەوادا کەڵکی لێوەرگیرابێت: بۆ نموونە بەندی ئەو پووڵەی وەکوو بەرتیل دابێت بە کەسێک، یان لە بەندیخانە قوماری پێکردبێت و بۆ قومار کەڵکی لێوەرگرتبێت، چونکا ئەم جۆرە کارانە بۆ خۆیان تاوانن، هەموو ئەو پووڵانە دەستی بەسەردا دەگیردری و بە ڕاپۆرتێک بە دادوەری چاودێری بەندیخانەی ڕادەگەیەنن بۆ ئەوەی وەکوو تاوانێک هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. واتە بۆ بەندی دۆسییەیەکی نوێ دەکرێتەوە و ئەمجارەیان دەبێ بە تۆمەتی بەرتیل یان قومار یان هەر تاوانێکی دیکە کە بەو پووڵە لە بەندیخانەدا کەڵکی لێوەرگرتووە، دادگایی بکرێت.
هەروەها ئەگەر بێجگە لە پووڵ، شتی قەدەغەی دیکەش لە بەندی بگرن کە ڕاگرتنیان تاوان بێت (وەکوو مادە هۆشبەرەکان و شەڕاب و...) بابەتەکە بە ڕاپۆرتێکی نووسراو بە دادوەری چاودێری بەندیخانە ڕادەگەیەنن بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاسا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت.

**٢**. ئەگەر لەو پووڵ و بەڵگە بەنرخانەی کە دەستی بە سەردا گیراوە کەڵکی نارەوایان لێنەکرابێت، هەروەها سەبارەت بەو کەرەستانەی کە هەڵگرتنیان تاوان نییە (وەکوو کەرەستەی کایەی مینج یان شەترەنج، یان ئەوەی کە بەندییەک ڕادوێیەکی چەند شەپۆلیی پێ بێت) لە بەر ئەوەی ڕاگرتنی مینج یان ڕادوێیەکی چەند شەپۆلی تاوان نییە، لەم حاڵەتەدا ئەو کەرەستانەی لێ دەگرن و بابەتەکە تەنیا بە ڕاپۆرتێک بە ئاگاداریی شووڕای نەزم و دیسیپلین ڕادەگەیەنن.

## ؟ ئایا بەرپرسانی بەندیخانە مافی ئەوەیان هەیە لە بەر ڕاگرتنی کەرەستەی نایاسایی، ئەشکەنجەی بەندی بکەن؟

نا! هیچ بەرپرسێک مافی ئەوەی نییە لە هیچ هەلومەرجێکدا بەندی ئەشکەنجە بکات یان جنێوی پێ بدات و بێڕێزیی پێ بکات. لە هەر بەندیخانەیەکدا سەرۆکی بەندیخانە بەرپرسی پاراستنی بەندییە و ئەگەر شتی وا ڕوو بدات دەبێ وڵامدەر بێت.

## خۆراکی گرتووخانە و بەندیخانە

دابینکردنی بەرنامەی خۆراکی بەندکراوان لە ئەستۆی بەڕێوەبەری گشتی پارێزگایە کە بە پێی وەرزەکانی ساڵ، پەسندی دەکات و بە بەندیخانەکانی رادەگەیەنێت. لە ئامادەکردنی بەرنامەی خۆراکی بەندیخانەکاندا دەبێ بارودۆخ و پێداویستییە ناوچەییەکان لە بەرچاو بگیردرێ. بۆ نموونە بەرنامەی خۆراکی بەندیخانەکانی باکووری ئێران لەگەڵ بەرنامەی خۆراکیی بەندیخانەکانی باشووری وڵاتدا دەبێ جیاواز بێت و بە پێی بارودۆخی جوغرافیایی و کەلتووری خۆراکی ئەو ناوچە بێت. (مادەی ١٥٣ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

هەروەها نابێ خۆراکی بەندی لەگەڵ خۆراکی بەندیەوان یان کارگێڕانی بەندیخانە جیاوازیی هەبێت. واتە لە بەندیخانە تەنیا جۆرێک خۆراک لێدەنرێت کە هەم کارگێڕانی بەندیخانە دەیخۆن و هەمیش بەندییەکان.

**تێبینی**: تۆمەتبار و مەحکووم دەبێ سێ ژەمی (قاوەڵتوون و فراوێن و شێو) خۆراکیان پێ بدرێت.

ئەو منداڵانەی وەکوو یاریخواز لە کانوونی چاکسازی و پەروەردە ڕادەگیردرێن، بە هۆی ئەوەی لە تەمەنی گەشەکردندان دەبێ جیا لە سێ ژەمەی خۆراکی سەرەکی، لە بەیندا دوو جاری دیکە خواردنیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی زیان بە گەشەکردنیان نەگات. (تێبینی مادەی ١٥٣ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

- ژنانی دووگیان و دایکانی مناڵ بەبەر و منداڵەکانیان دەبێ بەرنامەی تایبەتیان بۆ خواردن هەبێت بۆ ئەوەی خەسار بە گەشەی منداڵ و تەندروستیی دایک نەگات. (بڕگەکانی پ و ت، مادەی ١٥٨ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

- بە پێی بەرنامەی خۆراکیی پەسندکراو و سازگار لەگەڵ بارودۆخی کەش و هەوای هەر ناوچەیەک، دەبێ خۆراکی پێویست کە کالۆری و ڤیتامینی گونجاوی هەبێت لەگەڵ چایی و ئاوی خواردنەوەی سالمدا بدرێتە مەحکوومان. بەرپرسانی

پێوەندیدار دەبێ هەوڵی بەردەوام بدەن بۆ ئەوەی ئازووقە و خواردەمەنیەکان خراپ نەبن و قاپوقاچاغ و چێشتخانە خاوێن ڕابگرن. بۆ نموونە بۆ شوتنی قاپەکان بە ڕادەی پێویست مایعی دەفرشوتن و ئیسکاج بدەنە بەندییەکان، هەروەها بۆ مانەوەی ئەو خۆراکەی بەندییەکان دەیکڕن بە ڕادەی پێویست، لە ئاسایشگادا یەخچاڵ دابین بکرێت.

- هەر گرتووخانە و بەندیخانەیەک ئەگەر بۆی جێبەجێ ببێت دەتوانێ چێستخانەی لێکجیای هەبێت کە لەم حاڵەتەدا تۆمەتبار و مەحکووم دەبێ لە چێستخانە خۆراک بخۆن.

- تۆمەتبار و مەحکوومی نەخۆش لەو ماوەیەدا کە نەخۆشن و پێویستیان بە خۆراکی تایبەتی هەیە دەبێ بە پێی بەرنامە و ڕای پزیشک لە بێهدارییەوە خۆراکی تایبەتی نەخۆشیان بۆ دروست بکرێت و پێیان بدرێت. **(مادەی ١٥٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)**

- بەرنامەی خۆراکی ڕۆژانەی بەندییەکان لە مانگی ڕەمەزاندا لە لایەن فەرمانگەی گشتی پارێزگاوە و بە هاوئاهەنگی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان ڕادەگەیەنرێ. بەرنامەی خۆراکی مانگی ڕەمەزان تەنیا مسوڵمانان و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە توانای ڕۆژووگرتنیان هەیە. ئەم بەرنامە کەمینە ئایینیەکان و نەخۆشەکان و ئەو کەسانەی عوزری شەرعییان هەیە لە خۆی ناگرێت. نەخۆشەکان بۆ مەعافبوون لە بەرنامەی خواردنی مانگی ڕەمەزان دەبێ بەڵگەی پزیشکی ڕێکخراوەیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن سێ ژەمەکە خواردن بخۆن.

- خاڵێکی سەیر کە سەبارەت بە ژەمە خواردنەکانی کەمینە ئایینیەکانەوە هاتۆتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە بۆ ئەوەی بتوانن ژەمە خواردنی بەرقلیان و فراوێنیان هەبێت، پێویستە پەسندنامەی یەکەی چاکسازی و پەروەردەیان هەبێت. سەبارەت بەو کەسانەش کە لە باری شەرعییەوە لە گرتنی ڕۆژوو مەعافن، وەکوو ژنی بەندی کە لە سووڕی مانگانەدایە؛ لەم حاڵەتەدا تەنیا کاتێ ئیزنی پێ دەدرێت کە ژەمە خواردنی بەرقلیان و فراوێن بخوات کە یەکەی پەروەردە و ڕاهێنان، سووڕی مانگانەی بسەلمێنێ. **(مادەی ١٥٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)**

**بەرنامـــەی خـــۆراک:** ئەگەرچی لە ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی پەسندکراوی ساڵی ١٤٠٠دا ئاماژە بە بەرنامەی خۆراکی گرتووخانە و بەندیخانەکان نەکراوە بەڵام بە پێی دەستووری پێشوو کە بەرنامەی خۆراکی گرتووخانە و بەندیخانەکانی دیاری کردبوو، هەر ئەو بەرنامە لە چوارچێوەی ئەم دەستوورە تازەدا پەسندە و بەڕێوە دەچێت.

**بە پێی دەستووری جێبەجێکاری پێشوو، لانیکەمی بەرنامەی خواردنی هەر ڕێکخراوەیەک بریتییە لە:**

**بەرقلیان:** نان و پەنیر و چایی

**فراوێن یان شێو:** سەوزەواتی تازە یان ویشککراوە، برنج، هێرەڵماسی، پیاز، دانەوێڵە، جۆرەکانی شیرەمەنی، هێلکە و میوەی وەرز، هەر حەوتوویەک ٣ جار دەبێ لە ژەمە خواردنەکانی فراوێن و شێودا خواردنی گۆشت بدەنە حوکمدراوان.

جۆری خواردن بۆ حوکمدراوانی هەر بەندیخانەیەک بە شێوەی یەکسان لێدەنرێت و دابەش دەکرێت. بەو جۆرە نییە کە لە بەندیخانەیەک کەباب بدرێت بە بەندییەکان و لە بەندیخانەیەکی تر نان و هێرەڵماسی.

کەرەستەی خواردن بۆ هەر حوکمدراوێک بریتییە لە: دەوری، قاپ، پەرداخ و کەوچک (ئەم شتانە باشتر وایە لە جۆری مەلامین بن).

حوکمدراوان دەبێ هەموویان بە بێجیاوازی لە خاوێنکردنەوەی چێشتخانە و شوشتن و ویشککردنەوەی قاپوقاچاغدا بەشداری بکەن.

## فرۆشگەی بەندیخانە

بەندییەکان دەتوانن کەلوپەلی پێویستی خۆیان لە فرۆشگەی بەندیخانە دابین بکەن. نرخی ئەو شتانەی کە فرۆشگەی بەندیخانە دەیفرۆشێت بە بەندییەکان:

١. نابێ زیاتر لەو نرخەی بێت کە بە سەر کاڵاکەوە نووسراوە.

٢. کاڵا دەبێ بە فاکتۆر بفرۆشرێت بە بەندی.

تەنیا ئەو کەلوپەلانە لە فرۆشگەی بەندیخانە دێنە فرۆشتن کە لە لایەن

ڕێکخراوەی بەندیخانەکانەوە ڕاگەیەنرابێت. هەر بەم مەبەستە ڕێکخراوەی بەندیخانەکان خشتەی کاڵا ئیزنپێدراوەکان ئامادە دەکات و ڕایدەگەیەنێ بە فەرمانگەی گشتی بەندیخانەکان. کەوابوو لە فرۆشگەی بەندیخانە هەموو شتێکی لێ نییە. دەبێ سیاپی ئەو شتانەی لە فرۆشگەی بەندیخانەدا هەن لە سەر کاغەزێک بنووسرێت و بە درگای فرۆشگەدا هەڵواسرێت بۆ ئەوەی بەندییەکان بزانن چ شتێکی لێیە و نرخەکانیان چەندە. چاودێری بە سەر دۆخی فرۆشگە و نرخی شتەکان لە ئەستۆی سەرۆکی بەندیخانەیە.

بەندی بۆی هەیە بە نیسبەت نرخی شتەکانی فرۆشگە نارەزایەتی دەربڕێت. ئەگەر نرخی کاڵایەک گرانتر لە دەرەوەی بەندیخانە بێت، بەندی مافی ئەوەی هەیە سکاڵانامەیەک تۆمار بکات و فاکتۆری فرۆشەکەی پەیوەستی سکاڵاکەی بکات و ڕادەستی نوێنەری پشکنین یان پاراستن و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەی بکات.

ئەگەر سکاڵای بەندی پێوەندیی بە پاقژی کاڵاکانی فرۆشگەی بەندیخانە بێت، وەکوو زایەبوونی گۆشت یان شتی خواردەمەنی دیکە، دەبێ سکاڵاکەی پێشکەش بە بەشی تەندروستی ڕێکخراوە بکات. (مادەی ١٥٩ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## پاکوخاوێنی ئاسایشگاکان

ڕەچاوکردنی بنەماکانی تەندروستی لە هەموو شوێنەکانی بەندیخانە بە تایبەت لە ئاسایشگای حوکمدراوان، پێویستە. کەوابوو پاقژی هەموو ئەو شوێنانەی بەندییەکان تێیدا هاتوچۆ دەکەن و کەڵکی لێوەردەگرن لە ئەستۆی بەندییەکانە. ئەو شوێنانە بریتین لە: ژووری ئاسایشگا، کوریدۆرەکان، حەساری هەواخۆری، ئاودەستەکان، هۆڵی کۆبوونەوەکان، نوێژخانە، کتێبخانە، کارگە و ڕێکخراوە پیشەسازییەکان، کەشاوەرزی و خزمەتگوزارییەکان. هیچ بەندییەک بۆی نییە بەندییەکی دیکە ناچار بکات بەوەی کارەکانی بۆ بکات، یان بە هەڕەشە و وادە و بەڵێن یان بە یارمەتی ماڵی کارەکانی خۆی پێ ڕاپەڕێنێ.

مەحکووم یان تۆمەتبارێک کە نەخۆش بێت یان بەساڵاچوو بێت و نەتوانێ ئەرکەکانی بە جێ بێنێ، بە شەهادەی پزیشکی بەندیخانە و پەسندکردنی بەرپرسی بنکەی تەندروستی و بە فەرمانی سەرۆکی بەندیخانە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە

کاروباری پێوەندیدار بە پاکوخاوێنی مەعاف دەکرێت.

## پارێزەری بەند کێیە و چۆن ئەم بەرپرسیارەتییەی پێ دەدەن؟

بەندکراوانی هەر بەندێک یان هەر هۆڵێک، ساڵی جارێک لە نێوان خۆیاندا ٣ تا ٥ کەس وەکوو «شوورای بەندییان» هەڵدەبژێرن کە کاروباری بەندکراوانی ئەو بەندە لە ئەستۆیان دەبێ. پاش هەڵبژاردنی شوورای بەندکراوان، سەرۆکی بەندیخانە لە ناو ئەو چەند کەسەدا یەکێکیان وەکوو «پارێزەری بەند» دیاری دەکات کە وەکوو نوێنەری بەندکراوان، لەگەڵ بەرپرسانی بەنددا لە پێوەندیدا بێت و کێشە و گرفت و داخوازیی بەندییەکان بە بەرپرسانی پێوەندیدار ڕادەگەیەنێت. بەڵام سەرۆکی بەندیخانە بۆ دانانی پارێزەری بەند دەبێ پەسندنامەی پاراستن و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەیشی هەبێت.

**بەم پێیە:** پارێزەری بەند کەسێکە کە لە نێوان هەڵبژێردراوانی بەندییەکان (وەکوو شوورای بەندکراوان) و لە لایەن سەرۆکی بەندیخانە و بە پەسندی بەشی پاراستن و ڕاگەیاندن دیاری دەکرێت.

سەرۆکی بەندیخانە مافی ئەوەی نییە لە پارێزەری بەند وەکوو بەندییەوان یان کارگێڕی چاوەدێری کەڵک وەربگرێت؛ چونکا سپاردنی ئەرکی بەندیەوانی یان کارگێڕی چاوەدێری بە پارێزەری بەند قەدەغەیە. (مادەی ٧٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## بەندکراوی نەخۆش و ئەرکی بەرپرسانی گرتووخانە و بەندیخانەکان لە ئاست ئەواندا

بنکەی تەندروستی و دەرمانی ڕێکخراوە دەبێ ٦ مانگ جارێک لە بواری تەیارکردن بە پێداویستی تەندروستی و پزیشکی و کادری پسپۆڕ، تاوتوێ بکرێ و بە گوێرەی پێویست تەیار بکرێت.

ئەو ڕێکخراوانەی کەمتر لە ٥٠٠ بەندکراویان هەیە دەبێ پەرستارێک یان یاریدەدەری پەرستارێک، شەو و ڕۆژ بە بەردەوامی لە بنکەی تەندروستی و دەرمانی بەندیخانەدا بێت، و بە پێی پێویست لە حەوتوودا چەن سەعاتێک پزیشکیش

سەردانی بنکەی تەندروستی بکات.
لەو ڕێکخراوانەی پتر لە ٥٠٠ بەندی و تا ٣٠٠٠ بەندییان هەیە دەبێ هەموو ڕۆژێک بە بەردەوامی پزیشکێک لە ناوەندی تەندروستی ئامادە بێت و ئەو ڕێکخراوانەی پتر لە ٣٠٠٠ بەندییان هەیە دەبێ لە سێ نۆبەی کاریدا و شەو و ڕۆژ پزیشک لەوێ ئامادە بێت.
لە هەموو ڕێکخراوەکاندا بە هەر ڕێژەیەکی بەندییەوە، دەبێ لە هەفتەدا چەند سەعاتێک پزیشکی پسپۆڕ سەردانی بنکەی تەندروستی بکات. (مادەی ١٣٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**ڕاگواستن بۆ نەخۆشخانە:** بە پێی دەستووری بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان، بەرپرسانی بەندیخانەکان دەبێ ڕێ و شوێنێکی وەها بگرنە بەر کە پێداویستییەکانی بنکەی تەندروستی بەندیخانە بۆ خزمەتگوزاری دەرمانی و تەندروستی بەندییە نەخۆشەکان شیاو بێت و پێویستییە تەندروستییەکانیان دابین بکات. بەڵام ئەگەر دۆخی نەخۆشی بەندی جۆرێک بێت کە لە بنکەی تەندروستیی بەندیخانە چارەسەر نەکرێت بۆ ڕاگواستنی بەندیی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی بەندیخانە، پێویستە بەرپرسی بنکەی تەندروستی و دەرمان بابەتەکە پەسند بکات و دادوەری جێبەجێکاری بڕیار و سەرۆکی ڕێکخراوە یان بەندیخانەش ڕای ئەو پەسند بکەن.
بەم پێیە، بۆ ئەوەی بەندی ڕاگوێزن بۆ نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی بەندیخانە و لەوێ چارەسەری پزیشکیی بۆ بکەن، دەبێ جیا لەوەی کە سەرۆکی بنکەی تەندروستی یان پزیشکی ڕێکخراوە پەسندی دەکەن، ٢ بەرپرسی دیکەی بەندیخانە واتە دادوەری جێبەجێکاری بڕیار و سەرۆکی ڕێکخراوەش ڕەزامەندی خۆیان ڕاگەیەنن.
ئەگەر نەخۆشی بەندی لە دۆخێکدا بێت کە دەبێ دەسبەجێ بنێردرێت بۆ نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی بەندیخانە و بەرپرسان بە خێرایی نەتوانن ڕەزامەندی دادوەری چاوەدێری بەندیخانە وەرگرن، دەبێ لە زووترین کاتدا بە فەرمانی بەرپرسی ناوەندی تەندروستی و ئیزنی سەرۆکی ڕێکخراوە یان بەندیخانە – لە ئەگەری نەبوونی سەرۆکی بەندیخانە بە ڕەزامەندیی جێگرەکەی- نەخۆشەکە

ڕەوانەی نەخۆشخانە بکەن و دواتر لە ڕاپۆرتێکدا بابەتەکە بە ئاگاداری دادوەری چاودێر بگەیەنن. گرینگیی پێڕاگەیشتن بە دۆخی تۆمەتبار و مەحکوومی نەخۆش ئەو پێویستییە دێنێتە ئاراوە کە لە بابەتی خێرادا، بەرپرسان چاوەڕێی فەرمانی دادوەری چاودێری بەندیخانە نەبن. (مادەی ١٣٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

دادوەری چاودێر و بەرپرسانی ناوەندە پیشەیی و کارەکان و بەندیخانەکان لە سەریانە ڕابگەن بە بارودۆخی ئەو مەحکوومانەی نەخۆشی گران یان نەخۆشیی بێدەرمانیان هەیە، بە پێی بابەت بە گوێرەی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان کارێک بکەن کە مەحکوومی نەخۆش تا کاتی چاکبوونەوە، ماوەی حەپسەکەی لە نەخۆشخانە تێپەڕێنێ.

تێچووی دەرمانی ئەو نەخۆشییانەی «پێویست بە چارەسەری و دەرمانی خێرا ناکەن» (وەکوو نەشتەرگەری جوانکاری، یان ئەو نەخۆشییانەی بە هۆی هەڵەی مەحکوومەوە هاتۆتە دی) لە ئەستۆی مەحکووم یان ئەو کەسەیە کە بە هۆی تاوانی ئەوەوە تووشی بووە. بەڵام ئەگەر بەندی لە باری ماڵییەوە هەژار بێت و نەتوانێ تێچووی چارەسەریی نەخۆشییەکەی بدات، یەکەی یاریکاری بەندیخانە بارودۆخی ماڵی ئەو لێک دەداتەوە و ئەگەر بۆی ڕوون ببێتەوە کە بەندیی نەخۆش (سەرەڕای ئەوەی تووشبوون بەو نەخۆشییە تاوانەکەی لە ئەستۆی خۆیەتی)، ئەوەندە دەستەنگە کە لە سەختی و دژواریدایە و توانای ئەوەی نییە تێچووی دەرمانەکەی بدات؛ لێرەدایە کە ڕێکخراوە لە سەریەتی تێچووی دەرمانەکەی بدات.

بە وردبوونەوە لەم مادە لە دەستووری بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان وا تێدەگەی کە تێچووی دەرمانی ئەو نەخۆشییانەی بەندی تووشی دەبێت و چارەسەکردنی «پێویستە»، لە ئەستۆی ڕێکخراوەی بەندیخانەکەنە. واتە ئەگەر بەندییەک لە بەندیخانە یان گرتووخانەوە بنێردرێت بۆ نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی بەندیخانە، دەبێ هەموو تێچووی دەرمانی و چارەسەریی ئەو لە ئەستۆی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان بێت و بەندی هیچ بەرپرسیارەتییەکی لە ئاست تێچووی دەرمان و چارەسەری نییە، مەگەر ئەوەی کە مەرەخەسی دەرمان و چارەسەری بدرێتە بەندی و بە کەڵک وەرگرتن لە مەرەخەسی ئازاد ببێت و وە دووی چارەسەریی خۆی بکەوێت. (مادەی ١٤٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

بۆ پاراستنی پاقژی ناو ئاسایشگەکان و هەموو شوێنەکانی بەندیخانە و شوێنە پێوەندیدارەکان بە بەندیخانەوە (وەکوو شوێنی هاتوچووی بەندییەکان و کارگەکان و...) دەبێ لانیکەم مانگی جارێک دژەگەن بکرێن. بەڵام ئەگەر لە ناکاو هەلومەرجێک بێتە پێشێ، بۆ وێنە جرۆجانەوەری وەکوو ئەسپێ، هورووژم بکەنە ناو ئاسایشگا یان نەخۆشی ڤایرۆسی یان ڤەگر و هەروەها نەخۆشیی وەرزی و ناوچەیی لە ناو ئاسایشگادا بڵاو بووبێتەوە، بەرپرسانی بەندیخانە لە سەریانە زووتر لە مانگێک و زووتر لە وادەی دیاریکراو هەنگاو بنێن بۆ دژەگەن کردنی کەلوپەل و ژارپرژێنی ژوورەکانی ناوەوەی بەندیخانە.

ئەو کارگە و شوێنانەی حوکمدراوان کاری تێدا دەکەن دەبێ پەنجێرەکانی «بە ڕادەی پێویست گەورە» بن بۆ ئەوەی ڕووناکایی پێویست و هەوای تازە بە ڕادەی پێویست بێتە ناو ژوورەکان و بەندییەکان لە ماوەی کارکردنیان لە کارگەکاندا لە هەوای تازە و تیشکی هەتاو بەهرەمەند بن. لە کاتی پێویستدا، بۆ کار و موتالای بەندییەکان دەبێ لە ڕۆشنایی دەسکرد واتە چرای ڕۆشنایی کەڵک وەر بگرن.

ئاوەڕۆی زێرابەکان دەبێ هەمیشە کراوە بن و لە نەهێشتنی بۆگەنیو و پیسی و پۆخڵی لە دەوروبەر و شوێنەکانی بەندیخانە چاودێری بەردەوام بکرێت.

حەمام و ئاودەستی بەندیخانە دەبێ هەمیشە خاوێن بن و بە ڕادەی پێویست دووشی ئاوی گەرم و سارد بۆ حەپسییەکان دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا لانیکەم حەوتووی جارێک حەمام بکەن.

تاشینی قژەسەری مەحکووم زۆرەملی نییە، بەڵام کورتکردنەوەی قژی بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ڕەچاوکردنی پاقژی پێویستە.

بۆ پێشگرتن لە تەشەنای نەخۆشیە ڤەگرەکان (وەکوو نەخۆشیەکانی جووتبوون، سل، ئایدز و...) بنکەی تەندروستی ڕێکخراوە یان بەندیخانە لە سەریەتی هەنگاو گەڵگرێ بۆ چارەسەری ئەم جۆرە نەخۆشانە و هەروەها تووشبووانی مادە هۆشبەرەکان یان ئەلکول و هەوڵ بدات بۆ دابینکردنی شوێن و چارەسەری تەواوی ئەم نەخۆشانە.

حوکمدراوی تازەهاتوو دەبێ لە لایەن بنکەی تەندروستی و دەرمانی ڕێکخراوەوە، لە بەشی ناسینەوەی نەخۆشیدا پشکنینی پزیشکیی بۆ بکرێت و تاقیکاریی ناسینەوەی پزیشکیی بۆ بکرێت. ئەگەر پێویست بێت بەندی بنێرن بۆ بنکەی

تەندروستیی دیکە. بنکەی تەندروستی و دەرمانی ڕێکخراوە لە سەریەتی لەم کاتی وادا هەنگاو هەڵگرێ و بینێرێت بۆ ناوەندی تەندروستیی دیکە.

بۆ هەر بەندییەک دۆسیەیەکی پزیشکی ساز دەکرێت و هەموو ئەو هەنگاوە دەرمانییانەی بۆی دەکرێتن دەبێ لەو دۆسییەدا بنووسرێت. (مادەی ١٣٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ئەگەر مەحکوومێکی تازەهاتوو نوسخە یان دەوایەکی پێ بێت کە دەبێ بە کاری بێنێ، بنکەی تەندروستیی بەندیخانە لێی وەردەگرێ بۆ ئەوەی بە پێی ئەو دەوا یان ئەو نوسخە و بە پەسندی پزیشک، ئەو دەوای پێویستیەتی پێی بدات. ئەگەر ئەو دەرمانەی بەندی دەکاری دێنێ زۆر حەیاتی بێت (بۆ وێنە حەبی نیترۆگلیسرین)، دەبێ پاش پشکنین و پەسندی پزیشک بە خێرایی بدرێتە بەندی. ئەگەر لە دانی دەوای حەیاتی بە بەندی کەمتەرخەمی بکرێت و ئەم کارە ببێتە هۆی ئەوەی بەندیی نەخۆش بە هۆی پێنەگەشتنی دەوا جەستەی تووشی کێشە ببێت، دەکرێ لێپرسینەوەی سزایی لە بەرپرسانی پێوەندیدار بکرێت. واتە نەخۆشی بەندی بە هۆی ئەوەی دەواکەیان لە کاتی خۆیدا پێ نەداوە و تووشی کێشە بووە، دەتوانێ هەم لە ناوەندی دادوەری تاوان و هەم لە ناوەندی ئینتزامی لە دژی بەرپرسانی پێوەندیدار سکاڵا تۆمار بکات. (مادەی ١٤١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

مەحکووم دەبێ هەر کاتێ هەستی بە بارگرانیی لە جەستەیدا کرد، بابەتەکە بە ئاگاداری بەرپرسی کاروباری پاسەوانی بەندیخانە بگەیەنێت بۆ ئەوەی بە وەرگرتنی ناسێننامە بینێرن بۆ بنکەی تەندروستی ڕێکخراوە یان بەندیخانە و دەوا و دەرمانی پێویست وەر بگرێت.

مەحکووم دەبێ بە بەرچاوی پزیشک یان پزیشکیار یان بەرپرسانی دیکەوە، ئەو دەرمانەی بۆ پەسند کراوە، دە کاری بێنێ. هەڵگرتنی دەرمان لە ئاسایشگادا قەدەغەیە مەگەر لە کاتی زۆر پێویستدا. ناسینی ئەو پێویستییە لە ئەستۆی پزیشکی بەندیخانە یان ڕێکخراوەی شوێنی بەندکردنەکەیەتی کە بە پشکنینی گشتیی نەخۆش دێتە ئەنجام.

ئەگەر پزیشکی بنکەی تەندروستی ڕێکخراوە یان بەندیخانە بە سەڵاحی بزانێ کە مەحکوومی نەخۆش دەبێ لە نەخۆشخانە بخەوێت، هێشتنەوەی لە بنکەی

تەندروستی یان ئاسایشگا ناڕەوایە و بەرپرسانی بەندیخانە لە سەریانە حوکمدراو ببەنە نەخۆشخانە و لەوێ بیخەوێنن. (مادەی ١٤٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

بەرپرسی بنکەی تەندروستی ڕێکخراوە لە سەریەتی لە نەخۆشخانەی دەرەوەی بەندیخانە ئاگای لە بارودۆخی بەندیی نەخۆش بێت بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە بە باشی پێی ڕادەگەن. (مادەی ١٥٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا «مانگرتن لە خواردن» لە بەندیخانە قەدەغەیە؟

نا! مانگرتن لە خواردن یان هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک لە لایەن بەندییەوە بە نیسبەت پێشێلکردنی مافی بەندکراوان، یەکێ لە مافەکانی بەندییەکانە و لە دەستووری بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا قەدەغە نەکراوە. بەڵام مانگرتن یان هەر ناڕەزایەتییەک بە شێوەی جەماوەری قەدەغەیە. کە وابوو ئەگەر هەر بەندییەک بە تاک مانگرتن ڕا بگەیەنێت (جا چ مانگرتن لە خواردن بێت یان هەر جۆرە مانگرتنێکی دیکە) قەدەغە نییە و بەرپرسانی بەندیخانە لە سەریانە گوێ لە داخوازیی بەندییەکان بگرن و بۆ پاراستنی سڵامەتیی ئەوان هەنگاوی پێویست هەڵگرن.

## پێڕاگەیشتن بە دۆخی بەندییەکان لە کاتی مانگرتن لە خواردندا لە ئەستۆی کێیە؟

بە پێی دەستووری بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان، هاوکات دەگەڵ ئەوەی بەندی مانگرتنی ڕاگەیاند بەرپرسانی بەندیخانە یان ڕێکخراوە لە سەریانە کارێک بکەن کە سڵامەتیی بەندی بە مانگرتن نەکەوێتە مەترسییەوە.
لە قۆناخی یەکەمدا بە فەرمانی سەرۆکی ڕێکخراوە دەسبەجێ لە بەندییەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە. هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد، جیاکردنەوەی بەندی بە واتای ڕاگرتنی لە ژووری تاکەکەسی و بێبەش کردن لە پێداویستییەکانی بەندیخانە

نییە؛ بەڵکوو لە بەندییەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە و بە تەنیا خۆی لە ژوورێکدا یان لەگەڵ یەک دوو کەسی دیکەدا دەبێت. لەو ماوەیەدا کە بەندی جیا دەکرێتەوە دەبێ هەموو پێداویستییەکانی وەکوو هەواخۆری و حەمامکردن و تەندروستی و دەرمان و ڕاوێژکاری و دەروونناسی و...بۆ دابین بکرێت.

پاش ئەوەی بەندکراوی مانگرتوو بە فەرمانی سەرۆکی ڕێکخراوە لە بەندییەکانی دیکە جیا کرایەوە، سەرۆکی ڕێکخراوە لە سەریەتی دەسبەجێ ڕاپۆرتێک لە مانگرتنی بەندیی جیاکراوە بداتە دادوەری جێبەجێکاری بڕیار و بنکەی تەندروستی و دەرمانی ڕێکخراوە، بۆ ئەوەی بنکەی تەندروستی و دەرمان ئاگای لە بەندیی مانگرتوو بێت.

بنکەی تەندروستی و دەرمان پاش ئەوەی ڕاپۆرتەکەی پێگەیشت دەبێ لە باری سڵامەتییەوە بەندیی مانگرتوو بخاتە ژێر چاودێرییەوە و بەم بۆنەوە پشکنین بۆ دۆخی جەستەیی و دەروونیی بکات و بۆ پاراستنی سڵامەتی جەستەیی و دەروونیی هەنگاوی پێویست هەڵگرێت.

نووسینگەی تەندروستی و دەرمانی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان لەم بوارەدا ڕێسایەکی بۆ بنکەی تەندروستی و دەرمانی ڕێکخراوە هەیە کە بنکەی تەندروستی دەبێ بە گوێرەی ئەو دەستوورە هەنگاو هەڵگرێت.

**بەم پێیە لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر چەند خاڵ.**

**تێبینی ١:** هەر جۆرە مانگرتنێک وەکوو ناڕەزایەتی دەربڕینی بەندی لەم دەستوورەدا بە فەرمی ناسراوە.

**تێبینی ٢:** لەم دەستوورەدا ئەوە لە بەرچاو گیردراوە کە بەرپرسیارەتی پاراستنی سڵامەتی جەستەیی و دەروونی بەندییە مانگرتووەکان لە ئەستۆی ڕێکخراوەی بەندیخانەکانە و هەر بۆیە دەبێ شێوەنامەیەک ئامادە بکات و پێشکەشی بنکەی تەندروستی و دەرمانی ڕێکخراوەکانی بکات بۆ ئەوەی بەو پێیە، بارودۆخی سڵامەتی جەستەیی و دەروونی بەندیی مانگرتوو بخاتە ژێر چاوەدێرییەوە.

**تێبینی ٣:** پاراستنی سڵامەتی جەستەیی و دەروونی بەندیی مانگرتوو، گرینگترین و یەکەمین هەنگاوە کە بەرپرسانی ڕێکخراوە دەبێ ڕەچاوی بکەن.

**تێبینی ٤**: **تەمێکردن و سزادانی بەندی لەبەر مانگرتن، دژی ڕێساگەلی کونوانسیۆنی نێونەتەوەییە کە کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکانی ئێرانیش پەیمانیان لەگەڵ بەستووە.** (مادەی ١٤٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا بەندی دەتوانی بیمەی خزمەتگوزاری دەرمانیی هەبێت؟

بەڵێ. ڕێکخراوەی بەندیخانەکان لە بواری سلامەت و دەرمانی بەندییەکاندا ٤ئەرکی گرینگی لە ئەستۆیە:

یەکێک لە ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان ئەوەیە کە بۆ پاراستنی سلامەتی بەندییەکان، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی یان ڕێکخراوە دەرمانی و بیمەییە حکوومی و ئەهلییەکان پەیماننامەیەکی واژۆ کردووە و بە هاوکاری ئەم ڕێکخراوانە، بیمەی دەرمانی بەندییەکان دەستەبەر دەکات.

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان ئەوەیە کە بە هاوکاری ڕێکخراوەی «بیمەی سلامەتی ئێران»، خزمەتگوزاری بیمەی سلامەت بە خۆڕایی بۆ «خۆیان و بنەماڵەکانیان» دابین بکات.

ئەرکێکی دیکەی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان ئەوەیە کە ئەو بەندییانەی لە بەندیخانە کار دەکەن دەبێ لە بەرانبەر ڕووداوی کاتی کارکردندا بیمە بکرێن. (مادەی ١٤٧ و بڕگەی ئەلفی مادەی ١٨٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات و تێبینی بڕگەی ج مادەی ٣٨ی قانوونی بڕیارە هەمیشەییەکانی بەرنامەگەلی گەشەکردنی وڵات)

ئەگەر مەحکوومێک لە بەندیخانە نەخۆش بێت (جا چ نەخۆشییەکەی جەستەیی بێت یان دەروونی) و پێویستی بە پشکنینی پزیشکی و چارەسەری بێت، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری بەندیخانە لە سەریەتی هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەریی هەڵگرێ و دەبێ هەموو تێچووەکانی بدات. گرنگی چاودێریکردنی بارودۆخی مەحکوومی نەخۆش -بە تایبەت ئەو مەحکوومانەی نەخۆشیی تایبەتیان هەیە- لەو ئاستەدایە کە ئەرکی سەرۆکی بەندیخانەیە پێشنیاری بەخشینی بەندی بداتە دادوەری چاوەدێر یان کومیسیۆنی بەخشین و بارودۆخی ئازادبوونی هەموار بکات.

مەحکوومانی تووشبووی نەخۆشیە دەروونییەکان و نەخۆشیی ڤەگر و مەترسیدار (وەکوو ئایدز) بە پەسندکردنی پزیشک و هەروەها سیاسەتەکانی وەزارەتی تەندروستی، دەبێ جیا لەوانی دیکە ڕابگیردرێن و چارەسەر بکرێن.(مادەی ١٤٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

سەبارەت بەو حەپسییانەی کە پێویستیان بە دیانی دەسکرد، ئەندامی دەسکرد، گۆچان، ویلچێڕ و چاویلکە هەیە «ئەنجومەنی پاڵپشتی لە بەندکراوان» ئەرکی سەرشانیەتی تێچووی ئەو پێداویستییە پزیشکییانەی مەحکوومانی دەستەنگ دابین بکات. (مادەی ١٦٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

سەرۆکی بنکەی تەندروستی بەندیخانە دەبێ پزیشک بێت. بەڵام ئەگەر بەندیخانە لە شوێنێک بێت کە ئیمکانی ئەوە نەڕەخسێ پزیشکێک بکەنە سەرۆکی بنکەی تەندروستی، دەبێ لە نێوان پەرستارەکاندا کەسێکیان کە شارەزایی زیاتری لە بابەتە پزیشکییەکاندا هەیە وەکوو سەرۆکی بنکەی پزیشکی دیاری بکرێت.
سەرۆکی بنکەی پزیشکی ئەرکی سەر شانیەتی هەموو ڕۆژێک سەر لە بەیانی سەردانی ئەو مەحکوومە نەخۆشانە بکات کە لە نەخۆشخانەی بەندیخانە چاوەدێری پزیشکی دەکرێن، لە چۆنیەتی حاڵ و ئەحواڵیان ئاگادار ببێت و دڵنیا ببێت لەوەی کە لە لایەن پزیشک و پەرستارەکانەوە لە بابەتی چارەسەری و خواردنەوە بە باشی چاودێری دەکرێن و دەبێ سەبارەت بە بارودۆخی مەحکوومە نەخۆشەکان لە نەخۆشخانەی بەندیخانە، چاوەدێریی بەردەوامی هەبێت.
(مادەی ١٤٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

سەبارەت بەو بەندییە دەستەنگەی کە لە کاتی نەخۆشیدا ئازاد دەکرێ بەڵام لاواز و پەککەوتەیە و پاش ئازادبوونی لەبەر دەسکورتی ناتوانێ وەدووی چارەسەری نەخۆشییەکەی بکەوێ، دەستووری بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی پەسندکراوی ساڵی ١٤٠٠، ئەو ئەرکەی خستۆتە ئەستۆی «ئەنجومەنی پاڵپشتی لە بەندکراوان» و ناوەندی چاوەدێری، کە بە ماوەی ٣ مانگ پاڵپشتی و یاریدەی بکەن. لەم دەستوورەدا ئەنجومەن و ناوەندی چاودێری وەکوو ئەرک بۆیان دیاری کراوە هەوڵ و بەدواداچوونی پێویست بخەنە

گەڕ بۆ ئەوەی ئەم بەندییە ئازادکراوانە لە خزمەتگوزاری و پاڵپشتی حکوومی و گشتی بەهرەمەند بن. (مادەی ١٦٩ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## وەفاتی مەحکووم لە بەندیخانە

ئەگەر مەحکووم کۆچی دوایی بکات، ئەرکی سەرشانی سەرۆکی بەندیخانەیە کە بە بنەماڵەی ڕابگەیەنێت. بەڵام سەرۆکی بەندیخانە خۆی هەواڵەکە بە بنەماڵەی ڕاناگەیەنێت، بەڵکوو دەبێ لە ڕێگای ئاریکاری کۆمەڵایەتییەوە مەرگی بەندکراو بە بنەماڵەی ڕابگەیەنێ، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ پزیشکی قانوونی و ناوەندی دادوەری پێوەندیدار و دادوەری جێبەجێکاریش لە بابەتەکە ئاگادار بکات. پێویستی ئاگادارکردنی «پزیشکی قانوونی» لەو سوێنگەوە پێویستە کە پزیشکی بەرپرس بە هاتنی بۆ بەندیخانە و بە ئامادەبوونی لە سەر تەرمەکە، پشکنینی پێویستی لە سەر دەکات و سەبارەت بە مردنی سروشتی یان نائاسایی بوونی مردنی مەحکوومەوە ڕای خۆی دەبێژێ و بە ڕاشکاوی هۆکاری مردنەکەی ڕادەگەیەنێت. «دادوەری چاودێر» بەرپرسی دادپرسیی بارودۆخی بەندییەکانە، دەبێ سەبارەت بە مەرگی مەحکووم و هۆکارەکەی بەڵگەی پێویست کۆ بکاتەوە و بینێرێ بۆ ناوەندی دادوەری. «ناوەندی دادوەری پێوەندیدار» بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی قانوونی سەبارەت بە دەرکردنی ئیزنی ناشتن یان نەناشتنی بەڵێن ئەدات.

ئەگەر ڕاپۆرتی پزیشکی قانوونی لە سەر نائاسایی بوونی مەرگی بەندی بێت، ناوەندی دادوەری لە سەریەتی سەبارەت بە مەرگ و چۆنیەتیی مەرگەکەی لێکۆڵینەوەی پێویست بکات. هەروەها تا ئەو کاتەی مانەوەی تەرمەکە بۆ لێکۆڵینەوە پێویستە، ناتوانێ بڕیاری ئیزنی ناشتن دەربکات بەڵام دەتوانێ پاش لێکۆڵینەوەکان و پێویست نەبوونی تەرمەکە، بڕیاری ناشتنی تەرمەکە دەر دەکات.

پاش ئەوەی لە لایەن ناوەندی دادوەری پێوەندیدارەوە ئیزنی ناشتن درا، دەبێ تەرمی بەندی ڕادەستی کەسوکاری بکەن بۆ ئەوەی خۆیان کفن و دفنی بکەن. بەڵام ئەگەر کەسوکاری نزیکی ئیزن بدەن، تەرمی مەحکووم لە لایەن بەندیخانە و دەستوپێوەندەکانییەوە کفن و دفن دەکرێت.

ئەو شتانەی لە بەندی بە جێماوە دەدرێتەوە بە کەسوکاری. سەرۆکی

بەندیخانە دەبێ هاوڕێ لەگەڵ دادوەری چاودێر پووڵ و کەلوپەلی تایبەتیی بەندی لە ڕاپۆرتێکا بنووسێت و پێشکەش بە میراتگرەکانی بکات و ڕەسیدیان لێ وەربگرێت. ئەگەر کەسی کۆچکردوو میراتگری نەبێ، دەبێ لە زووترین کاتدا ناوەندی دادوەری بڕیار لەسەر کەلوپەلەکەی بدات. لە واقیعدا ناوەندی دادوەری (واتە دادوەر) بەڵێن ئەدات کە ئەو شتانەی لێی بە جێماوە لە چ شوێنێکدا و چۆن و کێها کەڵکی لێوەربگرن.

ئەگەر بەندیی کۆچکردوو خەڵکی وڵاتێکی دیکە بێت، مەرگەکەی بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕادەگەیەنن بۆ ئەوەی ئەوان بنەماڵەکەی ئاگادار بکەنەوە و کاروباری ڕاگواستنی تەرمی بەندیی کۆچکردوو بۆ وڵاتەکەی ڕاپەڕێنن.

(مادەی ١٥٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## پلانە چاکسازی و پەروەردەییەکانی بەندیخانە چین؟

لە هەموو بەندیخانە و ڕێکخراوەکاندا، بنکەیەک لە ژێر ناوی «یەکەی چاکسازی و پەروەردە» پێکدێت و یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم بنکە پلانڕێژی کاروباری فێرکاری، فەرهەنگی، پەروەردەیی، ئایینی، هونەری، وەرزشی و پیشە و کاری بەندییەکانە.

مەبەست لە پلانڕێژی فێرکاری و فەرهەنگی و... ئەوەیە کە بەندی لە بەندیخانەدا لەم شتانە کەڵک وەرگرێت و پاش بەندیخانە بە هێز و تواناوە بێتەوە ناو کۆمەڵگا.

(بڕگەی پ مادەی ٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکان بریتین لە: خولی فێرکاری ئایینی، زانیاری بنەڕەتیی ژیان، دەروونناسی و پلانە فەرهەنگی و پەروەردەییەکان، وانە قورئانییەکان، نەهجولبەلاغە و نوێژ و هتد.

کەڵکوەرگرتنی بەندییەکان لە بەرنامەگەلی فەرهەنگی، وەرزشی، هونەری و... تەلەفزوێنی بەندیخانە (کەناڵی تەلەفزوێنی فێرکاری کە سەرۆکی بەندیخانە دەبێ وەڕێی بخات) یان یەکەی «دیتن و بیستن»ی بەندیخانە، کەڵکوەرگرتن لە گۆڤار و بڵاڤۆک و بەرهەمە فێرکاری و فەرهەنگی و هونەری و وەرزشیە ئیزنپێدراوەکان

-کە دەبێ بە خۆڕایی بۆ بەندی دابین بکرێت- بەشێک لە پلانە چاکسازی و پەروەردەییەکانن. (مادەی ٨٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

بەشێکی دیکە لە پلانە چاکسازی و پەروەردەییەکان پێوەندیی بە خوێندنی بەندییەوە هەیە. بەندیخانە دەبێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتخانە پێوەندیدارەکاندا ئیمکانی خوێندن -لە خولی سەرەتاییەوە تا قۆناخی زانکۆ- بۆ بەندی بڕەخسێنی.

بەشداریکردن لە پۆلەکانی «بزاڤی بە خوێندەوار کردن» یەکێکی دیکە لە بەرنامەکانی چاکسازی و پەروەردەیە. ئامادەبوونی یاریخوازە نەخوێنەوارەکانی ژێر ١٨ ساڵ (ئەو منداڵانەی لە کانوونی چاکسازی و ڕاهێنان ڕادەگیردرێن) لە پۆلەکانی بزاڤی بە خوێندەوار کردندا زۆرەملییە. هەروەها لە ڕێکخراوەکانی دیکەی وەکوو بەندیخانە، ئەو بەندییانەی تەمەنیان ژێر ٦٠ ساڵانە و نەخوێندەوارن، دەبێ لە پۆلەکانی بزاڤی بە خوێندەوارکردندا بەشداری بکەن.

ئامادەبوونی زۆرەملێ لە پۆلەکانی بزاڤی بە خوێندەوارکردن بە واتای ناچارکردنی بەندی یان یاریخواز بە ئامادەبوون لەم پۆلانەدا یان تەمبێکردنیان نییە بەڵکوو ئامادەنەبوونیان دەبێتە هۆی ئەوەی یاریخواز یان بەندی پوانگەلی وەکوو مەرەخەسی و دیداری حزووری لە کیس بدات کە لە دەستووردا دیاری کراون. (مادەکانی ٨١ تا ٨٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

لە دەستووری بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکاندا ئەوە لە بەرچاو گیراوە کە بۆ بەشداریکردنی بەندی لە بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکانا و بۆ دیاریکردنی ئەنجامی بەشداریکردنی لەو بەرنامانەدا، نمرەیەک لە بەرچاو بگیردرێ. لە کۆی ئەم نمرەگەلە، پلەیەکی پێ بدرێت کە «پلەی ئیعتباریی» پێ دەڵێن.

## ❓ بەشداریکردن لە بەرنامەگەلی چاکسازی و پەروەردەییدا بۆچی پێویستە؟

هەروەکوو لە سەرەوە باسمان کرد، یەکێ لە هاندەرەکانی بەندی بۆ بەشداریکردن

لە بەرنامەگەلی چاکسازی و پەروەردەییدا ئەوەیە کە بۆ بەشداریکردن و ئەنجامی بەشداریکردن لەم بەرنامانەدا نمرەیان بۆ دادەنرێت و ئەگەر کۆی ئەم نمرانە بگاتە ئاستێکی شیاو، پلەی ئیعتباری بە بەندی دەدرێت. هەر بەندییەک ئەم پلە ئیعتبارییە وە دەست بێنێ، قازانج و پاداشی بۆ لە بەرچاو دەگرن.

ئەم پاداش و قازانجانە بریتین لە: مەرەخەسی، دیداری حزووری، سیستەمی نیوە ئازادی (واتە بەندی دەتوانێ بە ڕۆژدا لە دەرەوەی بەند بێت و شەو بگەڕێتەوە بۆ ناو بەند)، ئازادی مەرجدار، هەڵپەساردن و ئازادی بە چاودێری ئەلەکترۆنییەوە.

هەروەها ٣ ڕۆژ مەرەخەسی لە مانگدا، یەکێ لەو پاداشە قانوونیانەیە کە بە بەندیی خاوەن پلەی ئیعتباری دەدرێت. کەڵکوەرگرتن لە پاداشی مەرەخەسی، زیادی لەو مافەیە کە قانووندانەر وەکوو مەرەخەسی بۆ بەندی لە بەرچاوی گرتووە. (بڕگەی زمادەی ١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**تێبینی:** بە سەرنجدان بە ئامانجی پلانڕێژی و بەڕێوەبەری بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکان و بە ئاوڕدانەوە لە کارامەیی، ئازادیخوازی، کۆمەڵگا تەوەربوونی داخوازیی بەندییە سیاسی و بڕواییەکان و ئەم جۆرە بەندییانە کە نەک لەبەر خۆیان بەڵکوو لەبەر قازانجی کۆمەڵگا و خەڵک حەپس کراون، بەڵام بە داخەوە ئەم بەرنامەگەلە بەندکراوانی سیاسی و بڕوایی یان چالاکانی مەدەنی و سینفی وەکوو کرێکاران و مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ و ژنانی دژبەری ڕووپۆشی زۆرەملی ناگرێتەوە.

## وەدەست هێنانی چەند خاڵ لە بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکان بۆ گرتنی ٣ ڕۆژ مەرەخەسی پێویستە؟

بەندی بە بەشداریکردن لە بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکان و وەدەستهێنانی لانیکەم ١٠٠ خاڵ لە پلەی ئیعتباری، دەتوانێ ٣ ڕۆژ لە مانگدا مەرەخەسی مسۆگەر بکات. بەم پێیە بەندی لانیکەم دەبێ ١٠٠ خاڵ بگرێت بۆ ئەوەی پلەی ئیعتباری پێ بدەن.

ڕادەی خاڵەکانی هەرکام لە چالاکیەکان و بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکان لە دەستووری بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و

پەروەردەییەکاندا دیاری کراوە، کەچالاکییە ئایینی و قورئانییەکان،فەرهەنگی، کتێبخوێندنەوە، شێعر، چالاکی زانستی و خوێندن، لێهاتوویی فەنی، پیشەیی و کۆمەڵایەتی و هتد دەگرێتەوە، هەندێ لەم چالاکییانە وەکوو بەشداریکردن لە بڕیارە ئایینیەکانی یەک و دوو، لە مانگدا ١٠ خاڵ و هەندێکیان وەکوو تەرخی سیگار یان وەرگرتنی ڕەزایەت لە سکاڵاکەر، ١٠٠ خاڵیان هەیە. واتە بەندی بە تەرخی سیگار یان وەرگرتنی ڕەزایەتی سکاڵاکەر لە مانگ-دا ٣ ڕۆژ مەرەخەسی هەیە.

سەبارەت بە هەندێ لە بەندکراوان، هەلومەرجێکی ساناتر بۆ وەرگرتنی ئەو خاڵانە لە بەرچاو گیراوە. بۆ نموونە ژنانی سەر تەمەن ٥٥ ساڵ، ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە، ئەو دایکانەی منداڵی خوار تەمەن ١٥ ساڵیان هەیە، پیاوانی تەمەن ٦٠ ساڵ و زیاتر، ئەو بەندییانەی نەخۆشی ڤەگر یان مەترسیداریان هەیە و ئەوانەی ئیسارگەر و کەمئەندامن بە وەرگرتنی ٥٠ خاڵ دەتوانن لە مانگدا ٣ ڕۆژ مەرەخەسی وەرگرن. (مادەی ١٩٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## مەرەخەسی بەندییەکان و مەرجەکانی

لە قانوونی ڕێسای بنەماکانی دادپرسی تاواندا، بە هۆی گرینگایەتییەک کە قانووندانەر بۆ «مافی مەرەخەسی» بەندی دایناوە، بە جوانی پەرژاوەتە سەر ئەم بابەتە و بە ڕاشکاوی وتوویەتی کە بەندی مافی ئەوەی هەیە لەو شوێنانەی دەستوور ڕەچاوی کردووە، لە مەرەخەسی بەهرەمەند ببێت.

**ئ.** لە کاتی ڕووداو و پێشهاتی ناخۆش بۆ کەسوکاری بەندی، وەکوو مردن یان نەخۆشیی گرانی کەسوکار و هەروەها زەماوەندی منداڵانی بەندی.

لەم ڕێسا و دەستوورەدا بە ڕوونی باس لەوە کراوە کە ئەگەر بەندی تەنانەت نەتوانێ دەستەبەری دیاریکراو جێبەجێ بکات ، دەتوانێ بە چاوەدێری کارگێڕانی چاوەدێرەوە ١٠ سەعات تا ڕۆژێک لە مانگدا بچێتە مەرەخەسی.

**ب.** هەروەها لە قانوونی ڕێسای بنەماکانی دادپرسیی تاواندا، ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئەگەر بەندی سکاڵاکەری تایبەتیی هەیە، بە ڕەچاوکردنی

ڕێساکان لە «مەرەخەسی تەرمیمی» کەڵک وەربگرێت.
**١**. ئەگەر بەندی بە نیاز بێت لێخۆشبوون لە سکاڵاکەر وەربگرێت و دادستان و دادوەری جێبەجێکاری بڕیار پێیان وابێ مەرەخەسیدان بە بەندی بۆ وەرگرتنی لێخۆشبوون لە سکاڵاکەر جێ دەگرێت، دەتوانن بە دیاریکردنی دەستەبەری بینێرنە مەرەخەسی.
**٢**. ئەگەر بەندی لە یەک نۆبە مەرەخەسیدا نەتوانێ لێبەخشینی تەواو لە سکاڵاکەر وەربگرێت، مافی ئەوەی هەیە بۆ جارێکی دیکە و بۆ ماوەی ٧ڕۆژ مەرەخەسی وەربگرێت بۆ ئەوەی دەرفەتی وەرگرتنی لێخۆشبوونی تەواوی پێ بدرێت.
**٣**. ئەو مەحکووم بە حەپسەی کە سکاڵاکەری هەیە، ئەگەر بتوانێ تەنیا بەشێک لە زەرەد و زیانەکانی سکالاکەر قەرەبوو بکاتەوە، مافی ئەوەی هەیە بۆ جارێکی دیکە و بە ماوەی ٧ڕۆژ بچێتە مەرەخەسی بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ قەرەبووی تەواوی زەرەد و زیانەکانی سکاڵاکەر هەوڵی خۆی بدات.
کە وابوو ئەو بەندییەی سکاڵاکەری هەیە، هەم بۆ قایلکردنی سکاڵاکەر بە لێخۆشبوون و هەم بۆ قەرەبووی زەرەد و زیانی سکاڵاکەر، مافی هەیە بچێتە مەرەخەسی و ئەگەر لە جاری یەکەمی مەرەخەسیدا نەتوانێ سکاڵاکەر قایل بە لێخۆشبوون بکات یان نەتوانی زەرەد و زیانەکەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە، دەتوانێ بۆ جاری دووهەم و بۆ ماوەی هەفتەیەک مەرەخەسی وەرگرێ.

**پ**. ئەو بەندییانەی کە حەپسەکەیان بە پێی قانوون ناکرێ هەڵپەسێردرێ (وەکوو بەندیی پێشینەدار، یان ئەو بەندییانەی پتر لە ١٥ساڵ حەپسیان هەیە، یان بەندکراوانی سیاسی و هتد) تەنیا کاتێ دەتوانن بچنە مەرەخەسی کە سێ یەکی سزاکەیان کێشابێت و پاداشی پێویستیان لە بەشداریکردن لە بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکان وەدەست هێنابێ. لەم حاڵەتەدا بە ڕەزامەندی دادستان و دانانی بارمتە، دەتوانن چوار مانگ جارێک بە ماوەی ٥ڕۆژ بچنە مەرەخەسی.

ئەم جۆرە بەندییانە، باوەکوو هەلی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێ لە ماوەی چوار مانگدا ٥ڕۆژ بچنە مەرەخەسی، ئەگەر بە هەر هۆکارێک کەلکی لێ وەرنەگرن، ئەو مەرەخەسییانەی پاشەکەوت دەکرێ و لە ماوەی حەپسەکەی کەم

دەکرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، مەرەخەسییەکەی نافەوتێ بەڵکوو پاشەکەوت دەبێ و لە کۆتایی دەورانی حەپسەکەیدا لە حەپسەکەی کەم دەکرێتەوە.

◎ **بۆ نموونە** ئەگەر کەسێک ٦ مانگ مەرەخەسی پاشەکەوتکراوی هەبێت، ٦ مانگی کۆتایی حەپسەکەی بە بێ ئەوەی بۆ چوونە مەرەخەسی بارمتە دابنێ لە «مەرەخەسی کۆتایی حەپس» کەڵک وەردەگرێ. بەمجۆرە ٦ مانگ زووتر لە کاتی دیاریکراو ئازاد دەکرێت. (مادەی ٢٠٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**ت.** لە قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاواندا، ئەو ئیزنە بە سەرۆکی هێزی دادوەری دراوە کە لە ڕۆژە تایبەتەکان و بۆنە نەتەوەیی و ئایینیەکاندا بێجگە لەو دەستوورەی بۆ مەرەخەسی دیاری کراوە، لە ساڵێکدا دوو جار مەرەخەسی بدات بەو بەندییانەی مەرجەکان دەیانگرێتەوە.
ئەو بابەتانەی لە قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاواندا بۆ کەڵکوەرگرتنی بەندی لە مەرەخەسی پێشبینی کراوە، لە ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی پەسندکراوی ساڵی ١٤٠٠ دا ڕەچاو کراوە.

**بێجگە لەوانەی سەرەوە لە ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵاتدا هاتووە کە:**

- ئەو بەندییانەی بە هۆی مەحکوومبوونی ماڵییەوە (وەکوونەدانی مارەیی یان قەرزەوە) و لە ئیجرای مادەی ٣ی قانوونی «شێوازی ئیجرای حوکمدراوانی ماڵی» بە هۆی مەحکووم بوونیانەوە لە حەپسدان، دەتوانن بە ئیزنی دادوەری جێبەجێکاری بڕیار و بە ئاگاداری دادوەری بڕیاردەر، بە مەبەستی دانەوەی قەرزەکەیان، سێ مانگ جارێک و هەر جارێک بە ماوەی ١٠ ڕۆژ بچنە مەرەخەسی.
ئەگەر بەندی بتوانێ لە کاتی مەرەخەسیدا بەشێک لە قەرزەکانی بداتەوە، دەتوانێ داوا لە دادوەری جێبەجێکاری بڕیار بکات ماوەی مەرەخەسییەکەی بۆ درێژ بکاتەوە.
هەروەها ئەگەر بەندی ڕێوشوێن و ڕێساکانی بەندیخانە ڕەچاو بکات و

بە بەشداریکردن لە بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکاندا خاڵی پێویست وەدەست بێنێ، دەتوانێ بە دانانی بارمتە مانگێ ٣ڕۆژ بچێتە مەرەخەسی. داخوازی بەندییەکان بۆ مەرەخەسی لە شووڕای پلەبەندی بەندیخانە لێک دەدرێتەوە. بەڵام بۆ جێبەجێکردنەکەی پێویستە دادوەری جێبەجێکار پەسندی بکات.

**بەم پێیە:**

١. یەکێک لەو مەرجانەی کە بەندی دەتوانێ ٣ڕۆژ لە مانگدا بچێتە مەرەخەسی، بەشداریکردن لە بەرنامە چاکسازی و پەروەردەییەکان یان دانانی بارمتەیە.

٢. ئەگەر یەکێ لە کەسوکاری زۆر نزیکی بەندی بۆنموونە هاوسەرەکەی، کۆچی دوایی بکات یان نەخۆشینێکی سەخت و ئاستەم بگرێت، هەر وەها ئەگەر منداڵەکەی زەماوەند بکات؛ بەندی دەتوانێ بە مۆڵەتنامەی دادستان بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ بچێتە مەرەخەسی.

٣. ئەگەر بەندی بۆ بەشداریکردن لە دانیشتنی دادگادا بواری مەرەخەسیی ببێت، ڕێکخراوە دەتوانێ بە وەرگرتنی دەستەبەری مەرەخەسیی پێ بدات بۆ ئەوەی پێویست بەوە نەکات لە لایەن کارگێڕانی بەندیخانەوە ببەن و بەندی بۆ خۆی لە دادگادا ئامادە ببێت. (مادەی ٥٢٠ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان و مادەکانی ١٩٥و١٩٦و١٩٧و١٩٨و٢٠٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## مەبەست لە بڕیاری دەستەبەری چییە؟

بڕیاری دەستەبەری یان ئەو زەمانەتەی لە قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاواندا پێشبینی کراوە، دەتوانێ بە جۆرێک لە جۆرەکانی خوارەوە بێت.

ئ. گرێبەستی مەدەنی

ب. بارمتە

پ. هەموو بڕیارەکانی دەستەبەری تاوان کە لە قانوونی بنەماکانی دادپرسی تاواندا تۆمار کراون.

**گرێبەستی مەدەنی:** دەتوانێ پەیمانێک بێت لە چوارچێوەی شتێکی وەکوو زەمانەتدا. واتە کەسێک دەبێتە زامنی بەندی، کە لە کاتی پێویستدا بە بەندیخانەی

بناسێنێ و بە دانی چەک یان سفتەیەک بەرعۆدە دەبێت بڕەپارەیەک وەکوو پارەی بارمتە دابنێ. زامن دەتوانێ بۆ خاترجەمی لە خەسارنەبوونی مافی خۆی، لەگەڵ بەندیدا گرێبەستێک واژۆ بکات بۆ ئەوەی لە ئەگەری هەڵاتنیدا، هەقەکەی نەفەوتێ.

**بڕیارەکانی دەستەبەری تاوان:** لە مادەی ٢١٧ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاواندا دیاری کراون و بریتین لە:

**١. دەروەستی بە ئامادەبوون بە بەڵێنی شەرەف.** واتە بەندی دەروەست دەبێت بەوەی کە بە تەواوبوونی وادەی مەرەخەسی یان هەر کاتێ پێویست بێ، لە بەندیخانە ئامادە بێت و بۆ دەستەبەری ئەم دەروەستییە بەڵێنی شەرەف ئەدات بە بەرپرسانی پێوەندیدار.

**٢. دەروەستبوون بە ئامادەبوون و بە دیاریکردنی پارەی پابەندبوون.** بەندی بەرعۆدە دەبێت پاش کۆتایی هاتنی وادەی مەرەخەسی یان هەر کاتێ پێویست بێت، بگەڕێتەوە بەندیخانە و ئەوەیش قەبووڵ دەکات کە لە ئەگەری سەرپێچیدا ئەو بڕە پارە بدات کە بەرپرسانی پێوەندیدار وەکوو مەبلەغی پابەندبوون دیاریی دەکەن.

**٣. دەروەست بوون بە نەچوونەدەر لە مەڵبەندی دادوەری، بە بەڵێنی شەرەف.** بەندی بەرعۆدە دەبێت کە تا ئەوکاتەی لە مەرەخەسیدایە لە مەڵبەندی دادوەری پێوەندیدار نەچێتە دەرەوە و بۆ دەستەبەری ئەم پابەندبوونە، بەرپرسانی پێوەندیدار بەڵێنی قەولی شەرەفی لێ دەستێنن.

**٤. دەروەستبوون بە نەچوونەدەر لە مەڵبەندی دادوەری، بە دیاریکردنی مەبلەغی پابەندبوون.** بەندی بەرعۆدە دەبێت تا ئەوکاتەی لە مەرەخەسیدایە لە مەڵبەندی دادوەری پێوەندیدار نەچێتە دەرەوە و قەبووڵی دەکات لە ئەگەری سەرپێچیدا، ئەو بڕە پارەیە بدات کە بەرپرسانی پێوەندیدار وەکوو مەبلەغی پابەندبوون دیارییان کردووە.

**٥. دەروەست بوون بە خۆناساندنی تۆمەتبار بە شێوازی هەفتانە یان مانگانە بە ناوەندی دادوەری یان پۆلیس بە دیاریکردنی مەبلەغی پابەندبوون.** بەندی بەرعۆدە دەبێت لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە لە مەرەخەسیدایە، لە کاتی دیاریکراودا لە لایەن بەرپرسە پێوەندیدارەکانەوە خۆی بناسێنێ بە ناوەندی دادوەری یان

ناوەندی پۆلیسی دیاریکراو. بەندی بۆ دەستەبەری ئەم پابەندبوونە قەبووڵی دەکات لە ئەگەری سەرپێچیدا، ئەو مەبلەغە بدات کە بەرپرسانی پێوەندیدار وەکوو مەبلەغی پابەندبوون دیاریی دەکەن.

**٦. دەروەستبوونی کارمەندانی فەرمیی وڵات یان هێزە چەکدارەکان بە ئامادەبوون بە دیاریکردنی مەبلەغی پابەندبوون، بە ڕەزامەندی تۆمەتبار و پاش وەرگرتنی بەڵێنی دانی ئەو مەبلەغە لە مووچەی ئەوان لە لایەن ڕێکخراوەکەیانەوە.** واتە شووڕای پلەبەندی بەندیخانە یان بەرپرسانی شیاوی دادوەری دەتوانن سەبارەت بەو بەندییانەی کە کارمەندی فەرمی وڵاتن، بە دیاریکردنی مەبلەغی پابەندبوون و وەرگرتنی پەیمان و بەڵێن لە ڕێکخراوە یان ئەو ئیدارەی کە تۆمەتبار تێیدا کارمەندە، بینێرێتە مەرەخەسی. وەرگرتنی ئەم جۆرە دەستەبەرییە دوو مەرجی هەیە:

ئ. بەندکراو کارمەندی لەشکری یان حکوومی بێت

ب. بەندی ڕەزایەت بدات بەوەی کە بەندیخانە یان شوێنی کارەکەی گرێبەست واژۆ بکات و بەڵێن بدات کە لە ئەگەری نەگەڕانەوەی بەندیدا، مەبلەغی پابەندبوونی دیاریکراو لە مووچەی مانگانەی هەڵگرن.

**٧. دەروەستبوون بە نەچوونە دەرەوە لە ماڵەوە یان شوێنی نیشتەجێبوونی دیاریکراو بە ڕەزایەتی تۆمەتبار و دیاریکردنی مەبلەغی پابەندبوون، لە ڕێگای چاودێری بە کەرەسەی ئەلەکترۆنی یان بە بێ چاوەدێری ئەو کەرەستانە.**

لەم بابەتەشدا بە مەرجێک بەندی دەنێرنە مەرەخەسی کە ڕازی بێت بەوەی کە:

ئ. لە ماڵەوە یان شوێنی نیشتەجێبوونی ناچێتە دەرەوە.

ب. بە مەبلەغی پابەندبوونی دیاریکراو ڕازی بێت.

بەم مەرجانەی سەرەوە بە پێبەندەوە یان بێ پێبەند دەینێرنە مەرەخەسی.

**٨. دەستەبەری یان دیاریکردنی مەبلەغی دەستەبەری:** لە دەستەبەریدا ئەو کەسەی دەبێتە کەفیل، دەبێ لە دیدی دادوەرەوە توانای دانی پارەی زەمانەتەکەی هەبێت. کەفیل دەتوانێ مووچەخۆری حکوومەت یان هەر ڕێکخراوەیەکی ئەهلی دیکە بێت. یان لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکدا بێت کە ئیمکانی ئەوە هەبێت مەبلەغی زەمانەتەکەی لێ وەربگیردرێت.

**٩. وەرگرتنی بارمتە، بریتی لە پووڵی نەغد، زەمانەتنامەی بانکی، زیندەماڵ و**

**مردەماڵ:** زامن دەبێ بەرعۆدەی ئەوە ببێت کە لە ئەگەری بە دەستەوەنەدانی بەندی، ئەو شتەی وەکوو بارمتە دایناوە بیدات. ئاشکرایە وەرگرتنی دەستەبەری لە بەندی بۆ مەرەخەسی و دەرکردنی هەرکام لەو بڕیارە دەستەبەرییانەی باسمان کردن و دیاریکردنی ڕادەی مەبلەغی پاپەندبوون یان مەبلەغی زەمانەت یان بارمتە، دەبێ بە پێی قانوون و وێچوو لەگەڵ ئەو ماوە حەپسەی بەندی ماویەتی و سزای نەغدی بڕیار (ئەگەر بەندی بە دانی سزای نەغدی مەحکووم بووبێت) دیاری بکرێت. دیاریکردنی بارمتە یان مەبلەغی زیاتر لەوەی کە قانوون ڕەچاوی کردووە، پێشێلکردنی قانوون و بێبەشکردنی بەندییە لە مافی مەرەخەسی.

## ئەو ماوەی بەندی لە مەرەخەسیدایە، چۆن بۆی حیساب دەکرێت؟

ئەو ماوەی بەندی لە مەرەخەسیدایە بە حەپس بۆی دێتە ئەژمار، بەو مەرجەی لە کاتی دیاریکراودا گەڕابێتەوە بۆ بەندیخانە. چونکا ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەگەڕێتەوە ئەو ماوەی کە لە مەرەخەسییەکەی لایداوە بە حەپس بۆی حیساب ناکەن.

بەم پێیە ئەگەر بەندی دوای تەواو بوونی مەرەخەسی لە کاتی خۆیدا ئامادە نەبێت جیا لەوەی ئەو ماوەی وەکوو حەپس حیساب ناکەن بەڵکوو بەندی بۆ جاری یەکەم بە ماوەی ٣ مانگ و بۆ جاری دووهەم بە ماوەی ٦ مانگ و بۆ جاری سێهەم بۆ ماوەی ساڵێک لە مەرەخەسی بێبەش دەکرێت.

هەڵبەت ئەگەر شووڕای پلەبەندی بیسەلمێنێ کە بەندکراوی سەرپێچیکار، تەمبێ بووە و دادستان قایل ببێت، بێبەش بوونەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بەندی دوای مەرەخەسی لە کاتی خۆیدا ئامادە نەبێت، سەرۆکی ڕێکخراوە پاش ٢٤سەعات بابەتەکە بە ئاگاداری دادوەری بڕیاردەری مەرەخەسی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەوەی سەبارەت بە دەسبەسەرداگرتنی دەستەبەری (بارمتە یان...) و دەسگیرکردنی بەندی و گەڕاندنەوەی بۆ بەندیخانە هەنگاوی یاسایی و پێویست هەڵگرن. پاشان بە نیسبەت ڕاگەیاندنی تاوان، دادستان یان سەرۆکی ناوەندی دادوەری ئاگادار دەکات. هەڵبەت کاتێ دەست دەگرن بە سەر دەستەبەریدا، کە زامن یان کەفیل توانای ئەوەیان نەبێ بەندی بگەڕێننەوە

بۆ بەندیخانە. (مادەکانی ٢٠٤ و٢٠٥ و ٢٠٦ و٢٠٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## بەندی لە کاتی مەرەخەسیدا دەبێ چی بکات و چی نەکات؟

بەندی لە کاتی مەرەخەسیدا ئازادە وەکوو خەڵکانی دیکە هەموو کارێکی یاسایی بکات، نە لە قانووندا و نە لە ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکاندا، هیچ سنوورێک بۆ هاتوچۆی یان جێبەجێکردنی کارەکانی دیاری نەکراوە؛ مەگەر ئەوەی لە هەندێ بابەتدا، دادوەری جێبەجێکاری بڕیار یان دادستێن بە پێشنیاری شوورای پلەبەندی بەندیخانە، ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی بەندی کە لە ماوەی مەرەخەسیدا، سەردانی ناوەندی پۆلیس بکات و ئامادەبوونی خۆی لەوێ تۆمار بکات. یان لە هەندێ بابەتدا ئامادەبوونی لە هەندێ شوێندا قەدەغە بکات. ئەم بابەتانە پێش ڕۆیشتنی بەندی بۆ مەرەخەسی، بە شێوەی نووسراو پێی ڕادەگەیەنرێت.(مادەی ٢٠٣ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

بەندی لە ماوەی مەرەخەسیدا دەبێ وشیاری هەڵسوکەوتی ببێت و خۆی لە هەر جۆرە تاوانێک بپارێزێ، چونکا ئەگەر لەو ماوەیەدا تاوانێک بکات، بۆ جاری یەکەم ٦ مانگ و بۆ جاری دووهەم ساڵێک و بۆ جاری سێهەم ٢ ساڵ لە مەرەخەسی بێبەش دەبێت. (مادەی ٢٠٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## کار و فێربوونی پیشە لە بەندیخانە

بڕێک لە ڕێوشوێنەکانی دەستووری بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان پێوەندیی هەیە بە فێربوونی کار و پیشەی تۆمەتبار و مەحکوومی خوازیاری کارەوە. ئەم بەشە لە دەستوور زیاتر بەندییە ئاساییەکان دەگرێتەوە. بە گوێرەی ئەم دەستوورە، مەحکووم و تۆمەتبار دەبێ لە بەندیخانە سەرقاڵی هەندێ کەسبوکار بن کە پێویستی بە تێپەڕاندنی خولی فێرکاری بێت؛ بۆ ئەوەی وێڕای ئەوەی کار دەکەن قۆناخە جۆراوجۆرەکانی فێرکاری تێپەڕێنن و بڕوانامەی شارەزایی فەنی لەو ڕشتەدا وەرگرن.

بەندی دەبێ بۆ کارکردن لە کارگەکانی بەشی بەندیخانەی نیوەبازی ڕێکخراوە داخواز بکات. قەبووڵکردنی داخوازییەکەی گرێدراوە بە وەدەستهێنانی پلەی ئێحتباری پێویست و پەسندکردنی شووڕای پلەپەندی. کارگەکانی بەندیخانەی داخراو و نیوەباز، هەر لە ناو ڕێکخراوەکەدایە.

بەندیی سەرقاڵی کارلە بەندیخانەی نیوەبازدا، لەوکاتی کاردا بۆی نییە بە ئیزنی چاودێر لە شوێنی کارەکەی بچیتە دەرەوە. (مادەی ١٨١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

بۆکارکردنی بەندی لە ناوەندی فێربوونی کار و پیشە، یان هەر جۆرە کارێک لە دەرەوەی ڕێکخراوەش کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندایە؛ جیا لە وەدەست هێنانی پلەی ئیعتباری پێویست و پەسندکردنی شووڕای پلەبەندی، پێویستە دادوەری جێبەجێکار بە پێی ڕێسای قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان، دەستەبەری لە بەندی وەربگرێت.

تەنیا ئەو بەندییانە دەتوانن لە ناوەندی فێربوونی کار و پیشە، یان هەر جۆرە کارێک لە دەرەوەی بەندیخانە کار بکەن کە بڕیاری مسۆگەریان هەبێت. لە هەموو قۆناخەکاندا وەدەستهێنانی پلەی ئیعتباری، پێویستە.

بۆ کارکردن لە ناوەندەکانی فێربوونی کار و پیشە، یان کارکردن لە دەرەوەی بەندیخانە، ئەو بەندییانەی تا ١٥ ساڵ حەپسیان هەیە دەبێ لانیکەم شەس یەکی حەپسەکەیان تێپەڕاندبێ و بەندییانی مەحکووم بە حەپسی زیاتر لە ١٥ ساڵ دەبێ لانیکەم ٣ ساڵ لە ماوەی حەپسەکەیان تێپەڕاندبێ.

**تێبینی ١:** سەبارەت بە تێپەڕاندنی قۆناخێک لە ماوەی حەپس ڕیزپەڕیک هەیە، کە مەحکوومی ماڵی و ئەو بەندییانە دەگرێتەوە وا بە هۆی تاوانی نەخوازراو یان جەزای نەختی لە بەندیخانەدان. ئەم جۆرە بەندییانە بۆ کارکردن لە ناوەندەکانی فێربوونی کار و پیشە یان کارکردن لە دەرەوەی بەندیخانە مەعافن لە تێپەڕاندنی شەش یەک یان ٣ ساڵ لە دەورانی حەپسەکەیان. واتە ئەو بەندییانەی بە هۆی تاوانی نەخوازراو لە بەندیخانەن یان بە هۆی نەتوانین لە دانەوەی جەزای نەغدی بەند کراون، بۆکارکردن لە ناوەندەکانی فێربوونی کار و پیشە و کارکردن لە دەرەوەی بەندیخانە، مەرجی تێپەڕاندنی بەشێک لە حەپسەکەیان نایانگرێتەوە. (مادەی ١٨٣ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی

بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**تێبینی ٢**: بارودۆخی بەهرەمەندی کارکردن لە ناوەندەکانی فێربوونی کاروپیشە یان کارکردن لە دەرەوەی بەندیخانە، بۆ هەندێک لە بەندییەکان ئەستەمترە. ئەم تاقمە بەندییە، تا سێ یەکی دەورانی حەپسەکەیان تێپەڕ نەکەن، کارکردنیان لە ناوەندەکانی فێربوونی کار و کارکردنیان لە دەرەوەی بەندیخانە قەدەغەیە. واتە ئەم کەسانە پاش تێپەڕاندنی سێیەکی دەورانی حەپسەکەیان دێنە ناو ڕەوتی چاکسازی «ڕێباز». بۆ نموونە ئەگەر بەندکراوێک بە تاوانی کردنەوەی ناوەندی دژە ئەخلاقی ١٥ ساڵ حەپسی بۆ دەرچووە، پاش تێپەڕاندنی ٥ ساڵ لە ١٥ ساڵی حەپسەکەی و وەدەستهێنانی پلەی ئێعتباری پێویست، دەتوانێ لە ناوەندەکانی فێربوونی کار و پیشە یا لە دەرەوەی بەندیخانە کار بکات.
بەم پێیە ئەو بەندییانەی بە «لێسانەوەی ژیان» یان ئێعدام یان تۆڵەسزا مەحکووم کراون، هەروەها ئەو بەندییانەی بە سزاکانی دزیی چەکدارانە، قاچاخی چەکدارانە، گەندەڵی، دەسدرێژی، کردنەوەی ناوەندی دژەئەخلاقی، پاشینی تیزاو، سیخوڕی و تێکدانی ئاسایشی وڵات مەحکوومن، ناتوانن لە ناوەندەکانی فێربوونی کار و پیشەی بەندیخانە یان دەرەوەی بەندیخانە کار بکەن.

**تێبینی ٣**: ئەگەر بەندییەک تاوانێکی تازە بکات، بۆ ماوەیەک لە چوونی بۆ ناوەندی فێربوونی کاروپیشە بێبەش دەکرێت. ئەو بەندییانەی لە دەورانی حەپس یان لە مەرەخەسی یان لە کاتی کارکردن لە ناوەندی فێربوونی کاردا تووشی تاوانێکی بە ئەنقەست دەبن، بۆ جاری یەکەم بە ماوەی ٦ مانگ، بۆ جاری دووهەم بە ماوەی ساڵێک و بۆ جاری سێهەم بە ماوەی ٢ ساڵ لە هەموو کارێک لە دەرەوەی بەندیخانە بێبەش دەکرێن. هەڵبەت ئەگەر لە ڕەوتی ڕاگەیشتن بە تاوانە تازەکەدا بڕیاری بێتاوانیی لەو تۆمەتە تازە دەربچێت، بێبەشبوونەکەی بەتاڵ دەکرێتەوە. هەروەها ئەگەر بەندی بە بێهۆ لە شوێنی کارەکەی ئامادە نەبێت بە شێوەی کاتی لە کارکردن لەو ناوەندە بێبەش دەکرێت. (مادەی ١٨٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

دیاریکردنی شوێنی کار و نیشتەجێبوون و حەسانەوەی ئەو بەندییەی لە ناوەندی پیشە وکار یان لە دەرەوەی بەندیخانە کار دەکات، لە ئەستۆی شووراى

پلەبەندی بەندیجانەیە.
هەر کاتێک بەندی لە ناوەندی فێربوونی کار و لە شوێنی کارەکەی ئامادە نەبێت یان بە بێئیزن شوێنی کارەکەی بە جێ بێڵێ، بە واتای هەڵاتن لە بەندیخانە دێتە ئەژمار و بەدواداچوونی یاسایی بۆ دەکرێت و بە پێی هەلومەرج بۆ ماوەیەک لە کارکردن لە ناوەندی کاروپیشە و دەرەوەی بەندیخانە بێبەش دەکرێت.
(مادەی ١٨٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا بەندی ئیزنی ئەوەی هەیە لە ناو بەند یان ئاسایشگادا شتێک بەرهەم بێنێت؟

بەڵێ، مەحکووم و تۆمەتبار بێجگە لە کارکردن لە ناوەندی پیشە و کار، دەتوانن بە ڕازیبوونی سەرۆکی بەندیخانە و لە کاتی بێکاریدا، چالاکی زانستی و هونەری و کاری دەستییان هەبێت. کەرەستەی سەرەتایی ئەم جۆرە کارانە تەنیا لە لایەن فرۆشگەی بەندیخانەوە دابین دەکرێت و پێیان دەدرێت. واتە بەندییەکان ناتوانن کەرەستەی کارە دەستییەکانیان لە دەرەوەی بەندیخانە دابین بکەن.
(مادەی ١٧٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ئەگەر بەندی بۆ کڕینی کەرەستەی سەرەتایی کارەکەی، دەسمایەی هەبێت، دەتوانێ بە تێچووی خۆی دابینی بکات و داهاتی کارەکەشی هەمووی بۆ خۆی دەبێت. بەڵام ئەگەر بەندی بۆ کڕینی کەرەستەی سەرەتایی کارەکەی دەسمایەی نەبێت، لە لایەن شیرکەتی هەرەوەزی کارمەندانی ڕێکخراوە، یان ئەنجومەنی پاڵپشتی بەندکراوان، یان دامەزراوە ئەهلی و خێرخوازییەکانەوە دابین دەکرێ و پێیان دەدرێت. بەڵام دواتر نە تەنیا تێچووی کەرەستەکان لە قازانجەکەی کەم دەکرێت بەڵکوو ڕێژەیەک لە قازانجەکەی وەکوو «بەشی سەرمایە» لە چوارچێوەی «گرێبەستی موزارەبە»دا هەڵدەگرن و دەیرژێننە حیسابی وەبەرهێنەر و پاشماوەکەشی دەخەنە سەر حیسابی مەحکووم. لە واقیعدا بەندیخانە بە کڕینی کەرەستەی سەرەتایی، دەبێتە شەریکی قازانج، بەڵام چونکا وەبەرهێنان لە چوارچێوەی گرێبەستی موزارەبەدا دێتە ئاراوە، وەبەرهێنەر تەنیا لە قازانجدا

پشکی بەر دەکەوێت و ئەگەر زەرەد و زیانێکیش لە ئارادا بێت، تەنیا لە ئەستۆی بەندیدایە. (مادەی ١٧٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات، و مادەی ٥٤٦ی قانوونی مەدەنی)

بەندی دەتوانێ ئەو شتەی دروستی کردووە، بیفرۆشێ. بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی ڕێکخراوە دەتوانێ بەرهەمی بەندییەکان بفرۆشێ. بەڵام ئەم کارە دەبێ بە چاوەدێری دامەزراوە و لە چوارچێوەی ڕێسای پێوەندیدار و بە بەشداریکردنی شیرکەتی هەرەوەزی کارمەندانی ڕێکخراوە و دامەزراوە ئەهلی و خێرخوازییەکان و فرۆشگەوە جێبەجێ بکرێت. فرۆشتنی بەرهەمی بەندییەکان لە لایەن سەرۆکی بەندیخانەوە، پاڵپشتی و برەودانە بەم چالاکییانە و لە ئەرکەکانی سەرۆکی ڕێکخراوە نییە.

ڕێکخراوەی بەندیخانەکان هەروەها بۆ فرۆشتنی بەرهەمی بەندییەکان سامانەیەک وەڕێ دەخات و وردەکاری بەرهەمی بەندییەکان تۆمار دەکات، هەموو کەسێ دەتوانێ ئەم سامانە ببینێ. مەبەست لە ڕێخستنی سامانە ئەوەیە کە هەم بەرژەوەندی بەندی و عەداڵەت ڕەچاو بکرێ و هەم لەبەر ئەوەی دامەزراوەیەک یان کەسێکی تایبەت فرۆشتنی بەرهەمی بەندییەکان قۆرخ نەکەن بەڵکوو فرۆشتنی بەرهەمەکان ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا بێتە ئاراوە. (مادەی ١٨٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

بەندیخانە و دامەزراوەی فێرکاری پیشەی بەندییەکان مافی ئەوەیان نییە «بێگاری» بە بەندییەکان بکەن. بەندی لە کارگە و ڕێکخراوەی بەندیخانە هەر کارێک بکات دەبێ بە پێی دەستوور، هەقدەستی خۆی پێ بدرێت.

شێوازی حیسابکردن و دانی هەقدەستی ڕۆژانەی بەندییەکان، بە پێی دەستووری پەسندکراوی سەرۆکی ڕێکخراوەی بەندیخانەکانە. بۆ حیسابکردنی هەقدەستی ڕۆژانەی بەندییەکان، پلەی ئێعتباری و ڕادەی لێهاتوویی و شارەزایی کارەکە و هەروەها جۆری کارەکەی لە بەرچاو دەگیردرێ.

هەقدەستی ئەو بەندییانەی لە کارگە و ناوەندەکانی فێربوونی کاری بەندیخانە کار دەکەن، لە کۆتایی هەر مانگێکدا ئەیرژێننە حیسابی بانکییەکەی. چاودێری بەردەوام بە سەر دانی هەقدەستی بەندییەکاندا، لە ئەستۆی سەرۆکی ڕێکخراوەیە.

دەکرێ بە داخوازی بەندی، بەشێکی دیاریکراو لە هەقدەستەکەی برژێننە

حیسابی بانکی بنەماڵەکەی. کەسی بەندی خۆی دیاری دەکات ئەو برە پارە بڕژێننە حیسابی چ کەسێکەوە. (مادەی ١٨٥ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی پاراستن، ئاگاداری و تەندروستی لەشوێنی کاری بەندییەکان، هاوتەرازکردنی سیایی حیسابی ماڵی لەگەڵ بنەماکانی ژمێریاری، بیمەکردنی بەندییەکان لە ئاست ڕووداوی لێکەوتەی کار، تۆمارکردن و ڕاگەیاندنی بەردەوامی گوزارشتی بەرهەمی کار و ڕاگەیاندنی ئامادەبوون یان نەبوونی بەندیی لە سەر کارلە دەرەوەی ڕێکخراوە بە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، بە پێی ڕێسا قانونیەکان لە ئەستۆی ئەو ڕێکخراوە و ئەو کەسانەیە کە خوازیاری بە کارگرتنی بەندین.
(مادەی ١٨٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

سەعاتی کار و پشووی ئەو بەندییانەی لە کارگە و ڕێکخراوە پێشەسازی و کەشاوەرزی و خزمەتگوزاریەکانی ناو یان دەرەوەی ڕێکخراوەدا کاردەکەن، پەیرەوی هەلومەرجی شوێن و جۆر و چۆنیەتی کارەکەیە کە بە هاوئاهەنگی سەرۆکی بەندیخانە و لە لایەن بەرپرسی کارگەکانەوە دیاری دەکرێ و بەڕێوە دەچێت. هەر بۆیە لەوانەیە سەعاتی کار و پشووی کارگە جۆراوجۆرەکان دەگەڵ یەکتر جیاوازیی هەبێت. (مادەی ١٨٥ ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

بەندی لە هەر بوارێکدا پسپۆڕیی هەبێت، بۆ نموونە پزیشکی یان لێهاتوویی لە کاروباری پێشە و کاردا، بە مەرجێک مۆڵەتنامە یان جەوازی چالاکیی هەبێت، دەتوانێ داخوازیی کارکردن لە بەندیخانە یان ڕێکخراوەدا بدات و بەندیخانە یان ڕێکخراوە ئەگەر پێویستی ببێت لە پسپۆڕی ئەم جۆرە بەندییانە کەڵک وەرگرێت. بەمجۆرە بەندی دەتوانێ لە بەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییەدا نمرەی ئیعتباری و پێداویستی خۆشبژیوی و لەوانەیە هەقدەستیش وەربگرێت.
بەڵام ئەگەر بەندی بۆ نموونە لە بواری پاسەوانی یان کاروباری ئیداریدا پسپۆڕی و لێهاتوویی هەبێت، ناتوانێ لە بەندیخانە لەو پسپۆڕییەی کەڵک وەربگرێت و لە بەرانبەردا هەقدەست وەربگرێت؛ چونکوو هەر بەو جۆرەی سپاردنی ئەرکی بەندیەوان یان کارگێڕی چاوەدێر بە «پارێزەری بەند» قەدەغەیە،

سپاردنی کاروباری پاسەوانی و ئیداری بە بەندی قەدەغەیە. (مادەی ١٩٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## پێداویستی خۆشبژیوی چییە؟

«پێداویستی خۆشبژیوی» ئەو پێداویستیەیە کە لە بەرانبەر بەشداریکردنی بەندی لە کاری بەرهەمهێنەر یان خزمەتگوزاری بەندیخانەدا، بۆی دابین دەکرێت. بەندی بە بەهرەمەندی لە پێداویستی خۆشبژیوی، زیاتر لە مافە سەرەتاییەکانی هەر بەندییەک هەلی بۆ دەڕەخسێ. بۆ نموونە ئیزنی پێدەدرێت زیاتر لە تەلەفوون کەڵک وەربگرێت، یان ئیزنی پێ دەدرێت دیداری ئەلەکترۆنی ببێت، یان ئاستی ئێعتباری کارتی بانکییەکەی زیاتر دەکەن. بە بەهرەمەندی بەندی لەم جۆرە خزمەتگوزارییە زیادییانە دەڵێن، پێداویستی خۆشبژیوی. (تێبینیی ١ی مادەی ٨٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## سەرپێچی و تەمبێکردن

لە ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکاندا، بە ڕوونی «سەرپێچی» پێناسە نەکراوە و زۆربەی ئەو بابەتانەی باسیان لە سەرپێچی کردووە، بەندییەوان و بەرپرسانی بەندیخانەکان دەگرێتەوە. لەم دەستوورەدا بە ڕوونی هیچ بەرگیرییەک بۆ ناڕەزایەتی، سکاڵا یان داخوازیی دیداری بەندییەکان نەهاتۆتە ئاراوە؛ بەڵام ئەم جۆرە هەوڵانە بە شیکردنەوەی «بە کۆمەڵ» قەدەغە کراوە. (مادەی ١١٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان، هەڵسوکەوتی شیاو و ئاکاری باشی بەندییەکانی لەگەڵ یەکتر وەکوو ئەرک خستۆتە ئەستۆیان و چەند نموونە هەڵسوکەوتی قەدەغەیشی هێناوەتە بەر باس، کە بریتین لە:

تێکهەڵچوون، هەر جۆرە شەڕێک، لە خۆدان، هەوڵی خۆکوژی، هەر جۆرە ئاخافتن یان هەڵسوکەوتی دژە ئەخلاقی، سووکایەتی، تۆمەت و هەڕەشە، هەڵواسینی پەردە بە قەرەویلە یان پەنجێرەوە بە بێ ئیزن، ڕاگرتن و کەڵکوەرگرتن لە مۆبایل،

کەڵکی خراپ لە کارتی تەکەفوون، ڕاگرتنی شتومەکی گرانبایی، بەڵگەی بەنرخ، پووڵی نەغد و شتی ناباو، هێنانەدەرەوەی شت لە کارگە و ساڵۆنە وەرزشییەکان، نەدانی ناونیشانی دروست و پێناسەی تەواو لە کاتی وەرگرتندا، ئاگرکردنەوە، ڕاگرتنی ئاوردوو، کەڵکوەرگرتن لە جلی قەدەغەکراو، سەرپێچیکردن لە فەرمانی یاسایی بەرپرسان، کەڵک وەرنەگرتن لە جلی هاوشێوە یان چەسپاندنی ئیتیکت لە سەر جل لە ناو بەندیخانە یان لە کاتی ڕاگواستن بۆ دەرەوەی بەندیخانە، ملهوڕی، چەوساندنەوە، بە کرێگرتنی بەندییەکانی دیکە، خاڵکوتاندن، شکاندنی شووشە، ڕووخاندنی دیوار، بەشدارینەکردن لە کاروباری خزمەتگوزاری و بەرنامەی فەرهەنگی، فێرکاری، فێربوونی پیشە و کار لە ژوورەوەی ڕێکخراوەدا، سیگار کێشان لە شوێنی داخراودا و لەو شوێنانەی وا سیگارکێشان قەدەغەیە، گۆڕین و جێگۆڕکێ پێکردنی ژوور و قەرەوێڵە بە بێ پرس، قیژە و هەراکردن، گۆرانیکوتن بە دەنگی بەرز، شەڕومارەکە، دەمەقاڵە، ڕەچاونەکردنی تەندروستی تاکەکەسی و گشتی، ئەنجامنەدانی ئەرکی پێسپێردراو، ڕەچاونەکردنی سەعاتی خامۆشی، عەزیەت و ئازاری دیتران، سازکردن و ڕاگرتنی هەر جۆرە چەقۆیەک یان شتی تیژ، سازکردن و ڕاگرتنی هەموو کەرەستەیەکی لێدانوبریندارکردن، هەروەها سازکردن، ڕاگرتن و گواستنەوە یان کڕین و فرۆشتنی ئامێر و ئامرازی قەدەغەکراو (وەکوو مادەهۆشبەرەکان، بادە و شەراب، قومار، جک و هتد)، کورتنەکرنەوەی قژەسەر وەکوو باو، سازکردن و ڕاگرتنی کەمەربەند و تەناف، بە درۆ خۆ لە نەخۆشیدان، بە کورتی هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی پێچەوانەی تەکووزی ڕێکخراوەی بە سەرپێچی داناوە و قەدەغەی کردووە. (مادەی ٤٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**تێبینی**: ڕوون و ئاشکرایە زۆربەی ئەم بەربەستانە ئەو بەندییانە دەگرێتەوە کە بە هۆی تاوانی ئاساییەوە لە بەندیخانەن و هەندێ لەم بەربەستانە (وەکوو بەشدارینەکردن لە بەرنامەی فەرهەنگی و فێرکاری و فێربوونی پیشە و هتد) کە وەکوو سەرپێچی دێنە ئەژمار، بەندییە سیاسی و بڕواییەکان ناگرێتەوە.

هەروەها بەندیەوانەکانیش نە تەنیا لە هەر جۆرە بەدخوڵقی و جنێو و قسەی ناحەز و لێدان و توندوتیژیەک لە ئاست تۆمەتبار و مەحکووم ڕێگەیان پێنەدراوە بەڵکوو هەرکام لەو ئاکارانە لە ئاست بەندی لە لایەن بەندیەوان یان کارگێڕەوە

دەکرێ بەدواداچوونی تاوانی بۆ بکرێت. (مادەی ١٠٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## کەڵکوەرگرتن لە کەلەبچە و پاوەن

بە پێی ئەم دەستوورە کەڵکوەرگرتن لە کەلەبچە لە کاتێکدایە کە بەندی هەڵسوکەوتی مەترسیداری هەبێت و کەڵکوەرگرتن لەم کەرەستە پێویست بێت بۆ ئەوەی ئازار بە خۆی و دیتران یان دارایی و سامان نەگەیەنێت. سەرۆکی ڕێکخراوە دەبێ بە خێرایی و ئەوپەڕی تا ١٢ سەعات بابەتەکە بە دادوەرێ جێبەجێکاری بڕیار یان دادوەری کێشک ڕاگەیەنێت بۆ ئەوەی فەرمانی دادوەریی بە دەستەوە بێت. نابێ پتر لە ٢٤ سەعات بەندی بە کەلەبچە و پاوەنەوە ڕابگرن، چونکا کەلەبچە و پاوەن وەکوو ڕێگاچارەی حەڵەتی مەترسیداری کەسی بەندی نییە و بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بەندکراو بخرێتە ژێر چاوەدێری و خزمەتگوزاری دەروونناسی و دەروونپزیشکییەوە. کەڵکوەرگرتن لە پاوەن بۆ کونترۆڵکردنی بەندیی مەترسیدار تەنیا لە کاتێکدا ئیزنی پێدراوە کە بە کەلەبچە کونترۆڵ نەکرێت. (مادەی ١١٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

هەروەها سەبارەت بە هەڵسوکەوتی پاسەوانی بەندیخانەش هاتووە کە پاسەوان مافی ئەوەی نییە لە کاتی دیتنی هەڵە و سەرپێچیدا، بەندی سزا بدات یان سەرکۆنەی بکات؛ بەڵکوو تەنیا لە سەریەتی بابەتەکە بە ئەفسەر پاسەوان ڕابگەیەنێ. ئەگینا پاسەوان لە یاسا لایداوە و سزا دەدرێت.

### ناوەندی پێڕاگەیشتن بە هەڵە و سەرپێچی بەندی کوێیە؟

لە هەر بەندیخانەیەک شوورایەک لە ژێر ناوی «شووڕای دیسیپلین» پێکدێت کە بە هەڵە و سەرپێچی بەندییەکان ڕادەگات و بەڵێنی پێویست ئەدات. بەڵێنەکانی شووڕای دیسیپلین شیاوی جێبەجێ بوونن.

ئەندامانی شووڕای دیسیپلین بریتین لە:بەرپرسی ناوەندەکانی دادوەری، ڕاهێنانەوە، پارێزگاری ئاسایش، سەرۆکی ڕاوێژگا و ئاریکارێک. (مادەی ٣٨ی ڕێسای

بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## تەمبێی گوێنەدان بە دیسیپلین لە چ ئاستیکدایە؟

لانیکەمی تەمبێی گوێنەدان بە دیسیپلین، بێبەشبوونە لە ٣ جار دیدار. لانیزۆریشی بێبەشبوونە لە پێشنیاری لێخۆشبوون و ئازادی مەرجدار بە ماوەی ٦ مانگ.

**تەمبێکانی گوێنەدان بە دیسیپلین بریتین لە:**

١. بێبەشبوون لە دیدار تا سێ جار؛ بێجگە لە دیدار لەگەڵ پارێزەر و بەرپرسان
٢. بێبەش بوون لە مەرەخەسی بۆ ماوەی ٣ مانگ
٣. ڕاگواستن لە ناوەندی فێرکاری پیشە و کار بۆ بەندیخانەی داخراو و نیوە باز
٤. بێبەشبوون لە پێشنیاری لێخۆشبوون بۆ ماوەی ٦ مانگ

(مادەی ٤١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ژووری تاکەکەسی

بەر لەوەی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان لە ساڵی ١٤٠٠ دا پەسند بکرێ و ڕێساکانی پێشوو بەتاڵ بکرێنەوە، قورسترین سزا لە ڕێسای بەڕێوەبەری پەسندکراوی ساڵی ١٣٨٠دا، ڕاگرتنی بەندی سەرپێچیکار لە ژووری تاکەکەسیدا بە ماوەی ٣٠ ڕۆژ بوو.
(بڕگەی ٤ی مادەی ١٦٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات پەسندکراوی ساڵی ١٣٨٠)

بەڵام لە ساڵی ١٣٨٢دا تەمبیکردن بە شێوەی «ڕاگرتنی بەندی لە ژووری تاکەکەسیدا و بە ماوەی ٣٠ ڕۆژ» لە لایەن دیوانی عەداڵەتی ئیدارییەوە بەتاڵ کرایەوە و لە ڕیزی تەمبێکردنی بەندییە سەرپێچیکارەکان وەلا نرا. (بڕیاری چۆنیەتی ڕەواڵی ٤٣٥ی دیوانی عەداڵەتی ئیداری ڕێکەوتی ١٣٨٢/١٠/٢٨)

بەڵام مەخابن لە کۆماری ئیسلامیدا، زۆر جاران سزا و تەمبێکردن بە پێی بنەما قانوونی و پێوەرە ئینسانییەکان بەڕێوە ناچن بەڵکوو بە گوێرەی سەلیقەی بەڕێوەبەرانی قانوون جێبەجێ دەکرێن؛ دیسان لە ساڵی ٨٤دا ڕاگرتنی بەندی لە ژووری تاکەکەسیدا وەکوو سزایەک، بە چاکسازییەکی دووبارە لە دەستووردا هاتە

گونجاندن، بەو جیاوازییەی کە ماوەکەی لە ٣٠ ڕۆژەوە بۆ ٢٠ ڕۆژ کەم کرایەوە.
بە خۆشییەوە لە ڕێسای بەڕێوەبەری پەسندکراوی ساڵی ١٤٠٠دا ئیتر ئەم جۆرە سزا لە بەرچاو نەگیردراوە و ڕاگرتنی بەندی لە ژووری تاکەکەسیدا بەتاڵ کراوەتەوە. هەرچەندە بە کردەوە، پێچەوانەکەی دەبینین، بەڵام زانیاری لە سەر یاسا و ڕێساکان یارمەتیمان دەدات چاوبەستە لە ئاست کردەوە ناقانوونییەکاندا –تەنانەت پێشێلکردنی یاسا پەسندکراوەکانی کۆماری ئیسلامیش– چۆک دانەدەین و لە هەر کات و ساتێکدا داوای مافی خۆمان بکەین.

## ئایا پێڕاگەیشتن بە سەرپێچی و هەڵەی بەندی لە شووڕای دیسیپلیندا، بە ئامادەبوونی خۆی دێتە ئەنجام.

بەڵێ. پێڕاگەیشتن بە هەڵە وسەرپێچی دەبێ بە ئامادەبوونی بەندی ئەنجام ببێت و دەبێ لە شووڕای دیسیپلیندا سەرەتا هەڵە وسەرپێچییەکەی پێ ڕابگەیەنن و بەندی تێبگات لەوەی چ کارێکی کردووە کە وەکوو سەرپێچی هاتۆتە ئەژمار. پاشان شووڕای دیسیپلین دەبێ دەرفەت بە بەندی بدات لە خۆی بەرگری بکات. بەم پێیە شووڕای دیسیپلین کاتێ دەتوانێ بڕیار بە تەمبێکردنی بەندی بدات کە پاش پێڕاگەیشتن و بیستنی بەرگرییەکانی، سەرپێچی و هەڵەکانی بۆ شووڕا مسۆگەر ببێت و ئەو سزای بۆی ڕەچاو دەکەن دەبێ لەگەڵ جۆری سەرپێچی و هەڵەکەیدا بگونجێت.
شووڕای دیسیپلین دەتوانێ جیا لە بەکارهێنانی تەمبێ، هەندێ لە پێداویستیی خۆشبژێوی یان نمرەی ئێعتباری بەندی کەم بکاتەوە. هەر وەها شووڕای دیسیپلین دەتوانێ وەکوو هەنگاوێکی کۆتایی و پەروەردەیی لە هەندێ پێداویستیی وەکوو شوێنە وەرزشییەکان، پێوەندی تەلەفوونی، دیداری ئەلەکترۆنی یان کەڵکوەرگرتن لە کارتی بانکی ناوخۆی ڕێکخراوە، بۆماوەی مانگێک بێبەشێ بکات، یان شوێنەکەی بگۆڕێت. (مادەی ٢١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**شاربەدەر کردن:** زۆر جار لە بەندیخانەکانی ئێراندا بینراوە کە کارگێڕانی ئاسایش بە هۆکاری سیاسی، هەندێ لە بەندییە سیاسی و بڕواییەکان لە بەندکراوە سیاسییەکانی دیکە جیا دەکەنەوە و دووری دەخەنەوە بۆ بەندیخانەیەکی دوور

لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی و بنەماڵەی. ئەم جۆرە هەنگاوانە نایاسایین و دەگەڵ ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان ناتەبان.

بە گوێرەی ئەم دەستوورە ئەگەر تەنانەت ئیدعا بکرێت کە ڕاگواستنی بەندی بە هۆی سەرپێچیکردنی خۆیەتی، دیسان ڕاگواستنی کەسی بەندی لە بەندێکەوە بۆ بەندێکی دیکە یان لە بەندیخانەیەکەوە بۆ بەندیخانەیەکی دیکە یان بە شێوازێکی دیکە لە بەندیخانەی شار یان پارێزگایەکەوە بۆ شار و پارێزگایەکی دیکە، بەر لەوەی لە شوورای دیسیپلین بە هەڵە و سەرپێچییەکەی ڕابگەن و تەمبێ دیاریکراوەکانی بەڕێوە ببەن، وەکوو سەرپێچی لە دەستوور دێتە ئەژمار و دەکرێ بۆ هەموو ئەندامانی شوورای دیسیپلین و بەڕێوەبەرانی فەرمانی نایاسایی ئەوان بە دواداچوونی ئیداری و تاوانیان بۆ بکرێت. چونکا هەر لەم دەستوورەدا دیاریکراوە کە شوورا کاتێ دەتوانێ فەرمانی گواستنەوەی بەندییەک دەربکات کە پێی وابێ تەمبێکانی دیاریکراو لە دەستووردا بۆ بەندی کاریگەر نابن و وەکوو سزایەکی کۆتایی و پەروەردەیی ڕایگوێزن. هەر بۆیە دەکرێ ڕاگواستنی بەندکراوە سیاسی و بڕواییەکان لە بەندی بەندکراوانی سیاسییەوە بۆ بەندی بەندکراوە ئاساییەکان، یان لە بەندیخانەیەکەوە بۆ بەندیخانەیەکی دیکە یان لە بەندیخانەی شار و پارێزگای شوینی نیشتەجێبوونی بۆ شار و پارێزگایەکی دیکە –بە بێ ئەوەی لە شوورای دیسیپلین سەرپێچی و هەڵەکەی سەلمابێ و بە بێ ئەوەی بە یەکێ لە تەمبێکان مەحکووم کرابێ- دوورخستنەوەی نایاسایی بێنینە ئەژمار.

**تێبینی ۱: ئەو تەمبێ و سنووردارییەی بە هۆی سەرپێچی بەندییەوە، لە لایەن شوورای دیسیپلینەوە لە بەرچاو دەگیردرێ، خزمەتگوزاری تەندروستی، دەرمانی و ڕاوێژکاری دەروونناسی، یان بێبەشکردن لە کتێبخوێندنەوە و هەواخۆری و حەمامکردن ناگرێتەوە. بەم پێیە بەندی لە هەر هەلومەرجێکا دەبێ لە خزمەتگوزاریی تەندروستی و دەرمانی و هەواخۆری و هتد بەهرەمەند بێت. هەروەها جیاکردنەوە و ڕاگرتنی ژنانی دووگیان و ئەو دایکانەی منداڵیان پێیە لە ژووری تاکەکەسیدا قەدەغەیە.** (مادەی ٤٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**تێبینی ٢**: هەر بەو جۆرەی بڕیاری دادگا بە هەندێ مەرجەوە دەکرێ سڕ بکرێت یان بگۆڕدرێ بە سزای کەمتر، بڕیاری دەرکراوی شوورای دیسیپلینیش دەکرێ سڕ بکرێت یان بگۆڕدرێ بە سزایەکی کەمتر (وەکوو گۆڕینی بە خزمەتگوزاری قازانجی گشتی بۆ ماوەی ٦ مانگ). بەڵام ئەگەر بەندی لە ماوەی سڕکردنی سزاکەیدا سەرپێچی و هەڵەیەکی دیکە بکات و دیسان لە شوورای دیسیپلیندا مەحکووم بکرێت، سڕکردن یان کەمکردنەوەی سزاکەی پێشوویشی بەتاڵ دەبێتەوە و هەر دوو سزاکەی پێکەوە بەڕێوە دەچێت. (مادەی ٤٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**تێبینی ٣**: ئەگەر هەڵسوکەوتی بەندی لایەنی تاوانیشی هەبێت، بۆ نموونە لە بەندیخانە جیا لە بەدڕەفتاری دەگەڵ بەندیی دیکەدا، تووشی دەسدرێژی یان دزی یان ڕاگرتنی مادە هۆشبەرەکانیش ببێت؛ لێرەدا جیا لەوەی لە شوورای دیسیپلیندا بە سەرپێچییەکەی ڕادەگەن، بۆ پێڕاگەیشتن بە تاوانەکەی، بابەتەکە بە دادستێن یان سەرۆکی ناوەندی دادوەری ڕادەگەیەنن و دۆسییەی تاوانی بۆ ساز دەکەن و دەبێ بۆ پێڕاگەیشتن بە تاوانەکەی لە دادگا یان دادسەرادا ئامادە ببێت. (مادەی ٤٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**تێبینی ٤**:ئەگەر بەندی بە ئەنقەست یان بە هەڵە زەرەد و زیان بدات لە کەلوپەلی بەندیخانە، دەبێ زەرەد و زیانەکەی قەرەبوو بکاتەوە. ئەگەر زەرەد و زیانەکەی قەرەبوو نەکاتەوە، لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا بە ڕاپۆرتێک بابەتەکە بە دادوەری جێبەجێکار ڕادەگەیەنن. ئەگەر بەندی هەڵەکەی لە ئەستۆ بگرێت و زەرەد و زیانەکە تا ١٠ ملوێن تمەن بێت ، دادوەری جێبەجێکار دەتوانێ ئەو بڕە پارە لە حیسابە بانکییەکانی بەندی هەڵگرێت و پاشان بە شێوەی نووسراو بابەتەکەی پێڕاگەیەنێت. (مادەی ٤٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا بڕیارەکانی شوورای دیسیپلین سەربەخۆیانە دێنە بواری جێبەجێکردنەوە؟

نا! بڕیارەکانی شوورای دیسیپلی کاتێ دێنە بواری جێبەجێکردنەوە کە دادوەری جێبەجێکار پەسندی بکات. کە وابوو بڕیارەکانی شوورای دیسیپلین بە بێ پەسند کردنی دادوەری جێبەجێکار جێبەجێ ناکرێن.
زانیاری لە سەر ئەم ڕێسا و دەستوورانە ئەو ئیمکانە بۆ بەندی دەڕەخسێنێ کە لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەها دۆخێکدا، داوای ڕوونووسێک لە بڕیاری شوورای دیسیپلین سەبارەت بە تەمبێ ڕەچاوکراوەکان بکات و سەرنجی ئەوە بدات کە سەبارەت بە تەمبێکان پەسندی دادوەر وەرگیرابێت. جیا لەمە ئەگەر بەندی بە بێ وەرگرتنی پەسندی دادوەری جێبەجێکار لە لایەن شوورای دیسیپلینەوە تەمبێ کرابێت، دەتوانێ لە ناوەندی دادوەری و ئینتزامی دژی هەموو ئەندااامانی شوورای دیسیپلین سکاڵا تۆمار بکات. (مادەی ٤١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا بڕیاری دەرکراو لە لایەن شوورای دیسیپلینەوە مسۆگەرە و سڕ ناکرێت؟

نا! شوورای دیسیپلین دەتوانێ بە ڕەزامەندیی ڕای زۆرینە، بەشێک یان هەموو بڕیارەکە بە ماوەی ٦ مانگ سڕ بکات. ئەگەر لەم ماوەدا بەندی تووشی هەڵە یان تاوانێک نەبێت تەمبێکانی جێبەجێ ناکرێن بەڵام ئەگەر لەم ماوەدا بەندی هەڵە یان تاوانێکی دیکە بکات، هەموو تەمبێکانی دێتەوە سەر و جێبەجێ دەبن.
(مادەی ٤٣ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا شوورای دیسیپلین بەو تاوانانە ڕا دەگات وا بەندی لە بەندیخانە دەیکاتن؟

دەسەڵاتی شوورای دیسیپلین تەنیا لە ئاست ئەو هەڵە و سەرپێچییانەدایە کە بەندی لە بەندیخانە تووشی دەبێت. ئەو ڕەفتارانەی بە «سەرپێچی» دێنە ئەژمار، ناچنە چوارچێوەی «تاوان»ەوە. وەکوو: تێکدانی سەقامی بەندیخانە.
بەڵام ئەگەر بەندی لە بەندیخانە کارێک بکات کە تاوان بێت و لە قانووندا سزای بۆ دیاری کرابێت، پێڕاگەیشتن بە تاوانی بەندی و لە بەندیخانە، لە دەسەڵاتی

شوورای دیسیپلیندا نییە. لە بابەتی وەهادا شوورای دیسیپلین بە ڕاپۆرتێک بابەتەکە بە ئاگاداری دادستان یان سەرۆکی ناوەندی دادوەری دەگەیەنێ بۆ ئەوەی لە ناوەندێکی دادوەری شیاودا بە بابەتەکە ڕا بگەن. وەکوو: ڕاگرتنی مادە هۆشبەرەکان، دزی، یان لێدان و بریندارکردن و تاوانی لەم جۆرە. (مادەی ٤٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## نامە و نووسراوەکانی بەندی

هەر بەندییەک ئەگەر دیدار لێ قەدەغەکراو نەبێت، مافی ئەوەی هەیە هەفتەی ٢ نامە بنێرێت بۆ ئەندامانی بنەماڵەی یان دۆستان و خزمانی، یان پارێزەر، یان بەرپرسانی دادوەری. جیا لەمانە هەر بەندییەک دەتوانێ مانگی جارێک نامە بنێرێت بۆ بەرپرسانی فەرمیی وڵات (وەکوو سەرکۆمار یان سەرۆکی هێزی دادوەری و هتد). ئەو بەندییانەی دیدار لێ قەدەغەکراون لە کاتی پێویستبووندا دەتوانن بە ئیزنی دادستان یان ناوەندی دادوەری (وەکوو دادوەر یان لێکۆڵەری دۆسیەکەیان) نامە بۆ پارێزەر یان بنەماڵەکەیان بنووسن و بنێرن. نامەی بەندکراوانی دیدار قەدەغە لێکراو لاک و مۆر ناکرێت و وەکوو نامەی سەر ئاوەڵا دەدرێتە بەرپرسی پێوەندیدار کە بینێرێ.

نامەیەک کە بابەتی دژ بە پاکداوێنی و دژە ئەخلاقیی تیا بێت، یان لە وشەی سووک و ناپەسەند و بۆچوون و ناوەرۆکی تاوانبارانەی وەکوو هەڕەشە و بێڕێزی و بوختانی تیا بێت، یان وشەگەلێکی تیا بێت سووکایەتی بە کەسانێک کردبێت، یان ڕق و قینێکی نەخوازراو و تێکراری کە پێشتریش هاتۆتە ئاراوە و پێڕاگەیشتنی بۆ کراوە، هەروەها نامەیەک کە لایەنی موزاحیمبوونی کەسێکی تیایە، بە فەرمانی سەرۆکی بەندیخانە دەستی بە سەردا دەگیردرێ و لە ناردنیان بۆ شوێنی مەبەست خۆ دەبوێرن. نووسەری نامەکەش بە پێی ئەو شتەی بۆتە هۆی ڕاگرتنی نامەکە، بەدواداچوونی دیسیپلینی یان دادوەریی بۆ دەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر بەندی لە نامەکەیدا هەڕەشەی لە کەسێک کردبێت یا یان بێڕێزیی کردبێ و بوختانی هەڵبەستبێ، دەبێ لە ناوەندی دادوەریدا وڵامدەر بێت. هەروەها ئەگەر لە نامەکەیدا لە وشەگەلی سووکایەتییپێکردن کەڵکی وەرگرتبێ دەبێ لە شووڕای

دیسیپلیندا وڵامدەر بێت. (مادەی ٢٢٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

هەڵبەت لەم دەستوورەدا چونکا دیاری نەکراوە مەبەست لە «گوزارەی ناحەز» چییە، یان مەبەست لە داوێنپاکی و ڕەوشتی چاکە چییە؛ ئەو مەترسییە دێتە ئاراوە کە سەرۆکی بەندیخانەکان بە سەلیقەی خۆیان هەڵسوکەوت لەگەڵ بەندی بکەن و بە نەناردنی نامە بۆ شوێنی مەبەست یان دەسبەسەردا گرتنی نامەی بەندکراو، دۆسییەی دادوەری یان دیسیپلین لە دژی ساز بکەن و بەم کارەیان نە تەنیا بەندی لە مافە ڕەواکانی بێبەش دەکەن بەڵکوو دوو هێندە گرفتی زیاتری بۆ ساز دەکەن.

دەق نامەی بەندی دەبێ بە زمانی فارسی و خۆش خەت و ڕەوان بێت و ناوەرۆکەکەیشی دەبێ لە چوارچێوەی بارودۆخ و بنەماڵە و کەسێتی و ناوەرۆکی دۆسییەکەیدا بێت. (مادەی ٢٢٩ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا بەندی دەتوانێ لە کاتی پێویستدا، بە بێ لەبەرچاو گرتنی مۆڵەتی هەفتانە نامەیەکی دیکە بنووسێت؟

بەڵێ، بەندی دەتوانێ لە کاتی پێویستدا و لە بابەتی تایبەتدا، بە بێ لەبەرچاو گرتنی وەخت، نامەی دیکەش بنووسێت. سنووورداری نووسین و ناردنی ٢ نامە لە هەفتەدا، هەموو بابەتەکان ناگرێتەوە. بۆ نموونە:

ئ. ئەگەر زۆر پێویست بێت و بەندی یان بنەماڵەکەی بکەونە دۆخێکی تایبەتەوە، دەتوانێ بە ئیزنی دادوەری جێبەجێکار یان سەرۆکی بەندیخانە، لە هەفتەدا زیاتر لە دوو نامە بنووسێت بۆ کەسوکاری.

ب. سەبارەت بە لایەحە و داخوازنامەی پێوەندیدار بە دۆسیەی بەندی هیچ سنوورێک نییە و دەتوانێ لە ڕێگای سامانەی ئەلەکترۆنییەوە لایەحە و داخوازنامە بنێرن بۆ ناوەندی دادوەری. بەرپرسانی بەندیخانە وەکوو ئەرک لە سەریانە لەم بوارەدا کارئاسانی بۆ بەندییەکان بکەن.

پ. ئەو نامانەی هەڵگری بابەتی ئەمنییەتی و دادوەرین، دەبێ خێراتر هەنگاویان بۆ هەڵگیردرێ. بەرپرسانی بەندیخانە وەکوو ئەرک لە سەریانە نامەی لەم جۆرە

کە بابەتی ئەمنییەتی و دادوەری لە خۆ دەگرن دەسبەجێ بینێرن بۆ بەرپرسانی پێوەندیدار بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویستیان بۆ هەڵگیردرێ. (مادەی ٢٢٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

نامەی بەندکراوانی بیانی کە بە زمانێکی دیکە دەنووسرێ، پێش لە ناردن بە هەر شێوازێک ئیمکانی هەبێت وەریدەگێرنە سەر زمانی فارسی و ڕوونووسێکی لە دۆسیەی بەندیدا لە ئارشیڤی بەندیخانە هەڵدەگرن. پاشان ئەگەر ناردنی نامە بۆ شوێنی مەبەست ئیرادێکی نەبێت. لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەندیخانەکانی پارێزگاوە بە ڕێیدەکەن.
هەروەها نامەی بەندکراوانی بیانی کە بۆ نوێنەری سیاسی و کونسوولی یان پارێزەری بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان دەینێرن، لە ڕێگای بەڕێوەبەری گشتی بەندیخانەکانی پارێزگاوە دەینێرن بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ ئەوەی لەوێوە بگاتە دەست نوێنەری سیاسی و کونسوولگەری یان پارێزەری بەرژەوەندییەکانی وڵاتی پێوەندیدار. (مادەکانی ٢٣٠ و ٢٣١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

هەروەها ئەگەر بەندی لە هەرکام لە بەرپرسانی دادوەری یان بەرپرسانی بەندیخانە سکاڵای هەبێت، دەتوانێ لە ڕێگای سامانەی ئەلەکترۆنی دادوەرییەوە سکاڵاکەی تۆمار بکات و بینێرێت.

## ئایا بەندییەکان مافی ئەوەیان هەیە لە دەرەوەی بەندیخانە داوای کتێب بکەن؟

بەڵێ. بەندییەکان دەتوانن داوای هەر کتێبێکی ئیزنپێدراو بکەن کە لە دەرەوەی بەندیخانەوە بۆی بنێرن. کتێب یەکێ لەو شتانەیە کە ڕاگرتنەکەی لە لایەن بەندییەوە ئیزنپێدراوە، هەمیشە ئەو کتێبەی بەندی دەیهەوێ لە بەندیخانەدا نیە. هەر بۆیە بەندی مافی ئەوەی هەیە بۆ دەسڕاگەیشتن بەو کتێبەی پێویستیەتی، لە دەرەوە داوای بکات. وێڕای ئەوەی ناردنی ئەو بەستە پۆستانە بۆ بەندی، لە باری قانوونییەوە ڕێگەپێدراوە، بە تایبەت ئەگەر ئەو بەستە پۆستییانە کتێبی ڕێگەپێدراو بن، هیچ کێشەیەک نییە بدرێ بە بەندی. (مادەکانی ٦٩ و٢٣٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی بەندیخانەوە بە ناوی بەندییەوە پۆست دەکرێن، دەبێ پێی بدرێت؟

هەموو نێردراوە پۆستییەکان پێش ئەوەی بدرێنە بەندی، لەلایەن کارگێڕە بە ئەزموونەکانی بەندیخانە و لە شوێنێکدا کە دووربینی هەبێت، پشکنین دەکرێن. هەموو ئەو شتانەی بۆ بەندی پۆست کراوە ئەگەر ڕێگەپێدراو بن ئەدرێتە بەندی و ئەگەر ڕێگەپێدراو نەبن ٢ حاڵەتی هەیە.

**١**. شتێک بن کە ڕاگرتنەکەیان تاوان نەبێت، لەم حاڵەتەدا دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵە یان کەسوکاری بەندی. ئەگەر بەندی کەسوکارێکی نەبێت کە ئەو بەستە پۆستییە ڕێگە پێنەدراوەی پێ بدەن، ڕاپۆرتێکی لە سەر دەنووسن و وەکوو دارایی بەندی دێتە ئەژمار و کاتی ئازادبوونی پێی دەدەنەوە.

**٢**. شتێک بن کە ڕاگرتنیان تاوان بێت. لێرەدا دەبێ بابەتەکە بە ناوەندی دادوەری ڕاگەیەنن تا بەڵێنی لە سەر بدات. (مادەی ٢٣٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## پێوەندی تەلەفوونی بەندی

یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی پێوەندیگرتنی بەندی لەگەڵ دەرەوەی بەندیخانە، پێوەندی تەلەفوونییە. بەندی دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە کارتی تەلەفوون و تەلەفوونی گشتی کە لە بەند هەڵواسراون، لەگەڵ بنەماڵە و دۆستان و کەس و کار و پارێزەرەکەی پێوەندی تەلەفوونی هەبێت. شێوازی پێوەندی بەم تەلەفوونە گشتییانە بە جۆرێکە کە لە سەرەتا و کۆتایی قسەکانا بەو کەسەی لەگەڵ بەندی قسان دەکات ڕادەگەیەنن کە ئەم پێوەندییە لە بەندیخانەوە ساز دراوە و تۆ لەگەڵ کەسی بەندیدا قسان دەکەیت. بەم پێیە بەندی ناتوانێ لە پێوەندییەکەیدا بەندیبوون خۆی وەشارێ. بەندی بە هیچ جۆرێ ناتوانێ بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ دەرەوەی بەندیخانە لە موبایل کەڵک وەربگرێت. (مادەکانی ٢٢٣ و ٢٢٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ئەگەر بسەلمێ کە بەندی لە پێوەندی تەلەفوونی کەڵکی خراپی وەرگرتووە و بە

تەلەفوون هەڕەشەی لە خەڵک کردووە، جیا لەوەی بە ماوەی ٢ مانگ لە پێوەندی تەلەفوونی بێبەش دەکرێت، لە بواری دادوەریشەوە بابەتەکە بە ناوەندی دادوەری ڕادەگەیەنن. ئەگەر بەندی جارێکی دیکە سەرپێچی بکات و هەڕەشە لە کەسێک بکات، ئەمجارەیان جیا لەوەی بۆ ماوەی ٤ مانگ لە پێوەندی تەلەفوونی بێبەش دەکرێت بەڵکوو لەوە بەدوا تەنیا دەتوانێ لە هەفتەدا جارێک تەلەفوون بکات ئەویش لەگەڵ دوو هێڵی تەلەفوونی دیاریکراو لە کەسوکاری.

ئەگەر بەندی دیسان بۆ جاری سێهەم لە تەلەفوون بە مەبەستی هەڕەشە و تەنگهەڵچنین بە کەسێک یان هەندێ مامەڵەی نایاسایی یان هەر کارێکی تاوانبارانە کەڵک وەرگرێت، ئەمجارە بۆ هەمیشە و تا کۆتایی دەورانی حەپسەکەی لە پێوەندی تەلەفوونی بێبەش دەکرێت. هەڵبەت ئەگەر پاش تێپەڕینی ساڵێک لە دەسپێکی بێبەشبوونەکەی دادوەری جێبەجێکار پێی وابێ کە بەندی تەمبێ بووە، ئەوجار دەتوانێ فەرمان بدات کە بەندی تەنیا لەگەڵ دوو هێڵی تەلەفوونی لە کەسوکاری و لە هەفتەدا جارێک پێوەندی تەلەفوونیی هەبێت. (مادەی ٢٢٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## دیداری بەندی

پێوەندی لەگەڵ پارێزەر، ئەندامانی بنەماڵە، خزموکەس و دۆستان مافی سەرەکی هەر بەندییەکە و هیچ پلەوپایەدارێک ناتوانێ لەم مافە بێبەشی بکات؛ مەگەر ئەوەی بەندی بە بڕیاری شووڕای پلەبەندی و لەژێر ناوی «تەمبێی دیسیپلینی» سەردانی لێ قەدەغە کرابێت.

هەر بەرپرسێک بە شێوەی نایاسایی، بەندی لە دیدار یان پێوەندی بێبەش بکات لە بواری دیسیپلین و ئیدارییەوە دەکرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێت و هەندێ جاریش دەکرێ بەدواداچوونی سزایی بۆ بکرێت.

سەبارەت بە تۆمەتباری بەندکراو، ئەگەر دادوەر پێی وابێ، دیدار یان پێوەندی لە گەڵیا بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕاگەیشتنە، دەتوانێ بە شێوەی نووسراو و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مافی سەردانی لێ قەدەغە بکات.

## چ کەسانێ دەتوانن لەگەڵ بەندی دیدار بکەن؟

کەسوکاری نزیک وەکوو هاوسەر، باوک، دایک، برا، خوشک و منداڵانی بەندی مافیان هەیە لە کاتی دیداردا، بە شێوەی ڕواوڕوو دیداری لەگەڵ بکەن.
خزموکەسی دیکە وەکوو: خاڵۆ و مامە و پوور و...یان دۆستانی بەندی دەتوانن داخوازی دیدار بکەن و بە ئیزن وەرگرتن لە بەڕێوەبەری گشتی بەندیخانەکانی پارێزگا، دادوەری جێبەجێکار یان سەرۆکی بەندیخانە، لەگەڵ بەندی دیداری کابینییان هەبێت. (مادەی ٢١٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا دیداری بەندی لەگەڵ بنەماڵە، هەمیشە بە شێوازی ڕواوڕوو دەبێت؟

نا! لە هەر بەندیخانەیەکدا شوێنێک وەکوو شوێنی دیدار ساز دەکرێت، ئەم شوێنە بە پێی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان لە چەند هۆدەی شووشەیی نەشکێن پێکدێت کە هەر هۆدەیەک تەلەفوون و دژەدەنگی تێدایە. دیداری گشتی بەندییەکان کە بە شێوازی هەفتانەیە بە زۆری لەم شوێنانە دێتە ئەنجامگرتن. ماوەی دیداری گشتی لە هەفتەدا ٢٠ تا ٣٠ خولەکە. بەڵام ئیزن دراوە بە سەرۆکی بەندیخانە کە بە مەسڵەحەتی خۆی و بە سەرنجدان بە هەڵسوکەوتی بەندی، بەرنامەی «دیداری ڕواوڕوو» ی بەندی لەگەڵ کەس و کاری نزیک و دایک و باوک و هاوسەرەکەی ڕێک بخات. ماوەی دیداری ڕواوڕوو نیو سەعات تا سەعاتێکە. (مادەی ٢١٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## بەندی بە چەند جۆر دەتوانێ دیداری هەبێت؟

ئ. **دیداری کابینی:** بەندی دەتوانێ هەموو هەفتەیەک لەگەڵ بنەماڵە، باوک و دایک و منداڵ و هاوسەر و باوکودایکی هاوسەرەکەی دیداری کابینیی هەبێت. دۆستان و ئاشنایانی بەندی دەتوانن بە ئیزنوەرگرتن لەگەڵ بەندی دیداری کابینییان هەبێت. دیداری کابینی مافی بێ ئەملاو ئەولای بەندییە. ماوەی ئەم

دیداره ٢٠ تا ٣٠ خولەکە.

ب. **دیداری ڕواوڕوو:** سەرۆکی بەندیخانە دەتوانێ لە ڕۆژانێکی تایبەت یان بۆنەیەکی تایبەتدا، دیداری ڕواوڕووی بەندی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی پێک بێنێ. ماوەی دیداری ڕواوڕوو نیو سەعات تا سەعاتێکە.

پ. **دیداری تایبەتی:** دیدارێکە کە سەرۆکی بەندیخانە ڕێکیدەخات و بە بۆنەی گرتنی نمرەی دەسخۆشانەوە ئەدرێتە بەندی. لەم جۆرە دیدارەدا ئەندامانی بنەماڵەی بەندی دەتوانن بە شێوازی تایبەتی و بۆ ماوەیەکی زیاتر لەگەڵ بەندی دیدار بکەن. چونکوو ئەم دیدارە لە شوێنێکی تایبەتدا دێتە ئاراوە کە هەر بۆ ئەم مەبەستە لە بەرچاو گیراوە، پێی دەڵێن دیداری تایبەتی. ماوەی ئەم دیدارە ٤ تا ١٢ سەعاتە. (مادەی ٢١٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

ت. **دیداری ئەلەکترۆنی:** یەکێکی دیکە لە دیدارەکانە کە بۆ دەسخۆشانە ئەدرێتە بەندی. ئەم دیدارە بە شێوازی مەجازییە و ماوەکەی لە ٥ خولەک تا ٣٠ خولەکە.

بێجگە لە دیداری گشتی، دیدارەکانی دیکە هەموویان لایەنی دەسخۆشانەیان هەیە. ماوەی ئەم جۆرە دیدارانە سەرۆکی بەندیخانە دیاریی دەکات و دەکرێ درێژ بکرێتەوە و زیاد بکرێت.
هەروەها سەرۆکی بەندیخانە دەتوانێ لە ئەگەری سەرهەڵدانی نەخۆشییە ڤەگرەکان، بە شێوەی کاتی دیداری ڕواوڕوو و تایبەتی ڕاگرێت تا بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە. (مادەکانی ٢١٢ و٢١٣ و ٢١٤ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## دیداری پارێزەر لەگەڵ بەندی لە کام ڕۆژی هەفتەدا و بە فەرمانی کێ دێتە ئەنجام؟

دیداری پارێزەر لەگەڵ بەندی پەیڕەوی کات و بەرنامەیەکی تایبەت نییە کە لە لایەن بەندیخانە و بەرپرسانی بەندیخانەوە دیاری بکرێت. هەرکاتێ پێویست بێت پارێزەری بەندی دەتوانێ لە بەرپرسانی دادوەری ئیزن وەر بگرێت و لە

سەعاتی ئیداریدا بچێتە بەندیخانە و بە نواندنی بریکارنامە، لەگەڵ بریگرتەکەی دیدار بکات.

شوێنی دیداری پارێزەر لەگەڵ بریگرتەکەی شوێنێکە جیا لە شوێنی دیداری گشتی. بۆ ئەم مەبەستە لە هەر بەندیخانەیەکدا بە تێچووی «کانوونی پارێزەران» ژوورێکی تایبەت بە دیداری پارێزەر لەگەڵ بریگرتەکەی ساز دەکرێت کە پێی دەڵێن: «ژووری تایبەتی دیداری پارێزەر».

بەم پێیە پارێزەر بۆ دیدار لەگەڵ بریگرتەکەی پێڕەوی بەرنامەی دیداری بەندیخانە نییە. بەڵکوو گرینگی دەداتە پێویستبوونی دیدارەکە و هیچ بەرپرسێک ناتوانێ بەر بە دیداری پارێزەر دەگەڵ بریگرتەکەی بگرێت؛ مەگەر ئەوەی کە بریگرتەی بەندی سەردانی لێ قەدەغە کرابێت کە لەم حاڵەتەدا دەبێ دیدار بە ڕەزامەندی و فەرمانی ناوەندی دادوەرێیەوە بێتە ئاراوە.

ڕێکخراوەی بەندیخانەکان لە سەریەتی بە هاوکاری «ناوەندی ئامار و تەکنەلۆژیای هێزی دادوەری» ئەو ئیمکانە بۆ بەندی بڕەخسێنێ کە بە شێوازی ئەلەکترۆنی بڕیارنامەی پارێزەری ئامادە بکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە ڕێگای سامانەی خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنییەوە لەگەڵ پارێزەری خوازیاری خۆیدا پەیمانی پارێزەری ببەستێ.

دیداری بەندکراوی سیاسی و تۆمەتبار دەگەڵ پارێزەرەکەیان گرێدراوە بە پەسندکردنی بەیماننامەی پارێزەری لە لایەن ناوەندی دادوەرییەوە. (مادەی ٢١٥ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکرێت کە بە گشتی بەندییە سیاسی و بڕواییەکان بە بیانووی ئاسایش و هێمنایەتییەوە دادگایی و مەحکووم دەکرێن و ئاشکرایە هەر کاتێ باسی «بەندکراوە ئەمنییەتییەکان» بێتە ئاراوە، مەبەست بەندکراوانی سیاسی و بڕواییە. لە دەستوور و ڕێسای ڕێکخراوەی بەندیخانەکاندا نە تەنیا بە ئاشکرا جیاوازی و هەڵاواردن لە دژی بەندکراوانی سیاسی و بڕوایی دەبینرێ بەڵکوو لە ڕێسای دادپرسیی تاوانی چاککراوی ساڵی ١٣٩٤یشدا باوەکوو بە ڕوونی ئاماژە بەوە کراوە کە تۆمەتبار لەو کاتەوە دەخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە مافی ئەوەی هەیە پارێزەری جێی متمانەی خۆی هەبێت و وەکوو ئەرک خراوەتە ئەستۆی بەرپرسان ئەم مافە بە تۆمەتبار ڕاگەیەنن کە تا کاتی ئامادەبوونی پارێزەری جێی متمانەی خۆی

مافی ئەوەی هەبێت لە وڵامی پرسیارەکان خۆی ببوێرێ و بێدەنگ بێت؛ بەڵام لە هەڵسوکەوت دەگەڵ تۆمەتبارە سیاسی و بڕواییەکاندا ئەم مافەیان لێ زەوت کراوە.

تێبینی مادەی ٤٨ی چاککراوی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان بە شێوازێکی ئاشکرا مافی بەرگری و بەهرەمەندی تۆمەتبارانی سیاسی و بڕوایی و هەروەها ئەو تۆمەتبارانەی بە سزای قانوونی قورسی وەکوو سێدارە و سزاتۆڵە و بەندیخانەی تاهەتایی ڕووبەڕوون، لە بەرچاو نەگرتووە و لە قۆناخی لێکۆڵینەوە و لێپرسیەوەدا لە مافی خزمەتگوزاریی هەڵبژاردنی پارێزەری جێی متمانەی خۆیان، بێبەشی کردوون. لەم تێبینییەدا، ئەو دەستە تۆمەتبارە لە قۆناخی لێکۆڵینەوەدا تەنیا کاتێ دەتوانن پارێزەری دادگایان هەبێت کە لە نێوان پارێزەرەکانی جێی متمانەی سەرۆکی هێزی دادوەری پارێزەرێک بۆ خۆیان دیاری بکەن. بەم پێیە، سەرۆکی هێزی دادوەری لیستەیەکی لە پارێزەرانی جێی متمانەی خۆی بڵاو کردۆتەوە و بەم شێوازە تەنانەت مافی هەڵبژاردنی پارێزەریشی لەم بەندیيانە سەندۆتەوە. قانووندانەری کۆماری ئیسلامی بە سەپاندنی وەها جیاوازی و هەڵاواردنێکی نامرۆیانە لە ئاست مافی ئەم جۆرە تۆمەتبارانە، نە تەنیا ئەوانی لە مافی بەرگری و بەهرەمەندی لە دادپرسییەکی عادڵانە و دادپەروەرانە بێبەش کردووە بەڵکوو بڕیارە نێونەتەوەییەکانی خۆیشی ژێر پێخستووە. (تێبینی مادەی ٢١٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات و تێبینی مادەی ٤٨ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان)

## ئەگەر بەندی پارێزەری نەبێت، چۆن دەتوانێ پارێزەر هەڵبژێرێ؟

ئەگەر کەسێک پێش چوونە بەندیخانە یان گرتووخانە نەیتوانیبێ پارێزەر هەڵبژێرێ و وەکالەتنامەکەی واژۆ بکات، دەتوانێ داوا لە پارێزەری جێی متمانەی خۆی بکات بێتە بەندیخانە و وەکالەتنامەکەی پێ واژۆ بکات. ئەگەر کەسی بەندی یان دەسبەسەرکراو لە لایەن ناوەندی دادوەرییەوە سەردانی لێ قەدەغە کرابێ، بەرپرسانی بەندیخانە ئەرکی سەرشانیانە وەکالەتنامە لە پارێزەرەکەی وەرگرن و بیبەن بۆ بەندی بۆ ئەوەی واژۆی بکات.

بەم پێیە تەنانەت ئەگەر کەسێک تا پێش گرتنی یان بەندکردنی پارێزەری نەبێت. لە گرتووخانە یان بەندیخانە مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ پارێزەری هەڵبژێردراوی

خۆی وەکالەتنامە واژۆ بکات. بەندی بۆی هەیە داوا لە سەرۆکی بەندیخانە بکات ئەو هەلەی بۆ بڕەخسێنێ لەگەڵ پارێزەری جێیمتمانەی خۆی پەیمانی پارێزەری ببەستێت. بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراوەی بەندیخانەکان لە سەریەتی بە هاوکاری ناوەندی ئامار و تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندنی هێزی دادوەری، ئەو هەلە بۆ بەندی بڕەخسێنێ بڕیاری پارێزەری ئامادە بکات. (مادەی ٢١٦ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## بەندی لە مانگدا چەند جار دەتوانێ دیداری هەبێت؟

بەرنامەی دیداری گشتی لە لایەن سەرۆکی بەندیخانەوە ئامادە دەکرێت. ئەم بەرنامە دەبێ بە جۆرێک گەڵاڵە بکرێت کە هەموو بەندییەک لانیکەم لە هەفتەدا جارێک دیداری گشتیی هەبێت و ماوەکەیشی نابێ لە ٢٠ خولەک کەمتر بێت. (مادەی ٢١٣ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا بەندی دەتوانێ جیا لەو بەرنامەی بۆ دیداری گشتی دیاری کراوە لەگەڵ کەسانی دیکە دیداری هەبێت؟

بەڵێ. ئەگەر پێویست بێت، بەندی دەتوانێ لە کاتی ئیداری لەگەڵ کەسانی ئیزنپێدراودا دیداری هەبێت. ئەم پێویستییە لە لایەن سەرۆکی بەندیخانە یان بەرپرسانی دادوەری یان بەڕێوەبەری گشتی بەندیخانەکانی پارێزگاوە دیاری دەکرێت. واتە هەر کام لەم بەرپرسانە وای بە باش بزانن کە پێویستە بەندی لە کاتێکی جیا لە کاتی دیداری گشتی، لەگەڵ کەسانی ئیزنپێدراودا دیداری هەبێت، دەتوانێ فەرمان بدات بەندی لە کاتێکی ئیداری دیکەدا دیداری هەبێت.

سەبارەت بەو بەندییانەش کە بۆ چارەسەری ڕایاندەگوێزن بۆ نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی بەندیخانە، سەرۆکی بەندیخانە دەتوانێ بە ڕەچاوکردنی لایەنی ئەمنی و هەروەها ڕاوبۆچوونی ناوەندی تەندروستی و پزیشکی چارەسازی بەندی، هەلی دیداری حزووری ئەندامانی بنەماڵە لەگەڵ بەندیدا بڕەخسێنێ.

بەڵام هەندێ لە بەندکراوان بۆ وێنە بەندکراوانی سیاسی و بروایی، کاتێ لە نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی بەندیخانە لە ژێر چاوەدێری پزیشکیدان، تەنیا لە

حاڵەتێکا دەتوانن لە نەخۆشخانە لەگەڵ بنەماڵەیان دیدار بکەن کە دادستان یان سەرۆکی دادگا ڕازی بن. (مادەی ٢٢٢ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا بەندی یان کەسی دەسبەسەرکراو دەتوانێ لە کاتی دیداردا، لە بەندیخانەوە شتێک بدات بەو کەسانەی هاتوونە سەردانی یان شتێک لەوان وەربگرێت؟

بە گشتی هێنان و بردنی نامە یان شتی ئێزنپێدراو، بە بێ ئێزنی سەرۆکی بەندیخانە یان نوێنەرەکەی قەدەغەیە. بەم پێیە هێنان و بردنی نامە یان هەر شتێکی ئێزنپێدراو، گرێدراوە بە ئێزنی سەرۆکی بەندیخانە یان نوێنەرەکەیەوە. پێدانی پووڵی نەغد و ئاڵوگۆڕکردنی نامە یان هەر شتێکی دیکە لە نێوان بەندی و دیدەنیکەردا قەدەغەیە. ئەگەر لە کاتی دیداردا شتێک لە نێوان بەندی و دیدەنیکەردا ئاڵوگۆڕ بکرێت، کارگێڕی دیدار دەتوانێ دەستی بە سەردا بگرێت. لەم حاڵەتەدا ٢ ئەگەری دێتە پێشەوە:

١. ئەو شتانەی ئاڵوگۆڕ کراون شتانێکی ڕێگەپێدراون و لە باری یاساییەوە ڕاگرتنیان قەدەغە نییە. لەم حاڵەتەدا ئەو شتانە لە کۆتایی دیدارەکەدا ئەدرێتەوە بە دیدەنیکەران.

٢. ئەگەر ئەو شتانەی لە نێوان بەندی و دیدەنیکەردا ئاڵوگۆڕ کراون شتی قەدەغەکراو بن یان شتێک بن کە ڕاگرتنیان لایەنی تاوانکارییان هەبێ، ڕاپۆرتێک ئامادە دەکرێ و بابەتەکە بە سەرۆکی بەندیخانە ڕادەگەیەنن تا ئەویش ڕاپۆرتی بکات بە ناوەندی دادوەری پێوەندیدار. (مادەکانی ٢٢٠و٢٢١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

## ئایا بەندکراوانی بیانی کە کەسوکارێکیان لە ئێراندا نییە، ماوەی حەپسەکەیان هەمووی بە بێدیدار تێپەڕ دەکەن؟

بنەماڵەی ئەم بەندییانە دەتوانن بە هاتنیان بۆ ئێران، دیداریان لەگەڵ بکەن. دیداری کەسوکاری بەندیی بیانی دەبێ بە ئامادەبوونی تەرجومان ئەنجام ببێت، مەگەر ئەوەی لە کاتی دیداردا پێکەوە بە زمانی فارسی قسە بکەن. ئەم بەندییانە

دەتوانن بێجگە لە بنەماڵەیان، لەگەڵ نوێنەری سیاسی و کونسوولی وڵاتەکەی خۆیان دیدار بکەن. لەم حالەتەدا دەبێ ئەم پلەوپایەدارانە بە ناسێننامەی وەزارەتی دەرەوە و بڕیاری دادستانی گشتیی وڵات دیداریان لەگەڵ بکەن.

ئەو بەندییانەی کە وڵاتەکەیان لە ئێراندا نوێنەری سیاسی یان کونسوولییان نییە، دەتوانن لەگەڵ نوێنەری سیاسی یان کونسوولی ئەو وڵاتەی کە پارێزەری بەرژەوەندیی وڵاتەکەیانە ، دیدار بکەن.

ئەگەر بەندکراوی بیانی بڕیاری مسۆگەر بۆ مەحکوومبوونی نەدرابێ، بۆ دیدار لەگەڵ نوێنەری کونسوولی، بێجگە لەوەی کە دەبێ دادستانی گشتی وڵات پەسندی بکات، دەبێ دادوەری پێڕاگەیشتنی دۆسیەکەشی ڕەزامەندی خۆی دەرببڕێت. **(مادەی٢١٧ و تێبینی مادەی ٢١٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)**

دیداری بەندکراوی بیانی مەحکووم بە تاوانی ئەمنی، دەبێ بە ئامادەبوونی یەکێ لە کارمەندانی بەندیخانە بێتە ئەنجام کە زمانی کەسی بەندی بزانێ، یان دەبێ بە ئامادەبوونی نوێنەری چاوەدێری و ڕاگەیاندنی بەندیخانە و تەرجومانی جێی متمانە بێتە ئاراوە، مەگەر ئەوەی بە زمانی فارسی بئاخفن.

هەقدەستی تەرجومان لە ئەستۆی بەندی نییە و تێچووی تەرجومان لە ئەستۆی ڕێکخراوەی بەندیخانەکانە. **(مادەی ٢١٨ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)**

## ڕاگواستن، بەڕێکردن و ڕەوانەکردنی مەحکووم

کەسی بەندی یان دەسبەسەرکراو هەر لەو شوێنە دەورانی حەپسەکەی تێپەڕ دەکات کە بڕیاری دەسبەسەربوونی دەرچووە. کەوابوو ئەگەر بڕیاری قۆڵبەستکردنی تۆمەتبارێک لە شاری تاران دەرکرابێت، لە باری یاساییەوە ناردنی بۆ گرتووخانە یان بەندیخانەیەکی دەرەوەی تاران ناڕەوایە؛ مەگەر ئەو بەندییانەی کە ناوەندی دادوەری پێوەندیدار، بە پێی یاسا شوێنێکی دیکە بۆ تێپەڕکردنی سزاکەیان دیاری بکات.

بۆ نموونە لەوانەیە کەسێک لە تاران دادگایی کرابێت و بە حەپس مەحکووم کرابێت، بەڵام شوێنی ژیانی بنەماڵەکەی پارێزگای خووزستان بێت. لەم حاڵەتەدا

دادوەر دەتوانێ بڕیار بدات کە شوێنی کێشانی سزای حەپسەکەی خووزستان بێت بۆ ئەوەی بنەماڵەکەی بە سانایی بتوانن سەردانی بکەن.

بەندی خۆیشی دەتوانێ داوا بکات بۆ ئاسایشی بنەماڵەکەی و بۆ کەڵکوەرگرتن لە مافی دیداری هەفتانە، ڕایگوێزن بۆ نزیکترین بەندیخانەی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکەی. (مادەی ٥١٣ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان و مادەکانی ٢٤٤ و ٢٤٥ و ٢٤٧ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

لەوانەیە لەو ماوەیەدا کە بەندی خولی حەپسەکەی تێپەڕ دەکات، لە شارێکی دیکە لە دژی ئەو دۆسییەیەکی دیکە بێتە سازکردن و بە گوێرەی فەرمانی ناوەندی دادوەری بڕیار بێت بەندی بۆ ماوەیەک وەکوو تۆمەتبار ڕاگوێزرێت بۆ ئەو شارە. لەم حاڵەتەدا بەرێوەبەری بەندیخانە ناتوانێ لە ناردنی سەرپێچی بکات؛ بەڵام سەرەڕای ناردنی بەندی بۆ شوێنی مەبەست، بەرێوەبەری بەندیخانە لە سەریەتی بابەتی ڕاگواستنەکەی بە ناوەندی دادوەری پێوەندیدار واتە دادگای بڕیاردەری حەپسی بەندی ڕاگەیەنێت. (مادەی ٢٥٠ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

کاروباری پێوەندیدار بە ناردن و بەڕێکردن و ڕاگواستنی کەسی بەندی و دەسبەسەرکراو بۆ دەرەوەی گرتووخانە و بەندیخانە لە ئەستۆی هێزەچەکدارەکانی پۆلیسی ڕێکخراوەی بەندیخانەکانە. لەم جۆرە بابەتانەدا کەڵکوەرگرتن لە کەلەبچە پێویستە و کردنەوەی کەلەبچە تەنیا لە کاتی ئامادەبوون لە ناوەندی دادوەری و بە فەرمانی دادوەری دەبێت. بەڵام کەڵکوەرگرتن لە پێوەن لە کاتی ڕاگواستنی بەندی بۆ دەرەوەی بەندیخانە قەدەغەیە؛ مەگەر سەرۆکی بەندیخانە کەڵکوەرگرتن لە پێوەن بە پێویست بزانێت، یان ئەو تاوانەی بەندی پێی مەحکووم کراوە یان ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ تۆمەتبار، تاوانی توندوتیژانە بێت و سەرۆکی بەندیخانە یان جێگرەکەی و فەرماندەی یەکینەی پاراستن، کەڵکوەرگرتن لە پێوەن بە پێویست بزانن. (مادەی ٢٥١ی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات)

**لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی دیکە بکەین:**

**تێبینی١:** ڕوون و ئاشکرایە کە بە کارهێنانی هەر جۆرە دەرمانێک (بریتی لە

کوتان، خۆراکی، هەڵمژین، پێست، ناوەوەی ڕێکتاڵ و واژیناڵ) دەبێ بە ڕەزابوونی نەخۆش بێتە ئەنجام؛ تەنانەت ئەگەر نەخۆشەکە بەندکراویش بێت. هەر بەو جۆرەی لە کاتی ئازادیدا هیچ پزیشکێک ناتوانێ بە زۆرەملی دەرمان بە نەخۆش بدات. لە بەندیخانەش هیچ پزیشک و بەرپرسێک مافی ئەوەی نییە بە زۆرەملی دەرمانێک بدات بە بەندی ئەگەر خۆی ڕازی نەبێت. ئەگەر کەسی بەندکراو بە هۆی بێمتمانەیی بە پزیشک و کادری دەرمانی، دەرمانەکەی نەخوات و لە هەمان کاتدا زۆر پێویستی بە خواردنیان بێت، بەرپرسانی بەندیخانە لە سەریانە بە دانی «مەرەخەسی دەرمانی» سلامەتی بەندی دەستەبەر بکەن.

**تێبینی ٢:** بە داخەوە سەبارەت بە هەندێ لە بەندکراوانی سیاسیەوە کە بە هۆکاری جۆراوجۆری وەکوو مانگرتن لە خواردن، نەخۆشین یان ئێعدامەوە گیانیان بەخت دەکەن، کارگێڕانی ئاسایش بە هاوکاری بەرپرسانی بەندیخانە لە ڕادەستکردنەوەی تەرمی بەندکراو بۆ بنەماڵەکەی خۆ دەبوێرن کە ئەم کارە پێشێلکردنی یاسا و ڕێسایە و بە تایبەت ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان. زۆر جاریش بە بێ ئاگاداری بنەماڵەی، لە شوێنێکی نادیاردا دەینێژن کە تەنانەت بنەماڵەی لە دیداری سەر گڵکۆکەشی بێبەش دەکەن. بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە خۆسەرانەیە و لە گەڵ هیچ یاسا و ڕێسایەک نایەتەوە. بنەماڵەکان مافی ئەوەیان هەیە لە دژی سەرۆک و بەرپرسانی بەندیخانە و هەموو ئەو کارگێڕانەی دەستیان لەم بابەتەدا هەبووە سکاڵا تۆمار بکەن.

⌧

دەقی ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە ئەمنییەکان

## ڕێسای بەڕێوەبەری شێوازی بەڕێوەبردنی گرتووخانە ئەمنییەکان

**لە بەڕێوەبردنی مادەی ٩ی قانوونی گۆڕینی شووڕای سەرپەرشتی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات بۆ ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات، پەسندکراوی ساڵی ١٣٦٤ و بە مەبەستی چاکسازی و ڕاگرتنی تۆمەتبارانی تاوانەکانی دژی هێمنایەتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و بە سەرنجدان بە دۆخی تایبەتی ئەوان و پێکهێنانی بەستێنی لە بار و گونجاو بۆ پاراستنی مافی هاووڵاتیبوونی ئەم تۆمەتبارانە، ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە ئەمنییەکان بەو لێکدانەوەی خوارەوە پەسند دەکرێت.**

### مادەی ١

ئ. گرتووخانەی ئەمنی

گرتووخانەی ئەمنی شوێنی ڕاگرتنی ئەو تۆمەتبارانەیە کە لە باری هەستیاری ئەمنی و سوپایی و بە بڕیاری نووسراوی ناوەندە شیاوە دادوەرییەکان، تا کاتی بڕیاری کۆتایی دەیاننێرنە ئەوێ و لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵاتدا بە ڕێوە دەچن کە لەم دەستوودەردا بە کورتی پێی دەڵێن: «ڕێکخراوە».

تێبینی: گرتووخانە ئەمنییەکان تەنیا پێوەندیی هەیە بە تۆمەتبارانی تاوانە ئەمنییەکان و ناوەندەکانی دادوەری لە ناردنی تۆمەتبارانی دیکە بۆ ئەم گرتووخانە خۆ دەبوێرن.

ب. ناوەندەکانی ئاسایش
ناوەندەکانی ئاسایش، ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوەگەلەن کە بە پێی قانوون لە پێناو دابینکردنی هێمنایەتی وڵاتدا ئەرکی تایبەت بە خۆیان لە ئەستۆدایە و بریتین لە: وەزارەتی ئیتلاعات، ئیتلاعاتی سپای پاسداران، ئیتلاعاتی پۆلیس و ڕێکخراوەی پاراستنی هێزە چەکدارەکان.

## مادەی ٢

جیا لە دادوەری پێڕاگەشتنی دۆسییە، ئەرکی سەرشانی دادستان یان نوێنەرەکەیەتی لانیکەم ١٥ ڕۆژ جارێک سەردانی ئەو گرتووخانەگەلە بکەن و لە ڕاپۆرتێکدا بە سەرۆکی هێزی دادوەریی ڕاگەیەنن.

## مادەی ٣

لە بەندیخانەی ناوەندیی هەر پارێزگایەکدا، گرتووخانەیەکی ئەمنی ساز دەکرێت و لەودا بە پێی پلەبەندی تۆمەتبار لە بواری پێوەندی بە ناوەندە ئەمنییەکان و چۆنیەتی بارودۆخی ڕاگرتن دێتە ئاراوە.

تێبینی ١: ئەگەر بە هۆی کەمبوونی شوێن لە بەندیخانەی ناوەندی یان نەبوونی بارودۆخێکی گونجاو، ئیمکانی ئەوە نەبێت لە بەندیخانەی ناوەندی گرتووخانە ساز بکرێت، ناوەندە ئەمنییە پێوەندیدارەکان لە سەریانە بە پێی بابەت هەنگاو بنێن بۆ دابین کردنی شوێنی گونجاو کە جێگای پەسندی ڕێکخراوە بێت.

تێبینی ٢: ئەگەر بێجگە لە ناوەندی پارێزگا لە شارەکانی دیکەش سازکردنی گرتووخانە پێویست بێت، بە داخوازی سەرترین پلەی ناوەندی ئەمنی

پێوەندیدار و پەسندی سەرۆکی هێزی دادوەری، ڕێکخراوە هەنگاو دەنێ بۆ سازکردنی ئەو گرتووخانە. لەم حاڵەتەدا شوێنەکەی لە لایەن ناوەندی داواخوازەوە دابین دەکرێ و پاشان ڕادەستی ڕێکخراوە دەکرێت.

## مادەی٤

پاش پەسندکردنی لێوەشاوەیی ئەمنی و هەبوونی مەرجە پێویستەکان، بەرپرسی گرتووخانەکان لە نێوان پێرسۆنێلی فەرمی ڕێکخراوە و لە لایەن سەرۆکی ڕێکخراوەوە دیاری دەکرێت.

**تێبینی:** کارمەندی ئەم گرتووخانەگەلە لە نێوان کارمەندانی خاوەن مەرجی ڕێکخراوە هەڵدەبژێردرێن و پاش ئەوەی شیاوبوونیان لە لایەن ناوەندی ئەمنی پێوەندیدار پەسند بکرێت، دێنە سەر کار، یان لە ناوەندی ئەمنی پێوەندیدار بە ڕێکخراوەوە ڕیاندەهوێزن بۆ ئەوێ.

## مادەی٥

ستانداردی ڕاگرتن و شێوازی بەڕێوەبەرایەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەو گرتووخانەگەلەدا، بە پێی ڕێسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوەیە و بەخشنامەی دەرکراو لە لایەن سەرۆکی ڕێکخراوەوە دەبێ لە گرتووخانەکانیش بەڕێوە بچێت.

**تێبینی:** بەرپرسان و کارمەندانی گرتووخانەکان دەبێ بە پێی قانوونی پاراستنی مافی شارۆمەندی، مافی تۆمەتبار ڕەچاو بکەن.

## مادەی ٦

بەرپرسانی گرتووخانەکان لە سەریانە هەموو مانگێک ئاماری ناوی ئەو تۆمەتبارانەی لای ئەوانن بە نهێنی و ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی ڕێکخراوەی ڕاگەیەنن. ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێکخراوە بە ڕەچاوکردنی یاسای پلەبەندی لە پاراستن و کەڵکوەرگرتن لەو ئامارە، بەوپەڕی وردبینییەوە هەوڵی خۆی دەدات.

## مادەی٧

لە بنیاتنان و ڕێخستن و بەڕێوەبردنی هەموو گرتووخانەکاندا دەبێ ناوەرۆکی ئەم دەستوورە ڕەچاو بکرێت و دادگاکان و ناوەندەکانی دادوەری دەبێ لە ناردنی تۆمەتباران بۆ ناوەندەکانی دەرەوەی چاوەدێری و بەڕێوەبەری ڕێکخراوە، خۆ ببوێرن. ڕوون و ئاشکرایە لە ئەگەری سەرپێچیدا، بە پێی دەستوور لە گەڵ سەرپێچیکاران هەڵسوکەوت دەکرێت.

## مادەی ٨

ئەم ڕێسا و دەستوورە لە ٨ مادە و ٥ تێبینی و لە ڕێکەوتی ١٣٨٥/٨/٣٠ دا پەسند کرا و لە ڕێکەوتی پەسندکردنەکەیەوە هەموو گرێبەستەکانی نێوان ڕێکخراوە و ناوەندە ئەمنییەکان هەڵدەوەشێنەوە.

**واژۆ: سەرۆکی هێزی دادوەری**
**سەید مەحموود هاشمی شاهڕوودی**



## دەقی دەستووری بەڕێوەبەری گرتووخانە کاتییەکان

**بە پەسندکردنی بەرەنجامی مادەی ٩ی قانوونی گۆڕینی شووڕای سەرپەرشتی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات بە ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵات، پەسندکراوی ساڵی ١٣٦٤، دەستووری بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە کاتییەکانی تۆمەتباران بەو شێوازەی خوارەوە پەسند دەکرێت:**

### مادەی ١

گرتووخانە کاتییەکان کە لەم دەستوورەدا بە کورتی پێی دەڵێین «گرتووخانە». لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکانی وڵاتدا پێکهاتووە کە لە مادەکانی دواتردا بە کورتی پێی دەڵێین «ڕێکخراوە».

### مادەی ٢

گرتووخانە تایبەت بە ڕاگرتنی ئەو تۆمەتبارانەیە کە بە هۆی ئەوەی بڕیاری دەستەبەرییان بۆ دەرکراوە، دەسبەسەرن.

**تێبینی ١:** لەم گرتووخانە تەنیا تا ٣٠ڕۆژ دەتوانن تۆمەتبار ڕاگرن. ئەگەر تۆمەتبارێک لەم ماوەدا ئازاد نەکرێت، دەبێ ڕایگوێزن بۆ گرتووخانەی گشتی.

**تێبینی ٢:** بە پێی بڕیاری شوورای دیاریکردنی بڕیار لەم دەستوورەدا، دەکرێ زیاتر لە ٣٠ ڕۆژیش لەم گرتووخانە تۆمەتبار ڕاگرن.

## مادەی ٣

لە هەر گرتووخانەیەک شوورایەک لە ژێر ناوی «شوورای دیاریکردن» پێک دێت کە ئەندامەکانی بریتین لە: دادوەری چاوەدێر، سەرۆکی گرتووخانە، بەرپرسی تەندروستی و دەرمان و ئاریکاری کۆمەڵایەتی.

**تێبینی ١:** سەرۆکایەتی شوورای دیاریکردن لە ئەستۆی دادوەری چاوەدێرە و بەرپرسی گرتووخانە وەکوو جێگری سەرۆک و مونشی کارەکان ڕادەپەڕێنن.

**تێبینی ٢:** دانیشتنەکانی شوورای دیاریکردن هەفتەی جارێک بەڕێوە دەچێت و بەڵێنەکانی شوورا بە زۆرینەی دەنگ جێبەجێ دەکرێن.

## مادەی ٤

ئەرکەکانی شوورای دیاریکردن بریتین لە:

ئ. چاوەدێری بە سەر بەڕێوەچوونی دروستی ئەم دەستوورەدا.

ب. دانی مەرەخەسی پاش هاوئاهەنگی لەگەڵ دادوەری دەرکەری بڕیار یان دادستان.

ج. ڕاگەیشتن بە سەرپێچی تۆمەتباران و بەڵێنی دیسیپلینی سەبارەت بە ئەوان.

## مادەی ٥

دادوەری چاودێری گرتووخانەکان لە نێوان دادوەرەرانی بە ئەزموونی دادگای ناوچە و لە لایەن دادستانی ناحیەی پێوەندیدارەوە هەڵدەبژێردرێ و ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆیە:

**١.** چاودێری بە سەر دۆخی دادپرسیی تۆمەتباران و هەنگاوی پێویست بە مەبەستی ئازادیی ئەوان.

**٢.** دەرکردنی بڕیاری قەبووڵکردنی کەفالەت یان بارمتە هەر بەو ڕادەی ناوەندی

دادوەری دیاریی کردووە، ئەگەر ناوەندی دەسبەسەرکەر لە هەوێڵدا نەبن.
**٣.** یارمەتی تۆمەتباران لە بواری دادوەرییەوە.
**٤.** جێبەجێکردنی هەمووی ئەو ئەرک و ڕێسا پێوەندیدارانەی لەم دەستوورەدا ڕەچاو کراون.

## مادەی ٦

سەرۆکی گرتووخانە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی بەندیخانەکانی پارێزگاوە دیاری دەکرێتن، دەبێ لە نێوان کارناسانی بە ئەزموونی هەڵبژێرن و لانیکەم ٧ ساڵ پێشینەی کاری و هەڵسوکەوتی باشی هەبێت و لە کۆتاییدا بە پەسندی کۆمیتەی دامەزراندن، دادەمەزرێت.

## مادەی ٧

لەو ناوەندە دادوەرییانەی کە گرتووخانەی کاتی دادەمەزرێن، بەندیخانە و گرتووخانە گشتییەکان بۆیان نییە تۆمەتباری چوارچێوەی ئەم دەستوورە لەو ناوەندە وەربگرن، مەگەر ئەوەی کە ئاماری تۆمەتباری گرتووخانەی ناوبراو زۆر بێت و جێگایان نەمابێت، لەم حاڵەتەدا گرتووخانە گشتییەکان بە ئیزنی بەڕێوەبەری گشتی بەندیخانەکانی پارێزگا دەتوانن ئەو تۆمەتبارانە وەربگرن.

## مادەی ٨

تۆمەتبارانی تاوانی مادەی هۆشبەر، دزیی چەکدارانە، هەوڵێ تێکدانی ئاسایشی وڵات، ڕفاندنی ئینسان، کوشتنی بە ئەنقەست، چەقۆکێشان، توندوتیژی، کەسانی شەڕاشۆ و ئەو کەسانەی ناوەندی دژە ئەخلاقی دەکەنەوە، ناچنە بازنەی ئەو مادەی سەرەوە. هەروەها شوورای دیاریکردن دەتوانێ لە هەندێ لەو تۆمەتبارانەی کە تاوانەکەیان جیا لەوانەی سەرەوە بێت بەڵام ڕاگرتنیان لەم ناوەندانە بە سەڵاح نەبێت، خۆی ببوێرێ.

## مادەی ٩

هاوکات لەگەڵ هاتنە ژووری تۆمەتبار کارتی وێنەی لێ هەڵدەگیردرێ و چوونە دەریشیان پاش بەراوردکردن و نووسینی بابەتی چوونەدەرەوەی، دەبێ لە دەفتەری تایبەتیدا تۆمار بکرێت. سەرۆکی ناوەند لە سەریەتی هاوکات لەگەڵ هاتنەژووری تۆمەتبار، لە ڕێسا و ڕێوشوێنی ناوەند و مافەکانی ئاگاداری بکات و بە سەردانی ڕۆژانەی چاوەدێری بەڕێوەبردنی ڕێساکان بکات.

## مادەی ١٠

تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە هەموو ڕۆژێک لە سەعاتی ٨ تا ٢٠ لەگەڵ پارێزەر و کەس و کاریدا بە شێوازی حزووری و ئازادانە لە شوێنی تایبەت دیدار بکات، مەگەر ئەوەی کە بە پێی ویستی شوورای دیاریکردن، دیداری وی لەگەڵ کەسانی دیکە -بێجگە لە پارێزەر- ببێتە هۆی تێکدانی نەزم و ئاسایشی گشتی و ڕەوتی دادگاییکردن، یان لە بڕیاری دەرکراودا بە ڕاشکاوی لێی قەدەغە کرابێت، لەم حاڵەتەدا دیدار لەگەڵ تۆمەتبار تەنیا بە ئیزنی نووسراوی ناوەندی دەرکەری بڕیار مەیسەر دەبێت.

**تێبینی:** سەرۆکی گرتووخانە لە سەریەتی بۆ دیدارو چاوپێکەوتن و ئامادەکردنی وەکالەتنامە شوێنی گونجاو دابین بکات و لەگەڵ پارێزەر یان پارێزەرەانی تۆمەتبار بە ڕادەی پێویست هاوکاری بکات.

## مادەی ١١

تۆمەتبار ئیزنی ئەوەی هەیە بڵاڤۆک و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بکرێت و لە هەموو کاتەکاندا لە ڕاگەیەنە گشتییەکان کەڵک وەربگرێت. مەگەر ئەو بابەتانەی لە باری شەرعی و قانوونییەوە قەدەغەن.

**تێبینی:** تۆمەتبار دەتوانێ لە کەلوپەلی تایبەتی خۆی وەکوو مۆبایل و کامپیۆتێر کەڵک وەربگرێت.

## مادەی ١٢

گرتووخانە دەبێ بە چاودێری ئاساییەوە ساز بکرێت و شێوازی ڕاگرتنی تۆمەتبار بە پێی ڕێسای پەسندکراو لە لایەن ڕێکخراوە و بە ڕەچاوکردنی تێبینییەکانی ژێرەوە و مادەی ١١ی ئەم دەستوورە دەبێت. سازکردنی بورجی ئێشکگری و کەڵکوەرگرتن لە تێلدڕوو بە دەوری گرتووخانەدا قەدەغەیە.

## مادەی ١٣

تۆمەتبار لە گرتووخانەدا لە ژووری خاوەن پێداویستی گونجاو و هەواخۆری پێویست و بە شێوازی شوێنی نیشتەجێبوون ڕادەگیردرێ.

**تێبینی ١:** ژووری ئەم گرتووخانەگەلە بێجگە لە شوێنی هەواخۆرییەکەی، بۆ هەر کەسێک لانیکەم دەبێ ٧ مەتری دووجا بێت.

**تێبینی ٢:** بێجگە لەو خزمەتگوزارییانەی لەم دەستوورەدا ئاماژەیان پێکراوە، تۆمەتبار دەتوانێ بە تێچووی خۆی خزمەتگوزاریی دیکەش بۆ خۆی دابین بکات.

## مادەی ١٤

لە هەر ناوەندێکدا کۆڕی ڕاوێژکاری و هاوکاری یاسایی و ئاریکاری پێک دێت کە دەپەرژێتە سەر خزمەتگوزاری تایبەت بۆ تۆمەتبار.

**تێبینی ١:** بۆ هەر ٥٠ کەس تۆمەتبار، ئاریکارێکی کۆمەڵایەتی و کارناسێکی یاسایی دادەمەزرێنن.

## مادەی ١٥

تۆمەتباران لە بابەتەکانی دیکەدا، لە هەموو مافەکانی دیاریکراو لە ریسای بەڕێوەبەری ڕێکخراوە کە لە ڕێکەوتی ١٣٨٤/٩/٢٠ دا پەسند کراوە دەتوانن بەهرەمەند بن، هەر وەها بابەتەکانی دیکەی پێوەندیدار بە ڕاگرتنی تۆمەتبار کە لەم دەستوورەدا سەرپۆشیان لە سەر دانراوە، پێڕەوی هەمان دەستوور دەبێت بەو مەرجەی لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم دەستوورەدا ناتەبا نەبن.

**مادەی ١٦**

سەرۆکی گرتووخانە لە سەریەتی بە هاوئاهەنگی ناوەندە پێوەندیدارەکان، بواری دامەزراندنی لقێکی شووڕای چارەسەری ناکۆکی لە ناوەند پێک بێنێت.

**مادەی ١٧**

ئەم ناوەندانە بە پێشنیاری بەڕێوەبەری گشتی بەندیخانەکانی پارێزگا و پەسندکردنی سەرۆکی ڕێکخراوە دادەمەزرێن. دەرکردنی مۆڵەتنامەی دامەزرانی ئەم گرتووخانەگەلە لە شارە جیاجیاکاندا بە پشتبەستن بە بڕگەی (ئ)ی مادەی ٢ی قانوونی گۆڕینی شووڕای سەرپەرشتی بە ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و هەوڵە ئاسوودەیی و پەروەردەییەکان تەنیا لە دەسەڵاتی ڕێکخراوەدا دەبێت کە بە هۆی دابین نەکردنی بوودجە و پێداویستیەکانی لە ساڵی یەکەمدا لە هەندێ شاردا لە لایەن ڕێکخراوەوە دادەمەزرێت.

**مادەی ١٨**

لە ڕێکەوتی پەسندکردنی ئەم دەستوورەوە هەموو ڕێسا و دەستوورێکی ناتەبا لە بەشی ناتەبایی بە نیسبەت ئەم گرتووخانەگەلە پێویست بە جێبەجێکردن نابن.

**مادەی ١٩**

ئەم دەستوورە لە ١٩ مادە و ١٠ تێبینی لە ڕێکەوتی ١٣٨٥/٨/٣٠دا پەسند بووە و لە ڕێکەوتی پەسندبوونەکەیەوە دەبێ جێبەجێ بکرێت.

**واژۆ: سەرۆکی هێزی دادوەری**
**سەید مەحموود هاشمی شاهڕوودی**

» بەو هیوایەی لە داهاتوویەکی نێزیکدا، چیدیکە جێگای چالاکانی سیاسی و بڕوایی وڵاتەکەمان، بەندیخانە نەبێ و هیوادارم بە هەڵسوکەوتی دروست، بە دواداچوونی زانستیانە بۆ تاوان و جینایەت بکرێت و بە پشتبەستن بە یاسا و ڕێسا نەریتییەکان ئاستی هەڵە و تاوانەکان کەم ببێتەوە و وەکوو وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بەندیخانە ببێتە شوێنی ڕابوون و پەروەردە و ئامادەکاری بەندییەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا و دەسپێکی کار و ژیانێکی بێ داڵغە.

**مەناز پەراکەند**

بنیاد شیرین عبادی
SHIRIN EBADI FOUNDATION

https://shirinebadifoundation.org